عیراقێک کە خوا، دایمەزراندبێ
تۆوی دوو قەومی، تێدا چاندبێ
چۆن ڕێی تێدەچێ، کە ڕێی بێگانە
بکەوێتە ناو، ئەم جێ و مەکانە

---

(١) پیرەمێرد ساڵی ١٩٤٥ ئەم شیعرەی نووسیوە. جاری دووەمیش بەشێوەیەکی جیاواز لە ساڵی ١٩٤٧دا بڵاوی کردۆتەوە. ئێمە هەردووکیان دەنووسین. شایانی باسە پارچە شیعری دووەم لە دیوانی م. ه دا نییە.

هەمان شیعر بەهەندێ جیاوازییەوە ساڵی ١٩٤٧:

هەرچی پێشمان کەوت، کێشاینیە ژێر بار
لە ئێمەی ڕوو دا، چە گورگ و چە سوار
بەردێکین لەناو قۆچەقانیدا
ئەگەڕێین بەدەور سەری خانیدا
کەچی فڕێمان ئەدەن لە گۆترە
تا دوورتر بڕۆین، لایان خۆشترە
بەباڵی خەیاڵ، بەلاف و گەزاف
هەڵمان ئەفڕێنێ بۆ سەر کێوی قاف
ئێمە لە خاکی عیراقا ئەژین
لە شوێنی باو و باپیر چۆن دەرچین

***

١٩٤٨

ئەو جەژنەی میللەت تێیدا کەساسە(١)
من سەرم شینە و بەرگم پەلاسە
مەڕ سەربڕینە، قۆچی قوربانە
قوربانی ئێمە، کچ و کوڕمانە
با، گرتن، تەمی ترسم لێ لابا
بریندار نەبێ، شێر هەڵمەت نابا
کوڕگەل، بەگاڵتە، بڵێن بەدوژمن
کەوتن بۆ ئەوە و، سەرکەوتن بۆ من

قوربانی ئێمە، زۆر پەسەندترە
هی حاجی مەڕە، ئێمە، کچ، کوڕە

---

(١) مامۆستای شاعیر محەممەد ساڵح دیلان بۆی گێڕامەوە کە ساڵی ١٩٤٨ داوای شیعرێکی لە پیرەمێرد کردووە بۆ نەورۆزی ئەو ساڵە. پیرەمێردیش ئەو شیعرەی بۆ ناردوون، بەڵام مامۆستا دیلان بەدڵی نەبووە کە بیکات بەسروود و ئاوازی بۆ دابنێت. دوایی، پیرەمێرد شیعرە بەناوبانگەکەی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)ی بۆ ناردووە و ئەویش وەک لای هەمووان لە گوێماندا دەزرنگێتەوە بۆ یەکەمجار بەدەنگی دیلان ساڵی ١٩٤٨ بوو بەو سروودە.

***

نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە، بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە، پێ پەست بوو، تاکو پار
هەرخوێنی لاوەکان بوو، گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو، کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی، بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو، ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعەشق ئەچوون، بە بەرەو پیری مەرگەوە
ئەوا ڕۆژهەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە، بەڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە، ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە، سنگی کچان بێ، لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن، شیوەن و گرین(١)
نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میللەتا ئەژین

---

(١) مامۆستا م.ه. لە پیرەمێردی نەمردا لاپەڕە ١١٧ دەربارەی ئەم شیعری نەورۆزە نووسیویە:
«لەبیرم دێ ڕۆژێک دەمەدەمی عەسر بوو، لە شاری سلێمانی، وابزانم ساڵی ١٩٤٨ بوو، لاوان بەکوڕ و کچەوە، بەناو شاری سلێمانیدا بەشەقامەکاندا خۆپیشاندانێکی گەورەیان نواند، شاری سلێمانی بەتەواوی سامی لێ نیشتبوو. کۆنەپەرست و دوشمنانی گەل بەسەرشۆڕییەوە ئەیان ڕوانیە دیمەنی ئەم لاوە خوێن گەرمانە، ئەو ڕۆژانە ڕۆژەکانی ڕاپەڕین بوو، لە شاری هەڵمەت و قوربانیدا وەکو هەموو شوێنەکانی تری عیراق.

لەو خۆنیشاندانەدا، تاقمێک کوڕ و کچی مناڵ لە پێش هەموانەوە ئەڕۆیشتن، سەرو چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگیان بەدەستەوەبوو، هەموو ڕوویان ئەکردە گردی سەیوان، بۆ ئەوەی ئەو چەپکە گوڵانە لەسەر گۆڕی شەهیدانی ڕێی ئازادی، کوردستان دابنێن. لەو کاتەدا پیرەمێرد لەبەر دەرگای سەرادا لەبەر دوکانەکەی وەستا حەمە سەعیدی خەیاتا بەخۆی و بۆرە گاڵۆکیەوە ڕاوەستابوو، چاوەکانی بڕیبوە شەپۆڵی ئەو لاوە سەربەرزە نەبەردانەی کە هەموو قین و بێزاری و تووڕەییان لێ ئەتکا، بەرامبەر بەدوشمنانی گەل. پیرەمێرد جاروبار شانی هەڵئەتەکاند و تفی قووت ئەدا. ڕەنگێکی ئەهێنا و ڕەنگێکی ئەبرد. لە دڵی خۆمدا وتم دیارە خاڵە شتێکی پێیە لەوکاتەدا یەکێک لە نزیک پیرەمێردەوە ڕاوەستابوو، توانجێکی زۆر ناڕەوا و بێ سەروپێی گرتە پیرەمێرد، بەڵام پیرەمێردی دڵپاکی دڵسۆز بۆ گەل، ئەو پیرەمێردەی کە دڵی تەنها بۆ خۆشەویستی گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کردبوو، ئەو جۆرە توانج و قسە پڕوپووچانە لە کوێ کاری تێ ئەکرد.

لەدواییدا بیستم کە شەو دایەت و میوانەکانی قەڵەندەرخانە گرد ئەبنەوە پیرەمێرد ئەڵێ جەمیل (نیازی لە جەمیل صائبی خوشکەزایەتی) کچ و لاوەکانی ئەمڕۆت دی؟، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ: بەڵێ خاڵە(*). پیرەمێرد ئەڵێ، دەگوێ بگرە، ئەم هەڵبەستەم پێشکەش بەوانە کردووە.

(*) خاڵە: زۆر کەس لە زمانی خوشکەزاکانی پیرەمێردەوە پێیان ئەوت (خاڵە).

***

نەشیدەی زانستی بۆ نەورۆز(١)

١٩٣٦

ئەمڕۆ نەورۆزە، وا گوڵ پەیدا بوو
لە عەشقی گوڵدا، بولبول شەیدا بوو
بولبول لەسەر گوڵ، مانگی بەبانگە
خوێندنی ئێمە ساڵ دوانزە مانگە
ئەو تەنها بۆ گوڵ، سەردەر هەوایە
ئێمە سەربەرزی قەومان هیوایە
بولبول لە عەشقی گوڵدا بەسۆزە
سۆزی ئێمە بۆ دایکی دڵسۆزە
بولبول لەبەرگی، گوڵ پەیدا نابێ
ئێمە لەم خاکەین، یاخوا ئاوابێ
بولبول ئەتۆرێ، چون بێ وەفایە
ئێمە ڕیشەمان لەم خاکەدایە
بولبول دەڕەنجێ، بەجەفای خاشاک
ئێمە بۆ سوجدە، سەر دەخەینە خاک

وا دایکی وەتەن، هات و دەفەرموێ
من نەغمەی ڕۆڵەی، زانستیم(٢) ئەوێ
چونکە زانستی، جێگای هیوایە
میللەت بەزانست، لە برەو دایە
زیرەکی ئێمە، لەگەڵ زانستی
ئەگەر یەک کەون ناکەونە پەستی

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا چاپ نەکراوە. پیرەمێرد لە (ژیان)ی ژمارە ٤٧٠ی ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوی کردۆتەوە.

(٢) سەبارەت بە (کۆمەڵی زانستی و قوتابخانەی زانستی) تەماشای کتێبی (کۆمەڵی زانستی) غەفوری میرزا کەریم بکە، ساڵی ١٩٨٥ لە چاپ دراوە.

***

تاکە بەیت

١٩٣٤

مەولەوی ئێمە و مەولانای ڕۆمی
ئەویان نەی، ئەمیان، ناڵەی مەعدوومی

***

بەهار و نەورۆز(١)

١٩٤٤

یاران بەهارە،
شنەی پڕ نەشئەی، بادی بەهارە
لالە ئاگری، ناو چیمەن زارە
ئاگری نەورۆزیش لە گردی یارە
پێشخانەی نوورە، بۆ ئەم دیارە
ئەو ئاگرەی مووسا، دی لەکێوی (طوور)
بۆ ڕێی سەربەرزی، بوو بەگڕی نوور
ئاگری نەورۆزیش، لە نزیک و دوور
بۆ ڕێی کورد ئەبێ بەچرای سروور
مەشخەڵی نووری پەروەردگارە

ئەو شەوەی وتیان، ئەمشەو نەورۆزە
جۆشا و خرۆشا ، لاوی ئەم هۆزە
دەهۆڵ و زوڕنا و ، جەژنە پیرۆزە ،
ئاگرەکەی گردی یارە بەسۆزە
ڕووناکی بەختی بەخشی، بەم شارە
ئەمە جەژنێکی باوک و باپیرە
نەورۆزنامەیان، ئێستاش لەبیرە
دەهۆڵ و زوڕنا و شایی هی پیرە
نازانین بۆچی هاوسێ دڵگیرە
کولەوەیبابمان مارێکی هارە

---

(١) ئەم شیعره لە دیوانی م. ه دا بلاو نەکراوەتەوە.

***

نەورۆزنامەی نەسرین و پەروین(١)

پار دێتە بیرم وەک خەوێ
کە دیبێتم(٢) پێرێ شەوێ
ساڵێکی وا تازەم دەوێ
کە کورد بەهاری بەرکەوێ
وەتەنی پێ بیت بەگوڵزار
مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە
ئاگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
گژوگیا و گوڵ ژیایەوە
نوخشەش بێ لە کوردی هەژار
گوڵ بەباغا خۆی دەنوێنێ
بولبول بەڕوویدا دەخوێنێ
هەور مرواری ئەپژێنێ
شەماڵ زیندەگانی دێنێ
نێرگز مەستە و چاو بەخومار

وا فەرشی چەمەن ڕاخرا
گولاڵە بوو بەشەو چرا
گوڵ دەستەیان بەست وەک برا
نەسرین و لاولاو تێکخرا
هاتنە لەنجە سەرو و چنار
بولبول شەو بەئاواتەوە
بادەی شەونم ئەخواتەوە
دەگری بەمووناجاتەوە
بەڵکو گوڵ دەم بکاتەوە
ئەو پێکەنێ و ئەم بگری زار
وەنەوشە وەک من شین پۆشە
لە سوجدە دایە خامۆشە
دڵی بۆ گریان بەجۆشە
بەهاری لە لا ناخۆشە
بێزارە لە نەغمەی هۆزار

---

(١) پیرەمێرد سێ جار ئەم شیعرەی بڵاوکردۆتەوە. وەهەر جارەی کۆمەڵێ دەستکاری لە شیعرەکەدا کردووە، بەجۆرێک کە لە یەکتری دوور ئەکەونەوە. لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا ئەم پارچەیە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام دوو پارچەکەی تریان لە دیوانەکەدا نییە و ئێمە دوای ئەم شیعرە بڵاویان دەکەینەوە.
(٢) م. ه نووسیویە کە «دەی بینم» ئەمەش دیارە کە هەڵەیە.

***

نەورۆز(١)

١٩٤٩

مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە
ئاگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
سەرچاوەی دڵ ژیایەوە
نوخشەیش بێ لە کوردی هەژار

وا فەرشی چیمەن ڕاخرا
گوڵاڵە بوو بەشەوچرا
لاولاو تێک ئاڵان وەک برا
بەفر و هەڵەکۆک پێک برا
کەوتنە لەنجە سەرو و چنار
بولبول شەو بەئاواتەوە
بادەی شەونم ئەخواتەوە
دەگری بەموناجاتەوە
بەڵکو گوڵ دەم بکاتەوە
ئەو پێ بکەنێ و ئەم بگری زار
وەنەوشە وەک من شین پۆشە
گەردنی کەچ و خامۆشە
بەهاری لەلا ناخۆشە
بەداخەوە بەپەرۆشە
بۆ ئێمەی بێ کەسی هەژار
خوا زەوی زیندوو کردەوە
تەمی لەسەر لابردەوە
ئێمەیش بەدەشت و وەردەوە
دەستمان لای خوا بەرزکردەوە
دوعامان بۆ بکەوێتە کار
ئاگرێ لەسەر گردی یارە
لەم دیارەوە وا دیارە
ئاگری نەورۆزە و بەهارە
ڕووناکی ڕێی کردگارە
لەگەڵ نووری (طور) بوو بەیار
ئاوی ئەو کارێزە جوانە
چەند خۆش و ڕوون و ڕەوانە
ئەمە نموونەی دڵمانە

بابزانن کورد موسڵمانە
لێڵ نابێ بەلێزمەی بەهار

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی ی م. ه دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

نەورۆزانە(١)

مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە
ئاگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
گیاوگوڵ و دڵ ژیایەوە
نوخشەیش بێ لە کوردی هەژار
گوڵ لە باخا خۆی ئەنوێنێ
بولبول بەڕوویا ئەخوێنێ
هەور مرواری دەپرژێنێ
شەماڵ ژین و ژیان دێنێ
نێرگس مەستە و چاو بەخومار
وا فەرشی چیمەن ڕاخرا
گوڵاڵە بوو بەشەوچرا
گوڵ دەستیان بەست وەک برا
نەسرین و لاولاو تێک خرا
هاتنە لەنجە سەروو چنار
بولبول شەو بەئاواتەوە
بادەی شەونم ئەخواتەوە
ئەگری بەناڵە و ئاواتەوە
بەڵکو گوڵ دەم بکاتەوە
ئەم پێبکەنێ ئەو بگری زار
وەنەوشە وەک من شین پۆشە
گەردنی کەچ کردوە خامۆشە
ماتەم دەگری و بەپەرۆشە
بەهاری لە لا ناخۆشە

بۆ کوردی بێ کەسی هەژار
خوا زەوی زیندوو کردەوە
تەمی لەسەر لابردەوە
کورد بەدرشت و وردەوە
دەستیان لای خوا بەرز کردەوە
ڕەنگە خوا بیانخاتە کار
ئاگرێ لەسەر گردی یارە
لە تەختگای خواوە دیارە
ئاگری نەورۆز و بەهارە
چرای ڕێی پەروەردگارە
لەگەڵ نووری (طوور) بوو بەیار
ئاوی ئەو کاریزە جوانە
بێ قوزە و ڕوون و ڕەوانە
ئاوێنەی دڵی کوردانە
دەرمان ئەکا لە تەنگانە
کەوتە کارناڵەی ئیختیار

....

(١) ئەم شیعرە لای م. هـ بلاو نەکراوەتەوە.

***

نەورۆز و مەولود

١٩٤٢

ڕەبیعی عەرەب، نەوبەهاری کورد
دەست لەملانیان لە نەورۆزا[١] کرد
جەژنی مەولودی پێغەمبەرمانە
وا مەولودمان کرد بەنەورۆزانە
ئەم دوو جەژنەمان کەوا یەک کەوتن
ڕێی ڕێکەوتنە خوا یەکی خستن
ئاگری نەورۆزمان کە کرایەوە
بەو ئاگرە ئاگری شەڕ کوژایەوە

ئاگری نەورۆزمان لە هیتلەر بەردا
خۆڵی مردوومان بێژا بەسەردا
کە خۆڵی مردووی کرا بەسەردا
دەستی لەیەخەی شەڕ و گەڕ بەردا
کە هیتلەر نەما غوولی یابانی
زۆری نامێنێ بۆ مل شکانی

....

(١) لای م. هـ لە لاپەڕە (٣٢٢)ی دیوانەکەدا نووسراوە «لە بەهارا» بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە نووسیمان.

***

وەفدی کوردستان[١]

١٩٣٠

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان!
چەپکێ لە گوڵەکەی، باخەکەی سەرا
کە بەخوێناوی میللەت[٢] ئاو درا
بیبەنە بەردەم عەرشی عیراقی
بڵێن یار باقی، هەم سوحبەت باقی
پەردە و تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر؟
دەک خەجاڵەت بن، لە ڕووی مەحشەرا
ئێمە خاکی خەم، ئەکەین بەسەرا
ئێوەش ئەو عەرشەی بەخوێن گوڵڕەنگە
سوجدەی بۆ ئەبەن، هیچ ناڵێن نەنگە
کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات، بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم، بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ[٣]

....

(١) پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەبۆنەی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانییەوە وتووە کە ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول ڕووی دا. وە (بێکەس) تەخمیسی کردووە.

(٢) لای م. ه لاوان بەڵام لە ڕاستیدا (میللەت)ە.

(٣) مامۆستا م. ه لەلاپەڕە (١٠١)ی دیوانی پیرەمێرددا لە بارەی ئەم شیعرەوە دەنووسێت:

لە ڕۆژی شەشی ئەیلولدا کە بەرۆژە ڕەشەکەی شەشی ئەیلول بەناوبانگە کە لە ساڵی (١٩٣٠)دا ڕووی داوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە لە ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد. بەهۆی هەڵبژاردن و ئیستفتایەکی درۆوە، گەلی کورد لە شاری سلێمانیدا خۆنیشاندانێکی زۆر گرنگ ئەگێڕێت. لە ئەنجامدا سەربازانی میری کە بەرامبەر لاوان بەچەکەوە وەستابوون، دەستدرێژی ئەکەنە سەریان و دەستڕێژیان لێ ئەکەن و چەند کەسێک ئەکوژرێ و چەند کەسێکیش زامار ئەبێت.

گەلی کورد لەو هەڵلایەی شەشی ئەیلولدا کوشتاری لێ ئەکرێ و خوێندەواران و مامۆستایانی هەموو لە بەندیخانەکان تونگ ئەکرێن گەلی کورد دڵشکاو و زویر ئەبێ، کەچی سەرەڕای ئەوەش کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی میری بەناوی (ئەشراف)ەکانەوە وەفدێک دروست ئەکەن و بێ شەرمانە ئەو وەفدە ئەچێتە بەغدا بۆ ئەوەی کڕنووش بەرێت بۆ عەرشی عیراقی، بۆ ئەوەی سەرەڕای ئەو هەموو کوشتار و زوڵم و زۆر و تاوانە، ئەو وەفدە تکای لێبووردن لە عەرش بکات. قەوانی ناردنی وەفدی دروستکراو و کڕنۆش بردن شتێکی کۆنە ئەمە یەکەمجاری نەبووە، بەڵام گەل خۆی ئەزانێ کە کێ وەفدی ڕاستەقینەیەتی و لە چە کاتێکدا وەفدی خۆی ئەنێرێ. پیرەمێرد لە چوونی ئەو وەفدە، پاش ئەو هەموو کوشتار و ڕەش بگیرە زۆر دڵگیر ئەبێ و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەو وەفدە، بەم هەڵبەستە بەرزە دەرئەبڕێت.

هەروەها مامۆستا م. ه لە پەراوێزێکی ئەو لاپەڕەیەدا دەنووسێت: ئەو ساتەی کە شەشی ئەیلول ڕووئەدا شێخ مەحموودی مەزن بەچیای پیرانەوە ئەبێ، هەواڵی ئەو شەڕ و کوشتارە زۆر پەست و دڵگیری ئەکا و ماتەمی دائیەگرێ یەکێک لەو کوژراوانەی بەر دەرگای سەرا ناوی (ئەلە گون سووتاو) ئەبێ کە حەماڵ ئەبێ و بەرێکەوت بەوێدا تێپەڕ ئەکا و بەبێ تاوان ئەکوژرێ. شێخ مەحموود ئەڵێ، پەیمان بێ ئەبێ نەیەڵم خوێنی ئەلە گون سووتاو بەفیرۆ بڕوات. لە تۆڵەی ئەو شەڕی بەر دەرگای سەرایەدا شێخ مەحموود خۆی ئەگەیەنێتە دەوری ئاوباریک و لەوێ شەڕێکی زۆر گەورە بەرپا ئەکات بەرامبەر بەهێزی میری ئەو سەردەمە. کە بەڕاستی لەو شەڕەدا حەشریان پێ ئەکات.

***

هاوین

١٩٤١

هەوای هاوینە، هەوای هاوینە،
ئەمساڵ، هاوینمان، زۆر لێ بەقینە
گڕی ئاگری، سەبوون بەتینە
بەرگی ئاسمان، بۆ ئێمە شینە
فەسڵی گوڵگەشتی، باخی پێنجوینە
ئەم سەبوونەمان، لە کوێوە بۆ هات
بەتینی گەرمی، هەڵقرچا وڵات

ئەستێرەی تالع، ڕووی کردە نەهات
بێ شنە و سروەی، شەماڵ کشومات
دڵ بەم گەرمایە،، کز و غەمگینە
گردەکەی یارە، جێی خۆرەتاوە
ڕێگای سەیرانی، نەورۆز بڕاوە
کارێزی شەریف، ئاوی نەماوە
ئەرخەوان، لق و پۆپی شکاوە
گردەکەی سەیوان جێی زار و شینە
ساخوایە هەڵکەی، کزەی شەماڵێ
هەوای ژەنگی غەم، لە دڵ بماڵێ
ئای بۆ دەنگخۆشێک، لەگەڵ شمشاڵێ
بە ئای ئایەوە، تێر بۆم بناڵێ
دەردم کاریە و جەرگم برینە
گوڵ بوە بەخار، بولبول پڕ جەخار
باخەوان کەوتووە، لەپەنا حەشار
شاباز تۆری کرد، گلا میر شکار
یەکسەر گرانی، کەوتە ناو بازاڕ
کەوتوونە ڕەواج، سلق و پەڵپینە

هاوین

هاوینمان بۆ هات، وەک کڵپەی تەنوور
تەپە دووکەڵی، خستە شارەزوور
زوڵفی بەڕەزای، شۆخی هەڵقرچان
نێرگسەجاڕی، بەجارێ تەپان
چنووری چون نوور، کەوتە ناو دووکەڵ
ملی وەنەوشە، کەچ بوو بەئاژەڵ(١)

....

(١) پیرەمێرد ئیلهام و شێوەی دەربڕینی هەستی لەم سێ بەیتەدا لە مەولەوییەوە وەرگرتووە.

***

(لاوس)ی ناو بوو، بەڕەزای پەست کرد
پەلی چنار و سەوڵی بەیدەست کرد

مانگەشەو جلوە و تریفەی کەم بوو
وێنەی دەماوەند، گەردوون پڕ تەم بوو
خۆزگە ئەم گڕە، ناوی عەشق ئەبوو
لە دڵی وەتەنپەرست بەرئەبوو
ئەوسا ئەو جۆشە، دڵی ئەنەخشان
دڕکی تەماعی، شەخسی ئەسووتان
هانام بەتۆیە، خوای «ژیان» و «ژین»
لەم دەرفەتەدا، شپرزە نەبین
جارێکە و ئەمجار، کوڕگەل بێنە کار
کاڵای کوردستان، بخەنە بازاڕ

***

نەعرەی دێوانە

کاک ئەحمەدەکەی[1] ،خۆشەویستی خوا
زۆرکەس بەسایەی تۆوە نان ئەخوا
لەوانە زیاتر، من تۆم خۆش ئەوێ
هەرتۆی سەربەرزی، قەومەکەت ئەوێ
کە لە زیندانیان تێک خزاندبووین
سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چوبوویتە لای «بدیع الزمان»[2]
مژدەت دابوویە، بەژیان و مان
فەرمووبووت ئێوە، نامرن ئەمێنن
تا سەر ئازادی گەلتان ئەسێنن[3]
خۆ من باوەڕم بەوە کردووە
بەوەسیەت ناوی ئەوەم بردووە
بەڵام وا ئەمروم بەو ئاواتەوە
بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە

(١) کاک ئەحمەد، نیازی لە کاک ئەحمەدی شێخە کە باوکی باپیری شێخ مەحموودی قارەمانە. مرۆڤێکی پاک و ئایندار بووە. پیاوی دنیا نەبووە. وا بەناوبانگە کە هەتا جولەکەکانی سلێمانیش خۆشیان ویستووە.
(٢) بدیع الزمان زانایەکی زۆر بەرزی کورد بووە لە ئەستەموڵ دانیشتوە و نیازی لە بدیع الزمانی هەمەدانی نییە.

(٣) بەلای منەوە پاش قافیەی (ئەسێنن) زیاتر دەگونجێ وەک لە (ئەبینن) واتە، ئەمێنن (ئەسێنن).

بۆ شەهیدانی ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥

١- شێوەی سلێمانی:

گوڵاڵە بەڕەنگ سوور ئەکاتەوە[1]
وەک من داخدارە لەبنیاتەوە
لە جورعەی شەونم خوێن ئەخواتەوە
شەهیدەکانم بیر ئەخاتەوە
ئۆف، ئۆف، ئۆف
پایز ڕەنگی ماتەمە
دنیا تاریک و تەمە
نووری چاوانم کەمە

٢- شێوەی زەنگەنە:

گەزیزەی پایز، چوون من ڕوو زەردەن
جەگوڵی گوڵان، جودایش وەردەن
ئاه جەو بۆنەوە خاسیش دەربردەن
سەرنەیای فرار شەهیدان کەردەن
ئۆف، ئۆف، ئۆف

٣- شێوەی بادینانی:

دڵ، د ژین تەوەلایە
نەوەی شێخ عبیداللەیە
بەدەستا تورک خنکایە

(١) ئەم شیعرە کاتی خۆی کراوە بەگۆرانی.

***

مامە خەمە[1]

١٩٤٨

هەتاوی هاوین، بەردی گەرم کرد
کاتێکت زانی، وتیان فلان مرد

ئێمە بۆ مەرگی جوانمان ئەگرین
ترسی ئەوەیشمان هەیە کە ئەمرین
هی وامان هەیە، لە مەرگ ناترسێ
هێندە بێزارە، لە کەس ناپرسێ
ئەوانەی کەڵکی، پیاوەتیان بوو
کۆچیان کرد دەوری، ئەوان بەسەرچوو
ئێستە هیوامان، بەکەس نەماوە
زەوقی هەڵکردمان، ناوە بەلاوە
لەبەر ئەوەیە، وەک (بێسارانی)
لە عالەم تەریک، بوومە زیندانی
بە چلەی هاوین، لە ژووری زستان
ڕادەبوێرم، ئاوڕشێن، گریان
وەک بەختم، بەرگی ڕەشم لەبەردا
باخاکی، عالەم، بکەم بەسەردا
ئاخ بۆ هام دەردێ، دڵسۆز و یار بێ
بەدەردی ئێلی، دڵ بریندار بێ
دەستی یەک بگرین، ڕوو بکەینە شاخان
پێکەوە بگرین، بەکوڵ لە داخان
بۆ ئەوانەی وا، بەبای باڵی دێو
لەترسا و برسا، ڕوو ئەکەنە کێو
دەستی دڵسۆزێ، دەوایان ناکا
وا دەتلێنەوە، لەسەر ڕووی خاکا

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ﻫ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

یاران نەوبەهار(١)

١٩٤٩

یاران نەوبەهار،
ڕەنگی خەزانە، لەلام نەوبەهار

وەنەوشە، سەرشین، چەوتاوە خەمبار
سۆسەن شێواوە، لە جەخاری خار
گوڵ باهەر نەڕوێ، نە ئاڵ و نەزەرد
گیای سەوز و وشک، بێ بەداخ و دەرد
با کەو نەخوێنێ، لەسەر نزاران
با نەپرژێنێ، شەونم بۆ داران
ئەرخەوانەکەی، سەرقەبری ڕۆڵەم
بم گرێنێ بۆ، شیوەن و ماتەم
لافاوی دیدەم، وا جۆش بسێنێ
سەدەی بەربەستی، ئاو بڕووخێنێ
دیجلەی فرمێسکی، دووری عەزیزان
سەلمانی پاکم بۆ بخاتە گریان
کلیلەی بەفری. چیا و ئاسۆ و هەرد
باداوە پێچ و گێژەڵووکەی دەرد
بەدوعا و ناڵەی، دڵ مەئیوسیمان
ڕوو بکاتە شاری، تەقیانووسیمان
ئیتر نە لە شاخ، دەنگی گیانداربێ
نەسەدای بولبول، نە گوڵشەن دیاربێ
چونکو قیلەکەم، ئیمساڵ غەمگینە
دیارە کە فەلەک، لێمان بەقینە
خوایە گیرا کەی، ئاهو هەناسە
هاوارە ڕەحمێ، ئێلم کەساسە(٢)

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ﻫ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

(٢) تەواو لێم ئاشکرا نییە کە پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەچ بۆنەیەکەوە وتووە وە چ کارەساتێک وەها دڵی بریندار کردووە و هەستی ئاڵۆز و خەمبار کردووە. بەڵام بەوەدا کە شیعرەکەی لەسەرەتای مانگی نیساندا بڵاو کردۆتەوە ڕێی تێدەچێ کە بەهۆی ئەوەوە بووبێ، کە ئەو ساڵە ١٩٤٩ نەیان هێشت ئاگر بکاتەوە و ئاهەنگی نەورۆز بگێڕێت.

***

جەژنی مەولود و نەورۆز[1]

١٩٤٣

وا سەرلەنوێ، زەمین گیا و گوڵ، ژیایەوە[2]
گیرۆدەیی و کەسیرەیی سەرما، برایەوە
خوابکا هەوای ئاسایشی ئەم خاکە بێتەوە
ئەم ئاگرەیش بەئاوی نیسان، دامرێتەوە
وەیا اللە نور السماوات
چرای ڕێمان بێ، مصباحی مشکات
فەرمووتە (نار نور علی نور)
مەولود و نەورۆز، واهاتنە (ظهور)
دوو ڕەبیع، یەکێک مەولودی سەردار
ئەو ڕەبیعی تر، نەورۆزی بەهار
ئەم دوانە ئەمساڵ، کەوتوونە مانگێ
بۆ پیرۆزی کورد، ئاواز و بانگێ
نیەتی مەولود، لە نەورۆز دێنین
لە گردی یارە، مەولود ئەخوێنین
بەو نیەتە خوا، ئەم دوو جەژنەمان
پیرۆز کا و ببێ بەجەژنی جیهان
یەعنی ئەم شەڕە، بکوژێنێتەوە
ئەم فەلاکەتە، ببڕێنێتەوە
جاری نەورۆزمان، ڕۆژێکی وایە
ڕۆژێ سروشتی هەموو دنیایە
ئەو ڕۆژەیە ساڵ، نوێ ئەبێتەوە
زەوی و درەخت و گیا ئەژیەتەوە
بە (یحیي الأرض بعد موتها)
زیندەگی تازە، ئەبینین وەها
ئنجا مەولودی ئەو پێغەمبەرە
تەعریف و مەدحی لەحەد بەدەرە
تیفلێکی بێ کەس، خۆی نەخوێندەوار
خودا بەو دینە، کردی بەسەردار

شێوەی سروشتی، لەدەست خۆی ناوە
خۆی چۆنی ویست وا، دروست کراوە
بۆ ئەم دوو جەژنە، لە گردی یارە
کۆ ئەبنەوە، خەڵکی ئەم شارە
کاڵەک و شووتی و توور و پرتەقاڵ
لەگەڵ یاپراخ و چا، جەژنانەی ساڵ
هەرچەند ئەمانە، ئەمساڵ گرانە
لەلای پیرەمێرد، هەمووی ئاسانە
چرای باپیران، ناکوژێتەوە
هەرچی خەرج ئەکا، لەجێی دێتەوە
باوک و باپیرمان، با ناو دەربەرن
ڕۆڵەی (زانستی)یش تێر تیا هەڵپەڕن

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.
(٢) لە ژمارە ٧٠٠ی ژیندا ساڵی ١٩٤٣ کە ئەم شیعرە پیرەمێرد خۆی بڵاوی کردۆتەوە بەو جۆرە نییە ئێمە لە سەرەوە نووسیمان، بەڵکو ئەو چوار دێڕەی کە کێشەکەی لە تەواوی شیعرەکە جوێیە هەر لەگەڵ شیعرەکەدا نووسیوە. سەیر ئەوەیە ئەو چوار دێڕەش نیوە دێڕی یەکەمی ١٣ بڕگەیە و سیانەکەی تر چواردە بڕگەن. وە دوای ئەوە شیعرەکە هەمووی کێشی خۆماڵی ١٠ بڕگەییە.

***

کۆنەفرۆشی[1]

١٩٤٨

دیجلە بەهاران، کەف ئەچێنێ
زنجیر کراوە و، شێتی ئەنوێنێ
پاییزان بێ دەنگ، دۆش دائەمێنێ
دیارە کەس لەسەر، بارێ نامێنێ
دیجلە ئەم هەموو خەلیفەی دیوە
لە لەنجە و لاری خۆی نەلەخشیوە
ڕاست بەناو جەرگی بەغدادا ئەڕوا
ئەیان خنکێنێ، کە دەستی ئەڕوا
ئەم دیجلەی ئێستا، کە ئەکا گوزەر
(هۆلاکۆ) بەری بەستبوو بەسەر

هەزار هۆلاکۆی، هیلاک و کز کرد
لالە عەباسی ئالی لەناوبرد
هەروەک خۆیەتی، بەبێ غەم ئەڕوا
لە خوڕە و گوڕە، ناکەوێتە دوا
هەر کەلوی بەردە، لە تاقی کیسرا
بانگ ئەکا (بەقا نەبودە کسرا)

(١)ئەم شیعرە لە دیوانی (پ.م)ی (م. ه)دا بڵاو نەکراوەتەوە

***

فەلەک نایەڵێ(١)

١٩٤٩

فەلەک نایەڵێ، خۆشی تاکو سەر بێ
ئەوی پیاو بێ، ئەبێ هەر دەربەدەر بێ
ئەبینم ئاسمانی باوەپیارە
شیعارێکی نییە، شێوەی بەدر بێ
لەناو ئەو باخەدا، خۆی ناشتی ئێستا
درەختێکی نەهێشت، سێبەر لەبەر بێ
بەهار هات، شاعیرێکی پێ نەهێشتین
وەکو بولبول، کە ناڵەی کاریگەر بێ
لە گەردی یارەوە، ئاگرێ دیارە
ئەسووتێ هەرچی نەورۆزی لەبەربێ
نییە غەیری وەنەوشە و لالە وەک پیر
قەدی چەوتی، لەبەرداخی جگەربێ
خەوی مەرگە، مەگەر گورگی ئەجەل هات
لەڕانی داین و نەی دی کەس خەبەربێ
بەجارێ، چوار پەلی گرت و فڕاندی
وەرە جەژنت نەبێ و قۆچت لەسەربێ
ئەڵێن بەم حاڵە، شوکرانەبژێر بە
نەوەک ڕۆژێکی لەم ڕۆژە بەدتر بێ

کە من کەوتمە مەلەی ناچار لە گۆما
بەڵام قووڵ بێ نەوەک خوڕ و خەتەربێ

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

شەڕ لەگەڵ هەوادا(١)

١٩٤٢

نازانم هەوا، بۆ چ وا بەکوڵە(٢)
لەم دەنگوباسە، بۆچ نابەدڵە
ئێمە زیانمان هیچ لەو نەداوە
ئەو بۆ چ تەگەرەی لەکارمان داوە
ئەو قینی چییە، وا ڕێگا ئەگرن
بەدناوی نەبێ، هیچی پێ نابڕن
ئەو دەم و واتە، زبانە شیرینە
لەلای ئەو تاڵە، هەروەک هەنگوینە
(لەندەن) ئەتوانێ، ئەو لەرزەش ببڕێ
بەریەخەی هەوای، دەروێش دادڕێ
خەیاڵە تازە، بۆ کورد بەیانە
شەوی بەسەرچوو ئەم قەومە جوانە
با تەقس لاچێ، ڕێگا بکا چۆڵ
بەسە، لاخواری، بەسە بۆڵەبۆڵ
لووتت دەشکێ، هەروەکو نازی
ئاخر، ئاواتی مەرگت ئەخوازی
دەنگی مامۆستا (ڕەمزی)(٣) بابییەم
شیعرەکەی (گۆران)(٤) بابێتە بەرگوێم
بەقاسپەی چالاک(٥)، هەروەک نێرەکەو
با ڕام چەنێنێ شەوە، گیان لە خەو
سەیرکە، چەن خۆشە، ناوی ئەم پێنجە
لێکی دەینەوە، وەک زێڕ و گەنجە
ژین و ئیزاعەی شاری سلێمانی
وا کوردی ئێران، هەموو پێی زانی

دەنگی (کامل) بەگ، شەوقی گەلاوێژ
بڵاوبوەوە، هەزار تۆپ هاوێژ
قسە خۆشەکەی، شاری فەلەستین
گورزی کاوەیە، مزگێنی بۆ ژین
خۆزگە زانستی[٦]، ئێمەیش بمایە
بانگی (هەربژی) لێ نەبڕایە
ئەوسا نیشتمان ئەگەییە غایە
هەموو لاوانمان ئەگەییە غایە
ئیتر هەربژی، بەریتانیا
دەنگی خستینە، ناو هەموو دنیا

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێرددا بڵاو نەکراوەتەوە.
(٢) پیرەمێرد ئەم شیعرەی بۆ ئێستگەی (شرق الأدنی) وتووە کە ساڵی ١٩٤٢ لە یافا (حلفاء) لە جەنگی جیهانی دووەمدا کردبوویانەوە. بەشێکی کوردی تیابوو کە گۆران و ڕەفیق چالاک و ڕەمزی قەزاز بەڕێوەیان دەبرد.
(٣،٤،٥) مەبەست لە ڕەمزی قەزاز و گۆران و ڕەفیق چالاکە. کە لە بەشی کوردی ئەو ئیستگەیەدا کاریان دەکرد.
(٦) مەبەست لە کۆمەڵی زانستی و قوتابخانەکەیەتی لە سلێمانی

***

شیعری دووەم - بۆ ئێستگەی یافا

١٩٤٢

دەنگێکی قودس[١] لای قودس[٢]ەوە هات
ناو جەژنانی کرد، بەجەژنێکی ڕاست
ئەو شەوە بەختی، میحوەر وەرگەڕا
نووزەی نازیەکان، لە لیبیا بڕا
ڕۆژی ڕومیل[٣]یش بوو بەشەو شکا[٤]
ئابڕووی فاشست، ئێجگاری تکا
ئەمەریکا هات، جەزائیری گرت
ئەمیرال دارلان[٥]، کەوتە جرت و فرت
ئەو شەوە بانگی ڕۆڵەی کوردستان
لەشەرقی ئەدنا[٦]، گەییە ئاسمان

لە شوێن میعراجی (مسجد الأقصى)
دەنگی گۆرانی (گۆران)[٧]مان هەڵسا
فەلەستین شوێنی (صلاح الدین)ە
بۆیە ئەم دەنگە، هێندە شیرینە
ئافەرین ڕەمزی بەتەوای قەزاز[٨]
ڕاست میللەتەکەت، پێ کرد سەرفراز
لاوکی کوردی وەک دەنگی زەبوور
دەنگی دایەوە لە نزیک و دوور
سەری گوێژەمان لە (صخرة الله)
تا پایەی عەرشی، یەزدان خۆی هەڵڵا
شۆڕێک کەوتە ناو کوردستانەوە
ڕۆحی نیامان[٩] پێی حەسانەوە
ڕادیۆ وەک (صوری اسرافیل) وابوو[١٠]
(بعث بعد الموت) لە پڕ پەیدابوو
ئەمە نەزەری بەریتانیایە
مسی کرد بەزیو کە کیمیایە
ئەم ژیانەوە و ئەم زیندەگییە
تا دەمرین چرای ڕێی بەندەگییە
شێوەی عیراقیش دیموکراتییە
ئەمە نیشانەی، ڕێگای هاتییە
یاخوا لەسایەی، بەریتانیادا
پێکەوە بژین، تێر لە دنیادا

....

(١) قودس: پیرۆز.
(٢) قودس: شاری قودس.
(٣) سەرکردەیەکی بەناوبانگی نازیەکان بوو لە ژووررووی ئەفریقادا لەشەڕی (علمين)دا شکا. م. ه.
(٤) م. ه نووسیویە (ڕۆژی ڕۆمیلیش بەو شەڕە شکا)، بەڵام لە ڕاستیدا وەهایە: ڕۆژی ڕۆمیلیش، بوو بەشەو شکا.
(٥) سەرکردەیەکی دەریایی فەرەنسا بوو. م. ه.
(٦) مەبەستی لەو ئێستگەیەیە کە ئەم شیعرەی بۆ وتوە. ئێستگەی (شرق الأدنی) لە یافا.
(٧) مەبەست لەو سروود و گۆرانیانەیە کە گۆران شیعرەکەی نووسیبوو وە (چالاک) دەیگوت.

(٨)ڕەمزی قەزاز.
(٩) مردوو.
(١٠) ئەم شیعرە لێرەوە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا نەنووسراوە یا قرتێنراوە. وە بریتییە لە پێنج بەیت واتە (١٠) نیوەدێڕ.

جەژنی قوربان(١)

خوا حەزرەتی ئیسماعیلی لەژێر تیغ هێنایە دەر
ساڵتان هەموو هەر بەجەژن و بەشادی بباتە سەر
ئەو جەژنە جەژنە، میللەتی تیا بەشادمانی بژی
بۆیە بەهاری پەسەندە، گوڵ و میوەی دێتەبەر
پێکمانەوە بێ، جەژن و دڵشادی
تا سەر بێ، سەر و گەردن ئازادی

(١) پیرەمێرد بەبۆنەی جەژنێکی قوربانەوە لەسەر کارتێک ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە

***

عەشرەت هاوارە(١)

١٩٤٧

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە
کەوتوومە (ئاراس) ئاو بێ بوارە
ڕێم نییە منیش، شوێن ئەوان کەوم
پیرم، هەنگاوێک بنێم، ئەکەوم
لێرەش وا کەوتووم بەدەم دەردەوە
لە ئێشی دووری و ئاهی سەردەوە
دکتۆر دەوای تۆم ناوێ لێم گەڕێ
بەڵکم بەئاهم، دەوران وەرگەڕێ
یا وا وەرگەڕێ ئێڵم سەرکەوێ
یازرمەی تۆپی زەڕڕەی بەرکەوێ
ئەو ساکە دوعای من وا گیرابێ
لە خانەی خاکا، ئاواتم نابێ

ئنجا تەڵقینم بدەن بەکوردی
بڵێن ئاواتت، هاتە جێ، مردی

(١) م. ھ لە لاپەڕە ١١٦ی دیوانی پیرەمێرددا نووسیویە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ ئەو قارەمانە بارزانییە کوردانە وتووە کە لە سنووری تورکیا و ئێرانەوە گەیشتنە خاکی شوورەوی.

فەریادی پیرەمێرد(١)

١٩٤٥

ئەڵێن فرمێسکی هەور بارانە
گوایە گریانی شینی یارانە
کوا ئەگەر هەور وا بگریایە
ئەشیا بارانی هیچ نەوەستایە
چونکە چوار ساڵە ئەم سەرزەمینە
تێکرا بەخوێنی کوژراو ڕەنگینە
ئێمە کە خۆمان، یەکتر بکوژین
هەور و ئاسمان بۆچ، بۆمان بگرین
ئەم قڕە قڕە و، قڕی ئینسانە
ڕاستت پێ بڵێم، فیتی شەیتانە(٢)
خواستی خواییە، ئەبێ بێتەجێ(٣)
بۆ ئەوەی زەمین، بەفەساد نەچێ

(١) مەبەستی پیرەمێرد لەم شیعرەدا کارەساتی جەنگی جیهانی دووەمە.
(٣،٢) لێرەدا جێی سەرسوڕمانە کە بیروباوەڕی ئایینی بەو جۆرە کاری لە شاعیر کردووە لەبری ئەوەی هۆی بەرپابوونی جەنگ بۆ واقیعی دروست بوونی بگێڕێتەوە، تاوانەکەی ئەخاتە ملی شەیتان و خواستی خوا. لەکاتێکدا شەیتانیشی وەک ڕەمز دانەناوە.

***

لەو ساوە

لەو ساوە کە شاری سلێمانی دروست کرا
کوشتاری ئێمە بوو بەشەڕی دوو برا
ساڵێک بەتوورەکانە بەماڵ و مناڵەوە
ئەژیاین بەڕیزە، ڕیزکەری کەوش بووین لەماڵەوە

دیواربڕێک بەدزییەوە گەسکی لەماڵ ئەداین
شەو خەنجەرێک بەدزیەوە، باوکی لە چاڵ ئەناین
سەرمایەی تجارێکی پێشوو، معاشێکی ئێستە بوو
ترسێکی وای بوو کێ خەوی ئێستای لەچاو ئەچوو؟
ئەمن و ئاسایش و نیعمەت و سەیرانی ئێستەکە
توخوا بەناشوکری مەیبڕە و سپڵەیی مەکە
باوەکوو ئەوانەی ژووروو، نەخنکێین بەدارەوە(۱)
با دانەهێنرێین بەتەڕی بەپۆپەی مشارەوە
قەیوان و قوترە و کونەماسی لەدەست نەدەین
دوایی بەجرت و فرتەوە هانا بۆ کێ ئەبەین!؟

(۱) مەبەست لە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و شێخ سەعیدی پیرانە کە لە سێدارە دران.

***

ئێمە کە کوردین

۱۹۲۶

ئێمە کە کوردین، لەلامان وایە
زوبانی کوردی، زۆر بێ هاوتایە
لاوکی کوردی، دەنگی زەبوورە
(جنة المأوى) لە شارەزوورە
صلاح الدین و کەریم خانی زەند
بابا شەرەف خان، شای کۆی دەماوەند
قارەمان قادر(۱)، فیدایی فوئاد(۲)
لەڕێی وەتەندا، بەجەننەت بوون شاد
گەورەی هیچ قەومێک وەک گەورەی کوردان
لەڕێی وەتەندا، نەبوون بەقوربان
فکری میللەتیان، ئیحیا کردەوە
قەدری وەتەنیان ئەعلا کردەوە
شادین ئەی میللەت بۆ ئەم گەورانە
فەخری تەئریخی، لایق بەوانە

ناویان ون مەکەن، بەخاس و بەعام
تاکو دەس کەوێ، ڕۆژێ ئینتقام
بێنە جوولەجوول، باڕۆحیان شادبێ
پێی میللەتەکەم، لە بەند ئازاد بێ
کچانمان لەژێر، بەیداخی ڕەشدا
چاو هەڵنەهێنن، بەخوێنی گەشدا
بەخوێنی لاوان، وەتەن نەجۆشێ
میللەت بۆ وەتەن، سیا نەپۆشێ
هەزاری وەک من، هەتا نەکوژرێ
بەقەڵەمی خوێن، شیوەن نەنووسرێ
ئەم میللەتەی کورد، ڕزگاری نابێ
بێ شک ئەم ئیشە، ئەبێ هەر وابێ

(۱) قادر: شێخ عەبدولقادری شەمزینی.
(۲) فوئاد: دکتور فوئاد یەکێ لە پێشەوایانی شۆڕشی کورد بوو لە تورکیا لەتەک شێخ عەبدولقادر و هاوڕێکانیاندا شەهید بوون.

***

تاکە بەیت

۱۹٤۳

لەناو، ئەو ئاوە جوانەی، تەرزی، تەرزە
دڵی (بی)و(مانگ)و(شاعیر) هاتە لەرزە

***

دایکی وەتەن(۱)

بۆ شەشی ئەیلولی ۱۹۳۰

دایکی وەتەن ڕاوەستاوە
فرمێسکی خوێنی لە چاوە
پرچی بەشانیا بڵاوە
ئەڵێ ئەولادم کوژراوە

دڵم بڕاوە، جەرگم سووتاوە
هێزم نەماوە، پشتم شکاوە
دوکەڵێ کەوتە ڕوویی ئاسمان
بەچکە شێرانمان گشت شەهیدکران
منداڵەکانمان بەبێ باوک مان
کزەی خەزانە، گەڵاڕێزانە نابڕێتەوە!
ئەی شەهیدانی، بەرگ خوێنین
خۆتان بۆ ئێمە کرد بەپەرژین
لە خوێنتان دەس بەردار نابین
لە دڵی میللەتدا دەژین
شەشی ئەیلولە، ڕۆڵە مەقتولە
چاوە، پڕ ژانە، گەڵاڕێزانە، نابڕێتەوە

....

(١)ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە. کاتی خۆی کراوە بەسروود بۆ شەشی ئەیلول.

***

سەرگوروشتە

١٩٤٣

عیراق کە شوێنی (بنو عباس) بوو
باخی ئیرەمی، لالە عەباس بوو
وەک جورجی زێدان، نووسیویە بۆمان
تا بەسرە بووبوو، بەباخ و بێستان
دنیا لەسەر هیچ بارێ نەماوە
بەغدایش لەو حاڵە کەوتبووە دواوە
وەک مەلای مەزبوور ئەڵێ ئەم مانگە
دەورەی پڕتەوی کە چواردە دانگە
ئەیبڕن ئەیکەن بەئەستێرەی ورد
ئەم چەرخی چەپەیش، وای لە بەغدا کرد
ئەم دیجلەی کەوا، پیا ئەکا گوزەر
هۆلاکۆ بەری بەستبوو بە سەر

لە دەورەی توورکدا ولایەتێ بوو
لە مانگە ڕێوە والی بۆ دەرچوو
تا خوا هەلێکی باشی بۆ ڕەخساند
لە کەشمەکەشی دەست بێگانەی ساند
ڕۆڵەی ناوداری، وەتەنی عیراق
پشتیان دایە یەک کەوتنە ئیتفاق
ئنجا لە نەوەی، هاشمی ئەکبەر
مەلیک فەیسەڵ هات، کردیان بەسەروەر
هەرچەند خوا کردی و چەرخی دنیا بوو
دامەزرێنەری، بەریتانیا بوو
هێشتاکو تەواو دانەمەزرابوو
لەهەر چوار لاوە ئاشووب پەیدابوو
هیتلەر لەدەر و میتلەر لەناودا
بارگیری بەدی فیتنەیان تاودا
تا پێیان کرا درێغیان نەکرد
ئینگلیز کەوتە فریا دەستوبرد
ئێستا بەحوکمی ئایەتی قورئان
کە باوەڕ ئەکا پیاوی موسوڵمان
کەسێ پاش مردن، زیندوو بێتەوە
دیارە کە ئیتر نامرێتەوە
بەغدایش پاش مردن، زیندوو بۆتەوە
ئیتر مردنی لەبیرچۆتەوە
لەم (بعث بعد الموت)ە ئەمێنین
هەتا دنیا بێت ئێمە ئەمێنین
وا بەپەیمانی (ئەتلانتیک) عیراق
لەگەڵ دوو دەوڵەت، کەوتە ئیتفاق
لە(ساحەی صلح)دا ئێمەیش جێ ئەگرین
هەقی سەربەستی، بەهەق وەرئەگرین
ڕەنگە کە هەندێ لە گرۆی بەدکار
بە هۆی بەدخوویی وەک دووپشک و مار

بڵێن ئیعلانی شەڕ بۆ شەڕ چوونە
ئەوی گوێی باتێ، دڵی زەبوونە
ئەم دوو دەوڵەتەی کە یاری ئێمەن
بۆ هەموو دەردێ، خەمخواری ئێمەن
چ پێویستێکیان بەئێمە هەیە
دەوڵەتی عادل دیارە بێ وەیە
ئەبێ بزانین کە (گا) گۆڕاوە
نوزەی بڕاوە، هەر کلکی ماوە
باوەجود ئێمە کە ناومان کوردە[1]
لە شانامەدا، ناوبانگمان کوردە
توخوا نەنگ نییە لەشەڕ بترسین
لەم ڕەنگ هەرا و گیڤە بپرسین
من وام ئەوێ کورد لە پێشەوە بێ
وەک فەرهاد بازووی بەتێشەوە بێ

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بلاو نەکراوەتەوە.

***

سێ بەیت

١٩٤٨

«هەر کارێ لەلای بەندە گرانە
ئەوە لەلای خوا گەلێ ئاسانە
بەڵام بەو شەرتەی بڕوات بەخوابێ
ئیشێکی وایش بێ، غەدرت لێ کرابێ
ناڵەت ئەبێتە، سەرەبزووتێ
وەک ئاگر و پووشوو، زۆردار ئەسووتێ»

***

بۆ مستەفا صائب[1]

مستۆ[2] وادیارە تۆش جل خوار ئەکەی[3]
ئەستۆت ئەخورێ و مەیلی بار ئەکەی
نامە ئەنووسیت بەزبانی تورکی
لە میللیەتدا مایل بەشرکی
ئێمە کە کوردین لەلامان وایە
کوردی زبانێکە زۆر بێ هاوتایە
ناوی پێغەمبەر، حەمەی ڕەسوڵە
نوێژمان بەکوردی لای خوا قبوڵە
ئەگەر تەڵقینم، بەکوردی نەدرێ
گوێی لێ ناگرم، باکفنم بدڕێ
گەر مەڕنەموکەی[4] عارەب لێم پرسێ
وای تێ ئەخورم، کە ئەو بترسێ
ئەمە دینمە و دینێکی بەهەق
لەسەر بەیتی خۆم ئەگەر بکرێم شەق
نووسیوتە گوایا، وەزیفەم ماوە
هەرچیمان کردووە هەر ناتەواوە
چیم کردووە ئێستا جارێ لە کوێمە
میللەت لەمەودوا ئومێدی پێمە
سەیرکە بەهارم لێ بێ ئینشاالله
لە کوردستاندا، بیکەم بەهەڵڵا
شیمال و جنوب، تێکەڵ کەم بەقین
بلەرزێنمەوە، گاکەی ژێر زەمین
بەیداخی کوردی، بلەرێنمەوە
ئێرسی ڕۆیوەکان بگەڕێنمەوە
صلاح الدین و کەریم خانی زەند
بابا شەرەف خان شای کۆی دەماوەند
بێنە جموجۆڵ، ڕۆحیان شاد بێ
پێی میللەتەکەم، لەبەند ئازاد بێ

لەسەر هەر کێوێ، شێرێ تێخورێ
ناوجەرگی هەموو، دوشمنان ببڕێ
ئەوجا سەربەستی، بەئێمە ئەدرێ
خێر ئەوان بیدەن، کەڵک ناگرێ
نامەوێ بیدەن، ئاهبێ(٥)، بیسێنم
فکرم ئەمەیە، هەتا ئەمێنم
هەزاری وەک من، هەتا نەکوژرێ
بەقەڵەم، بەخوێن، مەرسیەی نەنووسرێ
بەو خوێنە خوێنی، میللەت نەجۆشێ
میللەت بۆ وەتەن، سیا نەپۆشێ(٦)
کچانمان لەژێر، بەیداخی ڕەشا
چاو هەڵنەهێنن، بەخوێنی گەشا
تا خاکەمان، بەخوێن نەشۆررێ
ئیمان بەسکەی، ڕوپیە نەگۆڕرێ
تەشەبوساتی، من تەواو نابێ
موتڵەق، ئەم ئیشە هەر ئەبێ وابێ

....

(٣،٢،١) مستەفا صائب: نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورە و بەتوانا. ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژیان)ی ساڵانەی بیست و سی، هەروەها لە چاپدانی دیوانە شیعرییە کوردییەکان و پێشەکی بۆ نووسینیان گەواهی ئەمە دەدەن. نووسەری وردبین و بەهرەمەند (کەمال ڕەئوف محەممەد) تەواوی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەی لەلایە و خەریکی ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەیانە. ئەم شیعرەی پیرەمێردیش تەنها لەو ڕووەوە دڵگیری و زویری بەرانبەر مستەفا صائیب تیایە کە نامەی بۆ پیرەمێرد بەتورکی لە سلێمانییەوە بۆ ناردووە. لە زۆر نووسیندا پیرەمێرد ڕێز و خۆشەویستی خۆی بەرانبەر مستەفا سائیب دەربڕیوە. هەروەها ئەم نووسەرە بەناوی (زەکی صائب) و چەند نازناوێکەوە نووسینی خۆی بڵاو کردۆتەوە (مستۆ) یا (مصطو) لە شێوەی کرمانجی سەروودا بەمستەفا دەڵێن مصطو. جل خوار: تورک خواهان، ئەوانەی سەر بەتورک بوون.

(٤) مەرنەموکە (من ربک)ی عەرەبییە وای لێ هاتووە. گوایە دوای ناشتنی مردوو مەلائکەت دەچنە سەری و لێی دەپرسن (من ربک) ئەگەر مردووەکە ئیسلامی تەواوبێ دەتوانێ وەڵام بداتەوە.

(٥) ئاهبێ: عەهدبێ، پەیمان بێ.

(٦)سیا نەپۆشێ، بەرگی ڕەش نەپۆشێ.

***

بەندی قەتار(١)

١٩٤٦

ساقی بەعەشقی بەرزی خاکەکەم
بەیادی قەومی دڵ خەمناکەکەم
بۆم تێکە جامێ، با دڵ خامۆش بێ
کەڵکەڵە و سەودای سەر فەرامۆش بێ
توخوا سا (ڕەشۆڵ)(٢) تۆش قەتارەکەت
سەدای سوب سەحەر پای کۆسارەکەت
بەڵکو بێنە جۆش، نەوجەوانانمان
تێکۆشن بەعیلم بۆ خان و مانمان

....

(١) ئەم بەیتە لە لاپەڕە٨٢ی م. ه دا بەهەڵە نووسراوە. ڕاستمان کردەوە.

(٢) ڕەشۆڵ: دەنگخۆشێکی کوردە، کەماوەیەکی زۆر بەبولبولی کوردستان بەناوبانگ بوو، مرۆڤێکی قسەخۆش و لە خۆبوردوو و بەوەفایە، گوێ ناداتە ماڵی دنیا، هەر زرمەی دێ، لای من تەنها هەر عەیبی ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەمی لە هەڵبەستەکانی کوردی لەبەرەو ئەبوایە زۆربەی هەڵبەستە بەناوبانگەکانی لەبەربکردایە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەمیشی لە گۆرانییەکانی تۆمار کردووە کە ئەمەش ڕاست نییە. ڕەشۆل کە ئەو گۆرانییەی ئەوت (ڕەشوڵ)ەکەی ئەکرد بەکوردە و بەم جۆرە ئەیوت: توخوا سا کوردە تۆش قەتارەکەت.

***

بۆ بیست ساڵەی ژین

لە(١٩٢٦)ەوە بۆ (١٩٤٦)

بەستەی هەی ژین

هەی ژین، هەی ژین، گوڵی باخی ژین
هیممەتی پیرت، بۆ بوو بەپەرژین
بەختت وەک تەختی سولەیمان بەرزە
شیعرت وەک عەرشی بەڵقیس سەد تەرزە
بینای نەزانیت، هێنایە لەرزە
خۆشەویستی تۆ لەلامان فەرزە
هەی ژین، هەی ژین

ئەمرۆکە ساڵی، بیستە، تەواوە
زەماوەندێکی، وات بۆ کراوە
لە کوردا جەژنی وا ڕوی نەداوە
گشت ڕۆڵەت هاتوون لەم لاو لەولاوە
هەی ژین، هەی ژین
نەورۆزت هانی، بەچلەی زستان
بەبانگی بەیان کورد لە خەوهەستان
ئاوازەی بەرزیت، کەوتە کوردستان
یاخوا گەرم بێ، هەروا مەجلیستان
هەی ژین، هەی ژین

پیرەمێرد پێش ئەوەی ئاهەنگی بیست ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی بگێڕێت، وەک ئاگاداری و بانگهێشتنێکی هەموو لا، لە ژمارە(٨١٧)ی (١٧)ی کانونی دووەمی (١٩٤٦ی ژین) دا ئەم چوار بەیتە بڵاو دەکاتەوە.

ژین کە پەیامی، ژینی کوردانە
فریشتەی مژدەی، سایەی یەزدانە
ئەم بیست و شەشەی کانوونی دوایی
ساڵی بیستەمیە، کەوتووینە شایی
فەرموون با ئێوەش، بەشتانی تیابێ
یاخوا زۆر ڕۆژی، وەهای لە دوابێ
سەعات لە چواری دەمەو ئێوارە
شوێن شایی قەسری (فائق هوشیار)ە[1]

....

(١) مەبەست فائق هوشیاری کچەزای پیرەمێردە. واتە کوڕی ڕەحمەخانی کچی پیرەمێردە. پارێزەرێکی وریا و خاوەن تاقی کردنەوەی زۆرە.

***

کزەی دەروون[1]

دواوانەکەی[2] شوێن ماڵە گەورە
سەرەو خوار ئەڕۆی، بەپێچ و دەورە
ڕوون و ڕووناکی، وێنەی بلووری
ئاوی زیندەگی، گشت شارەزووری

وام لە کەنارت بەدڵەی پڕخەم
ڕۆژی ڕووناکم، لێ بووە بەتەم
ئەگریم و ئەڵێم، تۆ وەک ئاوێنەی
بۆ شوێن دەستکردی، کردگار وێنەی
بۆچی نانوێنی، وێنەی فۆتۆگراف[3]
وێنەی شیرینی، نازدارانی جاف
نموونەی دەستی، پەروەردگاربوون
بەدەوری تۆدا، گوڵی بەهاربوون
بەشەدەی لار و، کراسی کەتان
وەک مانگ کەتانی[4] جەرگیان ئەسووتان
وێنەی مانگەشەو، بەشەوی دەیجوور[5]
بورجی ڕەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور
شەوی مانگە شەو، ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن، کاتێ تێکەوتن
ئەو لەش و لارە، بەشڵپەی مەلە
دڵی دڵدایان، ئەخستە پەلە
ئای بۆ (پەری خان) نازداری جافان[6]
ئاهو زەڕباهووی سوورمە کلافان[7]
ماڵە بەگزادە و زیڕەی سەماوەر
ڕووی ڕووبارەکەی تۆی ئەگرتەبەر[8]
دەنگی نەکیسا و بەزمی خوسرەویی
لای مەحموود پاشا ئەکەوتە نەوی
ئاوازەی باز و سەقر و باڵەبان
حیلەی ماین و ئەسپی کەحێلان[9]
ئەمانە گشتی، خوا دابووی بەجاف
حوکمدارێ بوون، بێ لاف و گەزاف
لەم دواییەدا، خۆ (ناهیدەخان)[10]
شا خانمێ بوو بەلاو دیوەخان
شوێنی دوو پاشای[11] پڕ کردبووەوە
گرەوی لەڕووی[12] چەرخ بردبووەوە

تـوخـــوا ئاوەکـــەی بۆن گـــولاّوەکـــە
بۆ ســـەرچاوەکـــە. کـــەمێ لاوەکـــە
بڕوانم ئاخـــۆ جـــامی فـــۆتۆگـــراف؟!
نیـــشـــانم نادا؟ شـــێـوەی ئێلی جـــاف؟
نەء، ئەو دەبدەبە و ســەر ئەو ســەرئاوە
ئێـــستـە ئەفـــسانە و نەخشی سـەرئاوە
ئـەو دڕک و داڵـە و ئـەو قــــەل و داڵـە
جێگیـرن لە شوێن ئەو گەورە ماڵە(١٣)
نازداران وێنەی مـــاسی ســـەرئاوان
بەبۆمـبای دەوران کـەوتنە سـەرئاوان(١٤)
لە تاوەی جـــەوری چەرخی چەپگەڕدا
ئەوان ئـەســـــووتێن منیش لـە هەردا
وێـڵ و ئـاوارەی ئـێـلـی مـــــــرادیم
هەر ڕوو لە ڕۆڕۆی ڕووی نامـــرادیم(١٥)
بۆ بازی موراد هەر (قەیسەر قوو)مە(١٦)
بەختم شـوومـە و باز کـەوتە وەیشـوومـە
من بۆ ئێل ئەگریم مات و دڵ خـەستـە
ڕسـتی خـێـوەتی بەگـزادە ڕێـستـە(١٧)
لە شـــوێن ســـەرمـــەلا و (الله اکـــبـــر)
(کارێ)(١٨) کار ئەکاو (ستریت بەجۆکەر)(١٩)
ئێـستـاکە ڕێی کـۆچ گـوشـادە و ئاسان
کـوا سەرئێل کـۆچی لێ خـوڕێ بۆ کـوێستـان

....

(١)ئەم شیعرە لە لاپەڕە١٢٤، ١٢٥، ١٢٦ی دیوانی م. ه دا بەجۆرێک شێواوە کە هەتا ئەم دەقەی ئێمە، کە پیرەمێرد خۆی لە (ژین)دا بڵاو کردۆتەوە نەبینی نازانی ڕادەی هەڵە و دەستکارییەکەی چەندە. لەم شیعرە و لە شیعری (یادی نازدارانی جاف)دا، تەنها هەڵەی زەق و دێڕی نەنووسراو نیشان دەدەین. چونکە ئەگەر هەموو هەڵە ورد و درەشتەکان لە پەراوێزدا ڕاست بکەینەوە ئەوا پەراوێز دەبێتە دوو ئەوەندەی شیعرەکە.

(٢) بۆ خۆش وتن و خوێندنەوە ناوترێ، دووئاوان، دەگوترێ، دواوان.

(٣) ڕاستیەکەی (بۆچی نانوێنی)ە، نەک بۆچ پێم نانوێنی.

(٤) کەتان: جۆرە گوڵێکی زۆر جوانە کە لەبەهارانا لەدەشت ئەڕوێ. ئەڵێن کە تیشکی مانگەشەو ئەدا لەو گوڵە ئیتر گەڵاکانی هەڵئەکەوێ. پیرەمێرد دڵی خۆی شوبهاندووە بەو گوڵە کە بەدیمەنی مانگ ڕوخان لەت و پەت

ئەبێ م. ه

(٥) م. ه نووسیویە وەک مانگ بەشەدەی تاریکی دەیجوور، کە نازانم ئەوە مانای چییە. ڕاستییەکەی وەهایە، وێنەی مانگەشەو، بەشەوی دەیجوور.

(٦) پەری خان: کچی مەحمود پاشای جاف بووە.

(٧) ئەم نیوە دێرە لای م. ه بەم جۆرەیە: ئاهوی زەڕباهوی عەنبەر کلاّفان.

(٨) ڕووی ئەو ڕووبارەی وا ئەگرتەبەر. لای م. ه بەو جۆرە نووسراوە. بەڵام ئەوەی ئێمە ڕاستە چونکە پیرەمێرد قسە لەگەڵ ڕووبارەکەدا ئەکا و ئەڵێ (تۆ).

(٩) لای م. ه نووسراوە:

ئـاوازی ســــــەقـــــــر و باز و بـاڵـەبـان
حـــیلەی مـــاییینی جنسی کـــەحـــێـــلان

(١٠) ناهیدە خان ژنی عەلی بەگی مەحموود پاشای جاف و دایکی حەسەن بەگی جافە.

(١١) دوو پاشا واتە محمود پاشا و وەسمان پاشای جاف.

(١٢) م. ه نووسیویە: گرەوی لە ڕۆحی چەرخ بردبوەوە. ئەم نیوە بەیتە بەم جۆرە نە مانا دەدات بەدەستەوە و نە کێشەکەشی لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا ڕێک دەکەوێت.

(١٣-١٤) ئەو دوو بەیتە لای م. ه بەم شێوەیە نووسراوە،

«ئـەم دڕک و داڵـە و ئـەم قــــــــەل و داڵـە
مـــــاونەوە لە شـــوێن ئەو گـــەورە مـــاڵە
نـــازداران بـــوونـــە مـــــــــــاســـی دواوان
بەبۆمـــبـــای ڕاوکـــەر کـــەوتنە ســـەر ئاوان»

(١٥) لای م. ه بەهەڵە نووسراوە نزیک لە مەرگم دووریش لە شادیم.

(١٦) قەیسەر قوو: بانگێکە بۆ بانگ کردنی باز لە ڕاودا.

(١٧) ئەو پارەیەیە کە لە کاتی یاری قوماردا قومارچی لەبەردەم خۆی دادەنێ.

(١٨-١٩) دوو واتان لە پۆکەردا بەکاردێن.

***

یادی نازدارانی جاف

پۆڕە جـــــوانەکــــەی دەوری زەردیان
هـای بۆ کـنـاچەت دەمـی بەیـانیـــــان
کـــاتێ ســفـیـدەی ســەحــەر دەرکـەوێ
پێشخـانەی شـەفەق لە کێو سەرکـەوێ
دەمی بێــداری کـــە دەســـتی مـــریەم
قـۆناغی عـیـســا، ئەشـوا لەسـەر چەم

ئاوی زیندەگی، دێتە زەمزەمە
ئەبێ بەزەمزەم، ئاوی ئەو چەمە
زەڵم و تانجەرۆ، دەست لە ملان بن
سەرپۆپەی گوڵان، جێی بولبولان بن
دەنگی کناچەت بەرز و سەر ئازاد
دەنگ بداتەوە بێ ترسی صیاد
لە کەناری زەڵم، ئەو سەوزە گیایە
تۆوی کەنیشکی جافی تێدایە
تۆ بەکناچە و لەنجەو لارەوە
من بەدوو دیدەی[1] فرمێسک بارەوە
بەرامبەر بەیەک زارزار بناڵێن
هەردووکمان وەک یەک بۆ خێڵ[2] عەوداڵێن
شێوەی ئەو سنگەی جەودانەی سەد تەرز
لە سینەی مندا، شیوەن بکا بەرز
گوێم لە دەنگت بێ، بەیادی جاران
کوا ماڵە گەورە و پۆلی نازداران
منیش بەفەردی (مەولەوی)یەوە
بەهۆرەی جافی، ناو دەربەندییەوە[3]
بەشینی تیپی نازدارانی جاف
دووکەڵی ئاهم، شین[4] کا سەمای ساف
وەک چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی خۆی
لە پەردەی دڵەی پڕ ئاخ و پڕ ئۆی
شوعلەی ڕووی نواند شای سۆسەنا خاڵان[5]
کەم کەم لە گۆشەی بورجی ڕەشماڵان
لە توێی تاریکی (شەدە)ی بێ گەردا
لە تافەت ئاوی، زیندەگی دەردا[6]
ئێستا لەو شوێنەی[7] ئەو عیشوە و نازە
بایەقوش لەگەڵ تۆدا هامڕازە
ئێڵی جاف ڕێگەی کوێستانیان نییە
نازانم مەیلی فەلەک[8] بەچییە؟!

ئومێدم وایە هەر بەم زوانە
ئێلات بچنەوە بۆ ئەو کوێستانە[9]
وەلی دێوانە ویستی لە یەزدان
ڕێگەی شەم نەبێ بچێ بۆ کوێستان[10]

(١) لای م. ه نووسراوە «من بەچاوێکی فرمێسک بارەوە».
(٢) هەروەها نووسیویە: بۆ یار عەوداڵین وابزانم ئەوەی ئێمە ڕاستتر بێت.
(٣)هەروەها نووسیویە: بەهۆرەی گوڵبانگ پەهلەویەوە. هۆرەی گوڵبانگ یەعنی هۆرەی بەرز. هەروەها گوڵبانگ بەخوێندنی بولبولیش ئەڵێن کە گوایا بانگ ئەکاتە گوڵ.
(٤) لای م. ه نووسراوە پڕ کا سەمای ساف
(٥) هەروەها نووسراوە:

پرشەی ڕووی دەرکەوت شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم لە گۆشەی، لای سیا ماڵان

(٦) لای. م. ه نووسراوە:

لە توێی تاریکی شەدەی بێ گەردا
وەک ئاوی حەیات، شەپۆلی ئەدا

پیرەمێرد ئەم شیعرەی مەولەوی گۆڕیوەتە سەر شێوەی سلێمانی و لەو شیعرەی خۆیدا تەنها سێ دێڕی لە حەوت دێڕی دەقی شیعرەکەی مەولەوی بەکارهێناوە. لە کەشکۆڵی نەجمەددین مەلا کە بۆ حەمە ساڵح بەگی قزلجی نووسیوە لەلاپەڕە٦١دا گۆڕینەکەی پیرەمێردی نووسیوە، هەروەها دەقی شیعرەکەی مەولەوی لەلاپەڕە ٢٠٢، ٢٠٣ی دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دا بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا دەقی شیعرە هەورامییەکە و گۆڕینەکەی پیرەمێرد دەنووسین.

«چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم جەگۆشەی لای سیاماڵان
زەمین منەت بار پامنیاو مەویەرد
جارجار وەڕووی ناز باوەشێن مەکەرد
باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێ گەرد
نازکیش جەباد ئیحتیاط مەکەرد
نەتۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لەطافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد
غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا
وەسوقات پەرێم خەدەنگێ شانا

ئەرصەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم»

گۆڕینەکەی پیرەمێرد

«وەک چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی خۆی
لە پەردەی دڵەی پڕ لە ئاخ و ئۆی
پرشەی رووی دەرکەوت شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم لە کووچەی لای سیماڵان
زەمین منەت بار کە پێی پیا دەنا
باوەشێنەکەی بۆ دادەهێنا
شیرینی لە توێی تاری شەدەدا
وەک ئاوی حەیات شەپۆلی ئەدا
سەر کوڵمی ئاڵی لە توێی سەرپۆشا
بەشنۆی پارێزی خەیاڵ نەڕوشا
چونکی غەریب بووم لاواندمیەوە
تیرێکی لێ دام تواندمیەوە
هەرچەند بەو تیرە گیانم تەسلیم کرد
بەیادی دیاری ئەو تیرەم هەڵگرت

(٧)لای م. ه نووسراوە «ئێستا لە شوێنی ئەو عیشوە و نازە»

(٨) هەروەها نووسیویە «نازانم فەلەک مەیلی بەچییە ؟!

(٩)مامۆستا م. ه لە پەراوێزی ئەم دێڕەدا نووسیویە: جاران ئێلاتی کۆچەری بەئارەزووی خۆی گەرمیان و کوێستانی ئەکرد و هیچ سنوورێکیان بۆ نەبوو. لە زستاناندا ئەچوونە ئەم دەشتی گەرمیانە هەتاکو سەرما و تۆفی زستان بەسەر ئەچوو. ئەوسا لە بەهار بەدواوە ڕوەو کوێستانەکان سەرئەکەوتن و ئەو مەڕ و ئاژاڵانەی کە هەیانبوو لە مێرگ و مێرغوزاری کوێستانەکاندا ئەیان لەوەڕاند. بەڵام لەم دواییەدا کە سنووری ئێران و عێراق تێکچووە ئیتر لە ئێران پووشانەیان لەو ئێلاتە سەندووە و تەنگیان پێ هەڵچنیون و ڕێگەی کوێستانیان لێ گرتوون.

(١٠) ئەو نیوە دێڕە لای م. ه وەها نووسراوە: «کە ڕێی شەم نەبێ بچێت بۆ کوێستان».

***

تاکە بەیت

١٩٤٩

چەندێک، چەند خۆش بوو، کە دڵمان خۆش بوو
غەمی جیهانمان، لا، فەرامۆش بوو

ئەوسایە دوعای ئەو گیرا بوو بوو
ئێستا بازاڕی وەلی بەسەرچوو
جێنشینی ئەو، منم ئەمەوێ
ئێل بۆ هەوارگەی کوێستان سەرکەوێ
بەڵام کوا شکۆی سای ماڵە گەورە(١)
کوا ئەو زەمزەمە و شادی ئەو دەورە
ئێستا قەل و داڵ لەسەر دڕک و داڵ
لەو شوێن هەوارە ئەپرسن ئەحواڵ
منیش بەوێنەی ئەوان داخ لە دڵ
یادی نازداران ئەبەمە ژێر گڵ
ئەگریم و ئەڵێم، بەدیدەی نمناک
دادی نیشتمان ئەبەمە ژێر خاک

....

(١) لەلاپەڕە (١٣٠)ی دیوانی پیرەمێردی م. ه دا شیعرەکە لەنیوە دێڕی (ئێل بۆ هەوارگەی کوێستان سەرکەوێ) دا تەواو دەبێت، بەڵام ئەو شیعرە هەشت نیوەدێڕ، واتە چوار بەیتی مابوو. لای خوێنەریش وەهایە کە تەواو بووە. ئێمە تەواوی شیعرەکەمان لەم دیوانەی خۆماندا نووسییەوە.

***

تاڤگەی زەڵم(١)

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی زەڵم
بۆچ بەهار لێڵی و پایزان بەتەم؟!
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
لەسەردا سارد و سەر لە ئاسمانی
زۆری پێ ناچێ، ئەکەویە زەوی
وەک فرمێسکی چاو بڵاو و نەوی
وێڵ و عەودالی ڕێی چغورد و هەرد
بە قەڵبەزەوە سەر ئەدەی لەبەرد(٢)
یەکدگیر ئەبی لەگەڵ تانجەڕۆ
بەعەشقی سیروان وێڵ و ڕەنجەڕۆ
لە دوادا کە یەک ئەکەوی
وەک دوو مەصرەعی فەردی مەولەوی:

«سیروانی ئەو چەم، تانجەڕۆی ئەم چەم[٣]
بدەن وەهەمدا، ئەم چەم تا ئەو چەم
سەربنێرەوە بەرێگە و خاکا
بگری لە ڕەوزەی سەلمانی پاکا[٤]
بلێ بەقوربان، تۆ ناوت پاکە
بمانخەرە ڕێی یەکێتی و چاکە
تۆ خۆت ئەیزانی ئەو خاکە دێمە
چەند پاراو ئەبێ بەئاوی ئێمە
کەوابێ گوڵ و نێرگس پێکەوە
با شاد بن بەدڵی ڕێکوپێکەوە

....

(١) پیرەمێرد چەند شیعرێکی بۆ «دووئاوان و تاڤگەی زەڵم» وتووە. ئێمە لەم دیوانەدا هەموویان بڵاو دەکەینەوە. ئەو شیعرانە ئەگەرچی بەگشتی ناوەڕۆکی نیشتمانی هەیە و، تاڤگەی زەڵم هەمیشە لای پیرەمێرد ڕەمزێکی نەتەوەیی بووە، بەڵام لە شێوەی شیعرەکان و دارِشتن و تەنانەت گەلێ بەیتیشی تێدا هەیە کە دەقا و دەق بابەتی (مەولەوی)یە و کاریگەری ئەو شیعرەیان لەسەرە کە مەولەوی بۆ (تاڤگەی زەڵم)ی وتووە. بڕوانە (دیوانی ڕۆحی مەولەوی)، پیرەمێرد ١٩٣٥ لاپەڕە ٢٧١ بەشی دووەم.

(٢) پیرەمێرد ئەو بەیتەی لەو شیعرەی مەولەوییەوە وەرگرتووە کە دەڵێت:

سەیرکە تووڕی دا پەردەی نام و نەنگ
بێ پەروا سەری خۆی ئەدا لە سەنگ

ڕۆحی مەولەوی لاپەڕە ٢٧٣

چغوورد: بێشەڵان

(٣) پیرەمێرد خۆی لە شیعرەکەیدا ناوی (مەولەوی) دێنێت و ئەم بەیتەی دەنووسێتەوە. کە ئەمە دەقی هەورامییەکەیەتی. بەڵام ناوی (سیروان) و (تانجەڕۆ)ی پاش و پێش خستووە. لە دەقی هەورامیەکەدا تانجەڕۆ لە پێش سیروان دایە.

تانجەڕۆی ئەی چەم، سیروان ئەو چەم
جۆشاوێ وەهەم، ئەی چەم تا ئەو چەم

دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لاپەڕە ١٣١

(٤) لای م. ه نووسراوە «بگری لەبارگەی سەلمان پاکا» لە نوسخەی لای مندا نووسراوە «بگری لە ڕەوزەی سەلمانی پاکا».

***

بۆ کۆچی شێخ نووری شێروانی

«ئەهلی عیرفان، وان لەشین و ماتەما
نووری شیروانمان لەسەر لاچوو، نەما
٢٦٦ ٦٥٨ ٣٠٠ ٤٦ ٩٦ = ١٣٦٦ - ١٩٤٧

***

تاڤگەی زەڵم

تاڤگەی زاڵم زەڵم، تاڤگەی زاڵم زەڵم
گریەی چاوی چەرخ، پڕ لە ناڵە و تەم
زادەی جەرگی کێو، مەوجودی عەدەم
دێوانە ئاسا ، شەیدای ڕوو لە چەم
سەر لەبەرد ئەدەی، تۆش بەسەودای شەم[١]
سرەوتت نییە، لە ناڵە یەکدەم!
لەو کێوە بەرزە، ئەکەویە خوارێ
ڕیزە مرواریت لەدەم ئەبارێ
دیارە عاشقی وا ناڵە کاری
سەحرا نەوەردی، پەی جۆیی یاری
پەروانە بەسۆز، خۆی ئەسووتێنێ
ئاوی ساردی تۆ جیهان ئەژێنێ
ئەم سەر لەبەرد و ئەم هەڵپژانەت
(یاهو یا من هو)ی قودسیی تەرانەت[٢]
بۆ زیندەگانی، شارەزوورمانە
ئاخ میللەتەکەت قەدر نەزانە
باخ و بێستانت لەبەرا ناکەن
تا بەو سایەوە وڵات ئاواکەن
ئەگەر گشت کێڵگەی داچێنرێ (دەڵێن)[٣]
فیرعەونی[٤] خاکی میصری پێ ئەڵێن
ئەگەر شارەزوور بێت و ئاوا بێ
ڕۆژی شەطی[٥] میصر ئەبێ ئاوابێ

خورنەوەرزانی شای خان ئەحمەد خان[٦]
بووبووە نموونەی ئیرەمی جیهان
ئێستە ئەو شوێنە کەوا وێرانە
بۆ چاوی هیوام بووە بەتانە

....

(١) شەم: شەمسە، خۆشەویستی وەلی دێوانە.
(٢) واتە (یاهو یا من هو)ی پیرۆز دەبێتە گۆرانی هەمیشەییت. تەرانە: فارسییە واتە: گۆرانی.
(٣) دەڵێن: جۆگە ئاوێکی بەناوبانگە لە شارەزوورا کە برنج و کشتوکاڵێکی زۆری لەبەرا ئەکرێ. م. ه
(٤) پیرەمێرد نیازی ئەوەیە کە ئاوی دەڵێن بەقەد فیرعەون دەسەڵاتی ئەبوو م. ه.
(٥) مەبەست ڕووباری (نیل)ە.
(٦) خان ئەحمەد خان حوکمدارێکی بەناوبانگ بووە لە شارەزوورا تەئریخی ڕاشد لە بارەی (خان ئەحمەد خان)ەوە بەم جۆرەی خوارەوەی باس کردووە: وەختێک کە سوڵتان مورادی چوارەم چۆتە سەر بەغداد لە پێشدا لەشکرەکەی لە شارەزووردا هەڵئەدا. حوکمداری ئەو سەردەمەی شارەزوور کە خان ئەحمەد خان بووە پەلاماری ئەو لەشکرەی سوڵتان مورادی داوە و ڕای فڕاندووە و تاڵانی کردووە. خان ئەحمەد خان لە ئەنجامی ئەوەدا بارگەکەی (سەدری ئەعزەم)ی دەست ئەکەوێ.

خان اکراد یعنی خان احمد
سال (بخت)(*) آمد از عدم بیرون
سال (کچ بخت)(**) یافت حکم و جلوس
در (غلط)(***) گشت واله و مجنون
باز صبح بیافت اندر (غم)
یافت حکمی زبیشتد افزون
سال (غمها)(****) هزیمتش دادند
رفت بیرون ازین زمانەی دوون

(*) بخت: بەحسابی ئەبجەد ئەکاتە(١٠٠٢)ی هیجری کە ئەمە مێژووی هاتنە دنیای (خان ئەحمەد خان)ە.
(**) کچ بخت: بەحسابی ئەبجەد ئەکاتە (١٠٢٥)ی هیجری کە ساڵی چوونە سەرتەختی خان ئەحمەد خانە.
(***) غلط: ئەکاتە ١٠٣٩ی هیجری کە ساڵی لەسەر تەخت لابردنی (خان)ە
(****) غمها: ئەکاتە ١٠٤٦ کە ساڵی مردنی (خان)ە.

هەروەها دەربارەی خان ئەحمەدخان (زەنوری) کە شاعیرێکی کوردە بەشێوەی هەورامی باسی بەسەرهات و حوکمداری خان ئەحمەد خانی کردوە. پیرەمێرد ئەو هەڵبەستەی گۆڕیوەتە سەر شێوەی سلێمانی و لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوکردۆتەوە م. ه.
ئێمە لەم دیوانەدا لەبەشی ئەو شیعرانەدا کە پیرەمێرد گۆڕیویە ئەم شیعرەی (جەمالەددینی زەنووری) بڵاو دەکەینەوە.

***

بۆ شایی بابا عەلی

١٩٥٠

«بابا عەلی، لەناومانا کە هەڵکەوت
بەم شاییە، ڕەوشتی شایی سەرکەوت
لە نەشاتی، شوباتا، تەئریخ دەرکەوت
سیادەت و ڕەشادەتمان وا یەک کەوت»

***

کوردیی ڕەوان[١]

شوباتی ١٩٣٢

بەیانی بوو، لەخەو هەستام، کە ڕوانیم، بەفرە باریوە سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوی پۆشیوە دەمێ بوو، چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم، مژدە بێ باری سەرم بەفرە، کەچی هێشتا، شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری لەبیرمە[٢]، شێرە بەفرینەم ئەکرد، سواری ئەبووم بێ زین نسێ بوو جێگەکەی، ئەیبەست، ئەما تاکو دەمی هاوین بە بەرگی سپیەوە، چەن شۆخە، شاخی گۆیژە، بیبینە لە ڕەنگی ئاسمان دولبەرترە، ئەو سپیە، ئەم شینە ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپیە، وەک بەفرە فریشتەی ئێمە باڵایە، بەڵام ئاخ بۆچ ئەخۆین تەفرە؟! هەموو پێچەکلوی بەفرێک، فریشتەی خوای لەگەڵدایە فریشتە کەوتە ناومان، بۆیە وا ئاشووب و هەڵایە ئەوا ساماڵی کرد، ڕۆژ کەوتە سەر شاخی گڵەزەردە بەسەر ئەو بەفرەدا، تیشکی هەتاو، ئەڵماسی خواکردە بەسەر گۆنای سپیدا، خشڵی زێڕینە، بریسکەی دێ پەری سەرکێوی قافیش، هێندە پرچی زەردی خۆی لێ دێ لەسەر سەربان، بەفر توێژاڵی بەست وێنەی چۆڕی شیرە قەتارەی سەر لق و پۆپی درەختیش سپیە، دڵگیرە چلوورەی گوێسەوانە، پلپلەی زیوی کچە کوردە سەهۆڵ ئاوێنەیە، ئەم پلپلە و ئاوێنەیە وردە

کـــە پیـــرێژن ســـەر و پۆیلەی بەشـــینی چلە تێک ئالا
بەهار یەت، داری پیـــر ئەژیەتەوە، دێتـــە قـــەد و بالا

(١) مامۆستا م. ه لە پێشەکی ئەم شیعرەدا بەهەڵە نووسیویە: پیرەمێرد ئەم هەڵبەستەی لە ڕۆژێکی مانگی نیساندا وتووە لە ساڵی ١٩٣٢دا. (لاپەڕە ١٣٥). لێرەدا ئەو هەڵەیە ڕاست دەکەینەوەو دەڵێین. ئەم شیعرە یەکەم جار پیرەمێرد خۆی لە ڕۆژنامەکەیدا ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە ٣١٢ی ٢٥ی شوباتی (١٩٣٢)دا بڵاوی کردۆتەوە. ئیتر نازانم چۆن لای مامۆستا م. ه ئەم شیعرە لە مانگی شوباتی چلەی زستانی وڵاتی سلێمانیدا چۆتە مانگی نیسانەوە. جگە لە بەڵگەی ڕۆژنامەکە لەبەهاردا ڕووی نەداوە لە سلێمانیدا بەفر وەها باریبێ کە شێرە بەفرینەی لێ دروست بکرێ. هەروەها بۆ یەکەم جار حاجی تۆفیق بەگ نازناوی پیرەمێرد بۆ خۆی لەم شیعرەدا دادەنێت. و پێشتر نازناوی پیرەمێرد هیچ دەنگێکی نەبووە. هەروەها پیرەمێرد لەو ژمارەیەی یەکەم جار ئەم شیعرەی تیادا بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بەمەسەلەی (کوردی پەتی) نووسین، نووسیویە «بەڵێن ئەدەم هەچ کەسێ بەم شێوە ڕەوانە زبان زادەکانمان بهۆنێتەوە، نیوەی مانگانەکەم وەرگرێ. بەڵام هەرەمە و تەک و بۆنەبێ، بەخۆ هەڵکێشانی ناڵێم، چەشەیە؟!». ژیان ژمارە ٣١٢ ساڵی ١٩٢٣ .
(٢) لەهەندێ نوسخەدا نووسراوە (مناڵ بووم) لەبری (لەبیرمە).

***

ئای نائومێدی(١)

نیسانی ١٩٤٧

ئای نائومـــێـــدی، ئای نائومـــێـــدی
ئای ڕەنجـــەڕۆیی و دڵ نائومـــێـــدی
بەدبەختی وەک من، توخوا سا کێ دی؟(٢)
دەردی مـــــەجنـونم، لێ هـاتـۆتـە دی
هەر لە (نەجەد)ەوە، تا هەردەی دوجەیل
بۆ لەیل ئەگەڕام، دەروون لە غـەم کـەیل
هاتمە بێسـتــوون، لای قـەسری شیـرین
بۆ فـــەرهاد گـــریام، بەدیدەی نمین(٣)
چوومـــە زمناکـــۆ، ڕاگـــوزاری ئێڵ(٤)
هیچ کـەسم نەدی، نەشـیـرین، نەلەیل
لەدەربەندیخـــان، هەتا کـەلیـخـــان(٥)
ئەو ناوە یەکـــســـەر شـێـــواو و وێران
شیـو و هەرد و بەرد، تا لوتکەی بەرزان

پڕ لەوەیشـــوومـــە، بەگـــەڵاڕێزان
نەکـــەرۆز گـــەڕام، وادی بەوادی
شوێنی هەوارگـەی ئێـڵـی مـورادی(٦)
بەجـەوری فـەلەک، یەکـســەر وێرانە
بایەقـــوش تیـایا، کـردوویە لانە(٧)
پرسـیم بایەقـوش، دۆسـتی هاودەردم
لە جـیـــهـــان بێـــزار، یاری چۆڵگەردم
بۆچی وا چۆڵە، ئەم مـــەرز و بوومـــە
لە کوێ پەیدابوو، وەیشوومەی شوومە
جـوابی دامـەوە بەقـوڵپـەی گـریان(٨)
مـنیـش وا جـــەرگم، بووە بەبریـان
ئەمـســاڵ بەهارمـان کـە بێ باران بوو(٩)
گـوڵاڵەی سـوورمـــان جەرگی یاران بوو
لەهەردوولاوە شـــایـیـــە بەڕیزە(١٠)
خـــەنەبەندانیـــان خـــوێنی ئازیزە

(١) دەربارەی دەقی ئەم شیعرە و ساخکردنەوەی بڕوانە کۆتایی شیعرەکە.
(٢) لای م. ه نووسراوە «ساتوخوا کێ دی»
(٣) م. ه بەهەڵە نووسیویە «بەدڵەی نمین». لێرەدا من سەرم سوڕماوە کە بۆچی مامۆستا م. ه ئەوەندە ئارەزووی بووە دەستکاری شیعرەکانی پیرەمێرد بکات. لەکاتێکدا، بۆ نموونە، ئەم شیعرە لە ژمارە (٨٦٨)ی ژینی ١٩٤٧ بڵاو بۆتەوە و م. ه هەر لەو سەرچاوەیەوە وەری گرتووە کە من دەقەکەیم نووسیوە.
(٤) بەهەڵە نووسیویە «ڕاگوزەرگای لەیل»
(٥) لای م. ه نووسراوە «لە دەربەندیخان هاتە کەلیخان»
(٦) خێڵێکی کۆچەری جافە
(٧) لانە: هێلانە
(٨) لای م. ه نووسراوە «بەقوڵپی گریان»
(٩) هەروەها: ئەمساڵ بەهارمان کە بێ بارانە
گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە
(١٠) هەروەها:

لەهەر سێ لاوە شـــایـیـــە بەڕیزە
خـــەنە بەندانمان خـــوێنی ئازیزە

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە کارەساتی ڕووخانی کۆماری مەهاباد دا نووسیوە.

تێبینی: بیروهەستی ڕەنجەڕۆیی وەلی دێوانە کاری کردۆتە زۆر شاعیر، یەکێک لەوانە پیرەمێرد بووە، کە لەسەر شێوەی شیعرەکەی (وەلی) ڕەنجەڕۆیی نەتەوەکەی خۆی پیشان دەدات: بنەمای مەسەلەی پیرەمێرد و ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۳۹. لەو ساڵەدا و لە ژمارە ٥٧١ی ڕۆژنامەکەیدا دەقی هەورامی شیعرەکەی وەلی دەگۆڕێتە سەر شێوەی سلێمانی. ئێمە لێرەدا شیعرەکەی وەلی و گۆڕینەکەی پیرەمێرد دەخەینە پێش چاو، هەتا سێ دەقی شیعری «ئای نائومێدی» ببینین. یەکەمیان شیعرەکەی وەلی، دووەم گۆڕینەکەی پیرەمێرد، سێیەمیش ئەو شیعرە بوو کە پێشتر نووسیمان و پیرەمێرد لەسەر شێوەی وەلی و بۆ مەبەستێکی دوور لەو، نووسیویە.

هەی نائومێدی،...

هەی ڕەنجەڕۆیی، هەی نائومێدی
هەی یاران چون من، بەدبەختێ کێ دی
پەی هاڵ نەزانێ ڕووم کەرد نەبێدی
چۆڵان تەی کەردم، جەبەڵان یەکسەر
جە «طەبەس» تون بیم، یاوام وە «طەبەر»(*)
هەردەی نەجد قەیس، گشت دام وەپاوە
پەروانە دەستوور، سەر وەسەوداوە
یاوام بەو زامەن، ماوای قیبلەم بی
مەکان و مەسکەن، گوزەرگای (شەم) بی(**)
هەواران چۆڵ دیم، زامەن وێرانە
بایەقوش بەستەن، جەو مەسکەن لانە
نەدەنگ دیارەن، نە سەدای یارەن
دەنگ وێرانەی (وادی القهار)ەن(***)
پەرسام، بایەقوش هام دەرد دەردم
ڕەفیق و هامڕاز، ناڵەی نەبەردم
من پەروانەی وێڵ وەڵگەی دامانم
جانشین قەیس، شای کەم فامانم
کۆشی کۆچ خێڵ، شای (شەم) جەمینم
گوشادی خاتر خار خەمینم
بایەقوش واتش، پەروانەی کەم فام
ئیسە ئامانی وەی ماوا و مەقام
کۆچ خێرش کەرد، لوا وە لەیلاخ
پەی من حەسرەت مەند، پەی تۆ ئاخ و داخ
وە ئیقبال نەحس وێم دامامەوە
نائومێد جەشەم هەم ئامامەوە

یاران هامسەران، نائومێدی وێم
هەی عەبداڵ، بەرگێڵ، دوور جە زێد وێم

....

(*) چۆڵی دەشت و شاخم دایە بەر و لە تونا‌و تونی «طەبەس» گەیشتمە «طەبەر». طەبەر: شارێکە لە ناوچەی خۆراسان. طەبەر ناوچەی گێلان و مازندەرانە لە ئێران. طەبەر یا طەبەرستان ناوی وڵاتی مازندەرانە.

(**) گەیشتمە هەوارگە و نشینگە و گوزەرگای شەم.

(***) نەدەنگی یار و نەدەنگی کەس، هەموو لایەک وەک وێرانە کپ و خامۆش بوو.

تێبینی: دەقی ئەم شیعرەی وەلی لە دیوانی (وەلی دێوانە)ی عوسمان هەورامی وەرگیراوە ل۷۷،۷۸،۷۹. هەروەها پەراوێزی شیعرەکەش.

دەقی گۆڕینەکەی پیرەمێرد ساڵی ۱۹۳۹

هەی نائومێدی، هەی نائومێدی
هەی ڕەنجەڕۆیی، هەی نائومێدی
بەدبەختی وەک من، لە کوێ پەیدابوو
بۆ حاڵ نەزانێ شێت و شەیدا بوو
سەحرا و دەشت و دەر گەڕام سەراسەر
لە تووناو توونی طوسیش چوومە سەر
هەردەی دوجەیلی مەجنون گشت گەڕام
وێنەی پەروانەی، ڕەهەندی سەودام
«لێرەدا بەیتێکی نەگۆڕیوە»: ....
هەوار گشت خاڵی، چۆڵ و وێرانە
بایەقوشم دی، لەسەر هێلانە
نەدەنگێ دیار، نەسەدای یار بوو
(لیس في الديار) غەیرە دیار بوو
وتم بایەقوش، هاودەردی دەردم
ڕەفیق و هاوڕاز، ناڵەی نەوەردم
من پەروانەی وێڵ، شەمی شەوانم
جێنشینی قەیس، شای کەم فامانم
کەی کۆچی کردوە شای شەم جەبینم
شەوقی زیندەگی ڕووی سەر زەمینم
بایەقوش وتی: شێتی نەگبەتم
بۆ درەنگ هاتی فریا نەکەوتم
لەیلا کۆچی کرد، ڕووی کردە لەیلاخ
بۆتۆ حەسرەت و بۆ من ئاخ و داخ
بەچارەی نەحسی خۆم گەڕامەوە(****)
خۆم دا بەئەرزا بۆی تلامەوە

دەخیل هام سەران، چیم لێ قەوماوە
بەدبەختی دنیا هەر بۆ من ماوە

(****) پیرەمێرد لەو دوو بەیتەدا لە دەقە هەورامییەکەی (وەلی) دوورکەوتۆتەوە ئەگەر بەم جۆرە بیگۆڕیایە ڕەنگە باشتر بوایە:

بۆ چارەی نەحسی خۆم دامامەوە
نائومێد لەشەم هەم گەڕامەوە
یاران هامسەران، هەی نائومێد خۆم
هەی عەبداڵ و وێڵ دووری هەوار خۆم

***

ئای چیم بەسەرهات(١)

ئابی ١٩٤٧

ئای چیم بەسەرهات
خۆیشم نایزانم بۆ چ وام بەسەرهات
لە دووریانی ڕێی هات و نەهات
ڕێ پیشاندەرم، لە تەکما نەهات
کەوتمە سەر ڕێگای، تەلەسمی ئەرژەنگ
گیرۆدەی سیحرم، بێ سەداو بێ دەنگ
ئەبینم کایان داناوە بۆ شێر
گۆشتیش بۆ گوێدرێژ هیچیان نابن تێر
منیش لە داخی ناسازی زەمان
لەجێدا کەوتووم، بێ دەست بێ زبان
ڕەنگ زەرد و لاواز، بێ یار، بێ خەمخوار
عەیشم، لا تاڵە، وێنەی ژاری مار
بەجەستەی خەستەی پڕ دەرد و کەدەر
کۆنەی چەند ساڵەم، لێ کردۆتە بەر
چاوم نابینێ، مات و غەمگینم
ئەو چاتر، چارەی جاسووس نابینم
کاشکا گوێچکەیشم، وا نەی بیستایە
هەردەنگێ ئەبیەم، هەر ناڵەی تیایە

لەلایێ ڕۆژوو لەلایێ ڕۆڕۆ
لەلایێ قومار، لایێ تیاترۆ
ئەم قورە ڕەشەی واتێی چەقیوم
هێزی تەکان و جووڵەی بڕیوم
هانام بەتۆیە، خوای پەروەردگار
یا تاقەت یا مەرگ، یا دیداری یار

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

چوارین

١٩٢٧

فرت و فێڵت، کەوتە ڕوو، دەوران، لەلام، ئابڕووت تکا
بۆیە، وا، بەرزت کردمەوە، بمخەیت و ئازارم بگا
تێت گەیشتم، بۆیە هێلانەت لەجێی بەرز دابوومێ
هەتا تەرزە و هەورە تریشقە و بەفر و با، سەختم بکا

***

ئای لە دەست پیریی(١)

١٩٤٧

ئای لەدەست پیریی، چەند جەفا کێشم
ڕێگای مردنی، هێنایە پێشم
بەکۆچی دوایی، دڵی ترساندم
وەک کونجی سەرساج هەڵی قرچاندم
تافی جوانی لەدەست فڕاندم
تۆماری عەشقی یەکسەر سووتاندم
گێژ و کەساس و بێ قەدری کردم
لەلای نازداران، ئابڕووی بردم

ئای بۆ ئەو کەیف و نەشئەی جوانییە
بڵند دەماخی و کامەرانییە
پۆلی نازداران، شۆخی جەبین جام
بۆ بەزم و سوحبەت ئەهاتنە لام
گا دەسکە گوڵی، بەتەرتیب بەستە
ئەدرایە دەستم، دەستە بەدەستە
گا، کەمەندی زوڵف، ئەخرایە ملم
گا، پرچ ئەپێچرا، لەپاو و پلم
ئێستا وا پیریی، کەساسی کردم(۲)
هێجگار مووی سپی، ئابڕووی بردم
پیریی لەپڕ هات بەپیریمەوە(۳)
بەندم بەزویری و ئەسیریمەوە
زەوقێ نابینم لەم بگرەو بەرە
ڕاستە گورگ پیر بوو، بووە مەسخەرە

(۱) ئەم شیعرە لە دیوانی م. ه دا چاپ نەکراوە.

(۳،۲) پیرەمێرد بەجۆرێک چۆتە ڕۆحی مەولەوییەوە کە زۆرجار، ئاگادار و زۆرجار بێ ئاگا، وێنە و تەعبیری شیعری مەولەوی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەم شیعرەدا، تارمایی دوو بەیتی مەولەوی دیارە کە باسی پیریی خۆی دەکات:

۱- موی سپی (قەڵغان) ڕووڕەشی پیرە
کەوانی قەدیش، بۆ تکای تیرە
«ڕۆحی مەولەوی ل۱۸»
۲- موترب، بم گەرێ، ئامان دڵگیرم
واپیریی لەپڕ، هات بەرەو پیرم
«ڕۆحی مەولەوی ل۱۹»

تافی جوانی(۱)

۱۹٤۳

جوانی جەلایە بۆ زیندەگانی
های لە جریوەی تافی جەوانی
کاتێ شۆڕەکچ ئەچێتە کانی
گۆزەی مێشەرۆ وا لەسەر شانی

ملوانکە ئەخشێ لەناو مەمکانی
دڵ دێتە لەرزە بەهەڵتەکانی
لە خرنگەی بازن لەگەڵ شڵپی ئاو
کە ئەیپەخشێنێ ئەشوا دەم و چاو
تنۆکی ئاو و گزنگی هەتاو
بۆ پێشانی زیو ئەبێ بەزاخاو
دەوای لوقمانە بۆ جەرگی سووتاو
سەد لەعل و ئەڵماس بێ بەقوربانی
شەوی مانگەشەو چرپەی ناو کۆڵان
لەپەنا دیوار لێو لەسەر لێونان
بەو سەدایەوە لە یەکتر بڕان
بەو خەیاڵەوە خەوی شەو زڕان
بە ئاهو ناڵە تا دەمی بەیان
هیجرانی یار و دەنگی هیجرانی
لەسەر کارێزی شەریف بەهاران
سەیرانی (نەورۆز) تیپی نازداران
هەڵپەڕکێی بلوێر لەناو گوڵزاران
ئاوڕ و عیشوەی چاو بەخوماران
پیر ئەخاتەوە کەڵکەڵەی جاران
ئەیهێنێتە جۆش بۆ نیشتمانی

(۱) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵام لەلاپەڕە ۲۱۰ی ئەو دیوانەدا بەشێوەیەکی زۆر سەیر و ناتەواو چوار بەیت (هەشت نیوەبەیت)ی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەوا لێرەدا دەینووسینەوە هەتا خوێنەر خۆی بەراوردی بکات.

ئای بۆ سەرمەستی تافی جوانی
جوانی شەوقێکە بۆ زیندەگانی
چەند خۆشە نەشئەی عەشقی دێکانی
کە کچە کوردێک ئەچێت بۆ کانی
گۆزەی مێشەرۆ وا لەسەرشانی
ئاو دائەتکێنێ بۆ سەر زوڵفانی
مێخەک بەند ئەخشێ لەناو مەمکانی
هەزار ئەملۆدە بێ بەقوربانی
***

ناو قەدی چلەی زستن بچڕا

١٩٤١

ناو قەدی چلەی زستانمان بچڕا
ئەمڕۆ پشکۆکەی هەوامان گڕا
هەوا بەتینی ئەو ئەشقی شکا
پەنجەی لە گۆ چوو و پێکەوە لکا
بەفری سەرچاوەی زەڵم توایەوە
هەتاو کەوتە تین ڕۆژ گەڕایەوە
لەو بەرمانەوە، لە نێرگسەجاڕ
نێرگس بەبۆنی خۆشی کەوتە جاڕ
بەو چاوە جوانەی وەک دیدەمەستان
ئاگری خستە ناو جەرگەی زستان
شێوەی شیرینی نێرگس لەو ڕێیە
ئەفسوونی شێوەی شیرینی پێیە
کە ئەڵێن نێرگس ئەڵێ کێ؟ ئەو کەس
گۆشەی چاکی دڵ بەرنەدا لە دەس
ڕاستەوە بوونە بەو چاو جوانە
بە دوو لا نەشئەی بۆ دڵ و گیانە

***

لەگیان بێزاریی[١]

١٩٤٩

پیریی ئاخ پیریی، داد لەدەست پیریی
لەگیان بێزاری و زویری و دڵگیریی
گریمان وتیان میر و وەزیریی
مایەی حەسرەتە نییە تەدبیریی
هێزی جوانی لەبەدەن بریم
کفنی مووی سپی بەبەدەن بریم
دڵ بوو بەیاتاغ، ناڵە و ئاهی سەرد
دەروون وەک جانتای کۆکە و پڕمە و دەرد

چاو چوەوانێ، ڕۆینیی، ڕوونی
لەش گرفتاری سستی و زەبوونی
کوا ئەو دەماخەی ئەمڕوانیە جوانان
ئەکەوتە شوێنم بۆ پەنای بانان
لەگەڵ نازداران کە ئەچوومە گەشت
کێو و شیو و دەشت لێم ئەبووە بەهەشت
من ڕائەکشام لە ناو گوڵاندا
کچان لەسەودای دەستەملاندا
شەوی مانگەشەو چرپەی ناو گوڵان
باخ بەرەڵڵا بوو تاڵان هەی تاڵان
خۆ وردەڕازی تەنیایی گوێ ئاو
نەشئەی دڵداری ئەهێنایە ناو
گا دەسکە گوڵم ئەبەست بۆم ئەبرد
ئەو باوەشێنی ڕووی خۆی پێ ئەکرد
تایە لەو دەسکەی ئەدا بەدەستم
ئەیگوت بیخەرە سەر چاوی مەستم
ئنجا ئەتوانی بەبادەی مەستی
ماچ کەی بەبیانووی شێتی و سەربەستی
ئەوسا لە پەردەی گریشمە و نازا
دوگمەی سەر پەردەی بەیان ئەترازا
لەو بەیانەوە سفیدەی بەیان
وەک پێشخانەی نوور ئەکەوتە مەیدان
ئێستا وا پیریی کردیە شەوی تار
شەبەیخوونی دا وەک سوپای تاتار
لێلایی هێنا بەدڵ و چاوا
عەکسی خەیاڵیش نەما لەناوا
ئەمەوێ یادیان بێنمەوە خەیاڵ
ئازاری بەدەن عەیشم ئەکا تاڵ
لەجێی قەهقەهە و دەنگی نازداران
چریکەی دەردە سوبح تا ئێواران

ئەمە ئەنجامی دنیاکەمانە
بەمە نازانن ئەبنای زەمانە
هەروا دەزانین تا سەر باقییە
شەونخوونی یاری و یاری ساقییە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

١٩٣٥

متصرف هات، مژدەی لەدوا بوو
شایی و شوکرانە و شەربەت پەیدابوو

گوارەکەی گوێی یار[١]

١٩٤٨

گوارەکەی گوێی یار
تاکێکم دەست کەوت، لەگوارەی گوێی یار
لە چاوم هەڵسوو، بەدڵەی پڕ جەخار
ڕووناکی بەخشی، بەدوو دیدەی تار
هێز کەوتە جەستەی، جەفاکەشیدەم
کەوتەوە سەرخۆی، ڕووی ڕەنگ پەڕیدەم
هیوای زیندەگی، تازە کردمەوە
خەفەتی لە دڵ، لابردمەوە
سەرم لە خۆشیا، گەیشتە ئەفلاک
فریشتەیش لەگەڵ مندا تەرەبناک
گەیمە پایەی شەوق بەکامەرانی
شام بەسەپانی خۆم نەدەزانی
وەک دەواگاهێ، ئەمنایە سەر دڵ
گا بۆنم ئەکرد، وێنەی خونچە گوڵ
من بەم کەیفەوە، ئەو مات و غەمگین
بێ زەوق، بێ شەوق، کز و ماتەمین

لێم پرسی توخوا، ڕاستم پێ بڵێ
بۆچ وا دەروونت، بەقوڵپ ئەکوڵێ
وتی، عومرێکم لە بناگوێی سەرف کرد
سەر سەرەنگرێ، چەندێکم دەربرد
لەسای زوڵفیدا، لەنجە و لارم بوو
لە بناگوێیدا شەو قەرارم بوو
ڕۆژێ بەگێچەڵ، زوڵف ئاڵابووە من
بەری نەئەدام، لێم بوو بووە دوژمن
دەستی برد لە دەست زوڵفم دەرێنێ
نەمزانی جووڵەم گوێچکەی دێشێنێ
کە ڕایکێشابووم، گوێی داتلێشابوو
بەو ئازارەوە، دڵی ئێشابوو
ئیتر لەو ساوە، وام لەناو خاکا
ژەنگم هێناوە کە لە گوێم ناکا
بەزەییم پیا هات، پاکم کردەوە
بەدیاری بۆ لای یارم بردەوە
ئەو شاد بوەوە، بەوەسڵی دولبەر
منیش بەڕۆڕۆ ڕۆژ ئەبەمە سەر
بەڵام نامەوێ وەسڵ حاسڵ بێ
نەوەکا بەوەسڵ عەشقم زایل بێ

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانەکەی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

چەند ساڵ

١٩٢٧

چەند ساڵ، گیرۆدەی قەفەس بووین، وەک کەو
ئێرە مەڵبەندی، چەتە بوو بەشەو
نەمان ئەوێرا، پێ، بنێینە دەشت
بێ دڵە کوتێ، هەڵسین، بێین، بۆ گەشت

ئێستا لەپەنای، ئێوەدا بێ ترس
وا دێین و دەچین، بێ تەگەرە و پرس
ئاخ، خوێندەواریش، تەواو بێتە ناو!
خوێندەوارییە، ئەمانکا بەپیاو!

بەندی قەتار(١)

١٩٤٣

ساقی بەعەشقی بەرزی خاکەکەم
بەیادی قەومی دڵ خەمناکەکەم
بمدەرێ جامێ با دڵ خامۆش بێ
کەڵکەڵە و سەودای سەر فەرامۆش بێ
توخوا سا ڕەشۆڵ تۆش قەتارەکەت
ئاوازەی بەرزی پای کۆهسارەکەت
بەڵکو بێنە جۆش نەوجوانانمان
تێکۆشن بەفەن، بۆ نیشتمانمان
ئێستا زانیمان لاوان نەسرەوتن
سەرکەوتن دەستەی یانەی سەرکەوتن
ناویان کەوتە ناو قەتار و لاوک
ئەمین زەکی بەگ، مەعروف جیاووک

(١) لای م. ھ لەلاپەڕە ٨١دا بەجۆرێکی جیاواز لەم نوسخەیە بلاو کراوەتەوە، هەروەها ئێمەش پێشتر لەم دیوانەدا نوسخەیەکی کەی هەر ئەم شیعرەمان بلاو کردەوە.

***

خەیاڵی خاڵی(١)

١٩٤١

خەیاڵی خاڵی، هەرگاھ، بێ بەدڵما دووکەڵی ناڵەم
وەها ڕەش دادەگیرسێ، تەم ئەخاتە سەر سەری عالەم
لەژێر برژانگەوە، پرشنگی چاوی وا بریسکەی دا
وتم سیالەی بەرقە و لە هەوری ڕەش، بووە پەیدا

بەهاران گوڵ لەژێر خاکا، کە زیندوو ئەبنەوە، ئەڕوێن
بەعەشقی ئەو بەرۆکە سپیە، زەرد و سینە چاک دەردێن
نیگای ئەو چاوە بادامییە، وەهای کارکردە سەر ئەعزام
هەموو خوێنی لەشم، یەکسەر بەجارێ بوو بەڕۆن بادام
بەیادی ڕووی گوڵی، چاوم لەسەر هەر بەردێ، کە گریابێ
کە بەردیان کرد بەشووشە، پڕ گوڵاوە، عەشق ئەبێ وابێ

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

«پیرەمێرد ئێستایش شایی ڕەشبەڵەک
چاکترە لەلای لە کوڵی دەڵەک»

***

بەفری بەهار

مارتی ١٩٤٣

بەفری ڕوو سپی بەدەمە و بەهار
سەری دایەوە سەرمای پێ بوو هار
ئاوەدانی و چۆڵ، وەک پەمووودانە
لە لۆکەی بەفرا، تێکرا پەنهانە
دڵسارد و ڕووڕەش، بێ بەزەییە
ڕووسپیەتیەکەی ناوی تورکییە
وەک گەنمەشامی، برێشکەی سەر ساج
سپی هەڵگەڕا، هەژار بێ عیلاج
کلکە خاکەناز لەسەرما سووتا
گوێسوانەکانمان بەزوقم ڕووخا
گوێکەی درەختی نازداری ترسان
پەلکی وەنەوشەی سیس کرد، چرووسان
ئەو چاوە جوانەی نێرگسی کوێر کرد
بەستەڵەک دەستی خانمەڵی(١)ی لێ برد
پیرێژنان ئەڵێن، بەفر ئارد بووە
قەدریان نەگرتوە لە کیسیان چووە

چی دەبوو بەفر شەکر بوایە
سەرمایە(٢) ئەبوو بۆ ئەم سەرمایە
هاتووە خۆی پیشان هەڵەکۆک ئەدا
جاڕی ڕیسوایی کۆکە کۆک ئەدا

....

(١) خانمەلی: جۆرە گوڵێکە کە لەبەهارانا لەسەرەتاوە سەوز ئەبێت م. ه

(٢) سەرمایەی یەکەم لەم نیوە دێڕەدا واتا سامان و دەستمایە. وەسەرمایەی دووەم واتا «سەرما»

***

سێ تاکە بەیت

یەکەم: **١٩٣٣**

«سەرەتای دەرکەوت، نواب-ی تازە
دەمێکە، زۆرکەس، ئاواتەخوازە»

دووەم: **١٩٣٣**

«سەرەتای کارێ، کە زۆر، بەکارە
خوا، بیکا بەهۆی، چاکیی ئەم شارە»

سێیەم: **١٩٣٣**

«کاولەکەی وەتەن، هێندە شیرینە
ژاری دووپشکی عەربەت هەنگوینە»

***

دیداری تۆ(١)

تەمموزی **١٩٤٨**

لە زومرەی بێ نەوایاندا، گرفتاری خەمی ژینم
بەرووزەردی، بەڕووما جاریە فرمێسکی خوێنینم
بەداخی تۆوە، وەک من سەد هەزارانێ گرفتارن
لەناویانا منی بێ بەرگ و بار، وەک چقڵی بەرژینم
سرەوتم نییە هەرگیز، لەڕووی ئەم خاکەدا چی بکەم
دەمێ مەجنونی دوجەیلم، دەمێ فەرهادی شیرینم
جیهان گەر ڕووبەڕووی من بێ، بەمەردی پشتی تێ ناکەم
بەڵام تەنها لە عەشقی تۆوەیە، ترسان و لەرزینم

لەدنیادا کە هیچ خۆشیم نەدی، ڕەنگە لە قەبریشا
بەلاما ڕابووری، ببیەی، فغان و ئاهو ناڵینم

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بلاونەکراوەتەوە. پیرەمێرد لەم شیعرەدا ویستوویە لاسایی شاعیرە کلاسیکییەکان بکاتەوە.

***

گەلێ سزام دی(١)

١٩٤٦

گەلێ سزام دی، لە ڕووی زەمیندا
زۆر نەهاتی هات، بەدڵەی خەمگیندا
ئەترسم بمرم، لەو دنیاش وا بم
ڕیسوا و سەرگەردان، هەر ڕەنج بە با بم
چۆن لە دنیادا، عومرم بەربادە
چۆن ڕەنجم هەروەک، ڕەنجی فەرهادە
ئەترسم لەولا ، ڕەنجەڕۆتر بم
خۆشی نەبینم، دەسخەڕۆتر بم
سا خوا ڕەحمێ بکەی بەحاڵم
هێجگار سووتاوم وەک کۆی زوخاڵم
تەنها یەک ئاوات ماوە بیخوازم
توو گەورەیی خۆت بدە نیازم
ئەویش، ئەوەیە، لە دوای مردنم
لە دوای گیانەڵا و ڕۆح سپاردنم
خۆزگە ئەبوومە دارێ لە خواوە
ئەڕوام لە تەنیشت گڵکۆی لەیلاوە
بەڵکو بۆ مەحشەر، زیندوو بووینەوە
بەگورجی دەستی، یەک بگرینەوە
با لەڕێی حەشرا، لەیل دەلیلم بێ
بۆ پرس و جوابیش، خۆی وەکیلم بێ

بۆ گوناهباریم، تکا کارم بێ
شاهێدی سزای، ڕۆژگارم بێ
ئەگەر وانەبێ، هەی ماڵ وێرانم
نە لە پرس ئەگەم، نە جواب ئەزانم

....
(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەهەڵە و لەبەر نەشارەزایی کەوتۆتە دیوانی وەلی دێوانەوە کە (مەحموود خاکی و س.ع. شادمان) زۆر بەناتەواویساڵی (١٩٨٣) بۆ جاری دووەم چاپیان کردۆتەوە.

***

ڕۆژی تازە

مارتی ١٩٣٢

ڕۆژی تازەی، ساڵی تازەی، ئێمە هات
ڕۆژهەڵات، ڕۆژی هەڵات، سەرما هەڵات
بای بەهار هات، خاکی زیندوو کردەوە
بۆیە نێرگس، چاوی مەستی کردەوە
نەوجوانی هات و پیری بردەوە
تیشکی ڕۆژ دەرکەوت، تەمی لابردەوە
هەردە سەوز و مۆر وێنەی بەرگی بووک
شایی دەنوێنێ، چراخانی گلووک
شەونمی ناو لالە بادەی بولبولە
بەو مەیە سەرخۆشە وا شەیدای گوڵە
چونکە خۆش ئاوازە[1]، هەم ئاواتەخواز
زۆر بەسۆزە، ناڵەکەی وەک سۆزوساز
هاتە جونبوش ئاو و سەوزە و با و درەخت
دەوری کانی بوو بەگوڵزاری بەهەشت
ئەو بەهەشتە خۆشە جێی بەزمی جەمە
دەم بەدەم جێی یەکگیری هەمدەمە
بورجی بەرخە، ڕۆژ سەرەفرازی ئەکا
بەرخی ئێمەش بۆیە وا بازی ئەکا

....
(١) لای م. ه بەهەڵە نووسراوە: چونکە خۆش ئاواتە، هەم ئاواتەخواز.

نەوبەهار

١٩٤٠

یاران نەوبەهار، یاران نەوبەهار
خوا نەشئەیەکی وای دا بە بەهار
گیاندار و بێ گیان، زەوی و گیا و دار
خرۆشا و زەڵمیش کەوتە هاڕەهاڕ
سەری نایە دەشت وێڵ و بێ قەرار
بەشۆڕی شێتی خۆی ئەدا لەدار
شارەزوور بەرگی سەوزی لەبەردا
کەمەری زیوی چەم لەکەمەردا
هەوای بووکێنی تازە لە سەردا
چەند خوازبێنێکە لە داخ و دەردا
دەستی لە زاوای نێرەمووک بەردا
لە دەردی سەری نابەکار بێزار
نێرگس بەدیدەی شۆخ و شەنگەوە
پۆڕ بەکناچەی خۆش ئاهەنگەوە
ڕاوکەر بەشوێنیا بەتفەنگەوە
نێرەکەر بەجۆش زەڕە و دەنگەوە
هەندێ بەسەودای قەنگەی بەنگەوە
هەریەک بەڕەنگێ کەوتوونە ڕووی کار

***

بەهاری کەنار شار[1]

مارتی ١٩٣٢

دوێنێ بەیانی، چوومە قەراغ شار
خەیمەی بەهار بوو، دیارە و دیار
لە پرشەی ئاونگ، بەتیشکی هەتاو
گوڵ چووبوە شێوەی، بووکی سەربەدراو
شنەی بای بەهار، ئەیدا لە غونچە
ئەیگەشاندەوە و لای ئەدا پەچە

نەک دڵێ سەد دڵ، ئاواتەخوازی
ئەو پێکەنینە و گوریشمە و نازی
هەمیشە بەهار لە کەناری چەم
بووبوە لاگیرە و گوڵی سەر پەرچەم
لەڕێگاکانا، گوڵە زەرد یەکسەر
بووبوە زنجیرەی، تەڵای پشتەسەر
قەتارەی نەسرین لە نسێ و و شیو
بریسکەی ئەدا، وەک هەیاسەی زیو
سێپەڕە و مینا، بەخنجیلانە
ئەت وت ملوانکەی موورو و شیلانە
پەلکی گۆزروان، بەسەر گیاوە
جووتێ دڵخوازە، وا تێک ئالاوە
ئەگریجەی بووکە، بەڕەزا و چنوور
چاران چەقیلە، بۆتە تارای سوور
لیسپی گیای پیشۆک ئەدۆزرێتەوە
وێنەی پرچی کچ ئەهۆنرێتەوە
گوڵی زەرد و سوور لەگەڵ ئەرخەوان
وەک جسری مۆدە بەڕۆژی شەموان
شەوبۆ و ڕیحانە و کەنێر و گیابەن
پەکی لاوانتەی ئەوروپا ئەخەن
شنگ و هەڵەکۆک، چەورە و پێقەلە
چاوبازە و بزنە، ڕیشە و خەرتەلە
کاشمە و بیزا لوشە و ترشۆکە
کوزەڵە و کاردوو پونگە و بەنگۆکە
تۆڵەکە و جاترە، شویت بەڕیزە
کەرەوز، تەرخوون، پیاز، تەڕەتیزە
ئەمانە هەمووی کە گیای بەهارن
هەریەک بۆ دەردێک دەرمان و چارن
سەوزەڵە و نازدار بەلەنجەو لارن
تازە کچۆڵەی تیپی گوڵزارن

کارێزی شەریف مەڵبەندی جوانان
ئاخی پێ ئەبەن پەری ئاسمانان
ئەو ئاوە جوانەی، لەو دەشتە وێڵە
چاوی قرژانگی لە چاوا لێڵە
هاڕەهاڕی ئاو لەو کۆرە شیوە(٢)
وەک سەرچۆپیکێش، دێتە قریوە
نازناز و نێرگس، شەوبۆ و گەزیزە
هەڵدەپەڕن وەک، کچان بەڕیزە
دەستیان گرتبوو، پڕ جۆش و خرۆش
گۆرانیبێژیان، بولبولی دەنگخۆش
بەسۆز و ناڵە پیاوی ئەگریان
وەک کای کۆن دڵی منی ئەسووتان
دار و گیا و گیاندار، پڕ نەشئە و دڵخۆش
من و وەنەوشە مل کەچ و شین پۆش
ئەو پابەندی خاک، کۆنە هەواران
من زێدەوانی مەزاری یاران

....

(١) ئەم شیعرە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٢دا، لە ژمارەی ٣١٣ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لای م. ھ نووسراوە (١٩٣١/٤/١٠)

(٢) کۆرەشیو: کوێرەشیو کە لە بەهارانا ئەبووژێتەوە.

***

بەیادی کۆن

١٩٣٢

ڕۆژێ بۆ سەیری، تەیارەخانە
ئەجەل بردمیە، سەر ڕێی ئەو جوانە
بۆمبای نێو نیگا درا لە جەرگم
شەهیدم کفن، مەکەن بەبەرگم(١)
وتم هەر منم، کوشتەی ئەو چاوە
ڕوانیم لاڵ و پاڵ، زۆرن لەو ناوە

قۆچی قوربانیان، جەژنی قوربانە
ئەو دەشتە بووە بەقەسابخانە

....

(١) ئەم نیوە دێڕە هی وەلی دێوانەیە کە دەڵێت «شەهیدم کەفەن مەکەن وەبەرگم»

***

محەبەت وەک یار(١)

١٩٤٦

محەبەت وەک یار، خۆی بێ وەفایە
دڵی ڕووخاندم، کە خۆیشی تیایە
ناڵەیش هەر جەرگی من ئەسووتێنێ
لە ئاقاری ئەو تەئسیر نانوێنێ
لەتنۆکی باران خوا گەوهەر ئەکا
فرمێسکی منیش هەر چاو تەڕ ئەکا
پیرێک شوێن جوانی کەوت بەسەوداوە
وتیان عومر ئەڕوا و مەرگی لە دواوە
بەزیندوویی هێند بەدەورتا گەڕام
کە مردم ئەگەر بێت و بێتە لام
عەشق کێلی قەبرم، دێنێتە تەلاش
ئەسووڕێتەوە، وەک بەرداشی ئاش
کای کۆن ئاگری گرت ناکوژێتەوە
پیر بەهەوای عەشق ئەبووژێتەوە
مەولەوی پیرم، فەرمووی بەم حاڵە
دەورەی بلوغی عاشق سەد ساڵە

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

دەردی گرانی(١)

تەمموزی ١٩٤١

دەردی گرانی، گرانی کەم بوو
سەبوونی چلەی، سووکی بۆ غەم بوو

هەناسەی ساردی، دەم گەرمی گەرمام
ئیتر ناکەومە جێی گەرما ، گەر مام
ئەڵێن هودڕە، لەم شارەزوورە
کەری خستووە، لەم شارە زوورە
هاوین هاودەمی، مار و دووپشکێن
لەبەشی ژارا، خێوی دوو پشکێن
ئای بۆ تاڤگەکەی، سەر ڕێگای بەڵخە
ئەو ئاوە ساردەی، بێ قەوزە و بەڵغە
هی واشمان هەیە، بەیادی مەستان
ژووری زستانەی لێ بووە بەکوێستان(٢)

....

(١) پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی نووسیوەتەوە و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دەقەیان لە لاپەڕە ١٤٧ی دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو کراوەتەوە.
(٢) پیرەمێرد لەم دێڕەدا نیازی لە شێوەی ژیانی خۆیەتی کە ساڵ دوانزە مانگە لە ژووری قەلەندەرخانەکەیدا خزابوو. بەبێ ئەوەی گوێ بداتە گەرمای هاوین.

***

گەرما(١)

١٩٤٠

گەرمەی تێکەڵی لە گەرما و گەرما
بۆ سەری سەرما ، بکشێن بەسەرما
لەجێی کەمەرە(٢)، دەست لە کەمەردا
بەبۆی هەناسەم، سنگ سێوی دەردا
کە جوو(٣) لە ترسا ، جۆی جوو لە ترسا
پارسا(٤) پارسەنگ بوو ، بۆ پەچە ترسا
پار پارامەوە، بەنیگای تکا
ئەبرۆی پێک هێنا ، ئابڕووم تکا

....

(١) م. ھ نووسیویە ئەم شیعرە، پیرەمێرد لە ٢١ی مارتی ١٩٤١دا پێشکەشی (شێخ محەممەدی خاڵ)ی کردووە. بەڵام پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ژمارە٥٩٣ی (ژین)ی ساڵی ١٩٤٠دا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها مامۆستا م. ھ لەلاپەڕە ٢٩٨ی دیوانەکەدا ئەو پێشەکیەی نووسیوەتەوە کە پیرەمێرد کاتی خۆی لە پێشەکی ئەو شیعرەدا نووسیویە و لەو ژمارەیەی (ژین)دا کە باسمان کرد بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە لەمەشدا مامۆستا م. ھ

دەستکاری ئەو چەند ڕستەیەی کردووە و لێرەدا دەقەکەی پیرەمێرد و ئەوی دیوانەکە هەردوو دەنووسینەوە هەتا جیاوازیەکە دیار بێت، جگە لەمەش لەلاپەڕە ٢٩٩دا سەبارەت هەمان شیعر مامۆستا چەند بیروڕایەکی خۆی نووسیوە، کە لەم دیوانەدا و لەشوێنی خۆیدا سەرنجی خۆمانی بەرامبەر دەنووسین!!.

دەقی نووسینی دیوانەکەی م. ه

ئاخ، خۆزگە ئەمتوانی، ئەم جلوە و ئاهەنگە، کە لە زمانی کوردیدا هەیە ئەم هەموو موڵکی مەرام و مەعنایە، کە لەوتەیەکی ئەوا پەیدا ئەبێت، بەزمانی چەند دەوڵەتێک ئەم هێنایە پێش چاو، هەتاکو تێبگەیشتنایە کە زمانی کوردی چەند ڕەنگین و دڵ نشینە. ئەمە چەند دێڕێکە، تەنها بۆ ئەوە وتراوە کە لە شێوەی یەک نووسیندا مەعنایەکی جوێی لێ ئەبێتەوە.

دەقی نووسینی پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەدا:

ئاخ، خۆزگە ئەمتوانی ئەم جلوە و ئاهەنگە کە لە زبانی کوردیدایە و ئەم هەموو لکی مەرامە و مەعنایە کە لە کەلیمەیەکی ئەو پەیدا ئەبێ بەزبانی چەند دەوڵەتێک ئەم هێنایە پێش چاو تا تێبگەیشتنایە چەند ڕەنگین و دڵ نشینە. ئەمە چەند شیعرێکە، تەنها بۆ ئەوە نووسراوە کە لە شێوەی یەک نووسیندا چەند مەعنایەکی جوێ جوێی لێ ئەبێتەوە.

(٢) کەمەرە جۆرە خشڵێکە ئەکرێتە کەمەری ئافرەت.

(٣) جووی یەکەم جوولەکەیەو جووی دووەم (جوین)ـە.

(٤) پارسا: خواپەرست و پیاوی ئایینی (عابد).

***

کردەوەی هیتلەر[١]

١٩٤١

کردەوەی هیتلەر بێن تەماشاکەن
ئەوسا لە حزبی نازی حاشاکەن
بزانن هەروا چە پەنگێکی دا
بەگیانلەبەری ڕووی هەموو دنیا
دەبا من باسی ئێستای لای خۆمان
شتێکی بۆ سەیر بخەمە مەیدان
دەردی بێ بەرگی ئای کارێک ئەکا
ڕووتین وەکو سلق، بێ بەرگین وەک گا
خۆ بەرگ و خواردن ئەمەندە بوون گران
پێیان ناوێرین، بوونە دێو لێمان
ئای لەو سەعاتەی دێینە شت کڕین
هێندەی ئەمێنێ باڵ بگرین، بفڕین

قاچم پێڵاوی پێوە نەماوە
بلۆقە و گەلێ جێی قڵێشاوە
کەچی ناوێرم خۆم قەرەی پێڵاو
بخەم، ئەترسم نەک بکەومە داو
ئەو کارەی کەوا شەکر و چا ئەیکەن
نەبووە و نابێ هەتا بەدەگمەن
ئەمەندە گەرمن، دەم ئەسووتێنن
پشتی دارایی هەژار ئەشکێنن
کار و کاسبی هەر ناویان ماوە
ئێستە ڕۆژێکە کە معاش باوە
ئەویش بەپارەش دەس کەس ناکەوێ
خوایە بۆ هەندێک، سازکەی بسرەوێ
لەبەر بێ دەستی بەهیوای معاش
گەلێ شاعیری کاسب بوون بەجاش
دەردی هیتلەرن، ئەمانە هەموو
لەناوی بەری خوایە زوو بەزوو
هێشتا گەلێکی ماوە برادەر
چاکە کۆتای کەم، گرانە دەفتەر
(عصبة الأمم) دەخیلە هاوار
فریامان کەوە، جارێکە و ئەمجار

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

های گەرمای هاوین

١٩٤١

های گەرمای هاوین، های گەرمای هاوین
قرچەی تێخستین، بەتەوژم و تین
ڕەشەبا دیسان، لێمان کەوتە قین
نەباغی هێشتین، نەگوڵ نەپەرژین

هانامان بەتۆ، خوای (ژیان)و(ژین)(١)
(لدوس)ی ناوە، لای تورک ڕەشەبا
لەگەڵ پەیدابوو، نەشئەی خەڵک ئەبا
تەختە قروسی وەک دێڵە بەبا
ئەسووڕێتەوە، خەو و خوێن ئەبا
بەبۆنی پیس و بەخروو گەزین
گوڵ و گوڵاڵان، کەوتنە پەستی
بولبول وا دیارە، ماری خار گەستی
نەناڵەی دیارە، نەسەدای هەستی
ڕێی ڕاوەماسیش، مەرەزە بەستی
وەرن بەشینی بەهار تێر بگرین

(١) مەبەستی لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)ە.

***

پایزی دڵتەنگ

١٩٣٩

پایز دڵتەنگە، پایز دڵتەنگە
هەوری نوێی پایز، زویرە دڵتەنگە
تەلی تەمورەی، غەم پڕ ئاهەنگە(١)
پیری دەربارەی جوانی بەجەنگە
ڕەشەبا لێمان بەژار و ژەنگە
گەڵاڕێزانە، گوڵ ئاڵتون ڕەنگە
شەتاوان لە دەشت بەپێچ و دەورە
سەرشێتن لەدەس جەوری ئەم دەورە
تەم بەبەرگی شین، کێوی داپۆشی
بولبول ڕووی کردە، لانەی خامۆشی
خەڵووزە(٢) گەڵای، بێستانی سووتان
گەڵاویژ بەرگی هەتیوی دڕان
کچە کورد بەڕیز بە بەرزانەوە
بەلەرز ئەلەرزن بە(لەرزانە)(٣)وە

منالان سەریان، کەوتە ژێر قۆچکە(٤)
هۆمان کەوتەوە، جێی بەر بەڕۆچکە
ئەمان ڕوانیە ڕۆژ، بەڕووی ساردەوە
ئێستا پێویستە، وا خۆی شاردەوە
قاز و قولنگان، هاتنە خوارەوە
قیژ و هۆریانە بەسەر شارەوە
شەوگار درێژ بوو، بۆ ناڵەی غەمگین
زستان ستەمە، بەبێ دڵدار ژین
یارم بەئاشتی دەڵێن دێتەوە
بەختە بنوو با نەسڵەمێتەوە
خەڵک هاواریانە، لە بەختی نووستوو
من هاوار ئەکەم، بەختە زوو بنوو
خاڵانەی ئەوەی، وتم چاوکاڵان
تا چاو کاڵ ژینی بردم بەتاڵان

(١) لای م. ھ لە دیوانەکەدا لاپەڕە ١٤٨ ئەم بەیتە نەنووسراوە، هەروەها من ئەم شیعرەم لەبەر ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٥٨٤ی ساڵی ١٩٣٩ نووسییەوە و لەو نوسخەیەی لای م. ھ جیاوازە.
(٢) خەڵووزە: جۆرە نەخۆشییەکە تووشی بێستان ئەبێ م. ھ
(٣) لەرزانە: جۆرە خشڵێکە ئافرەت بۆ ڕازاندنەوەی خۆی بەکاری دێنێ.
(٤) قۆچکە: جۆرە کلاوێک بوو لە شێوەی کلێتەدا لە قوماش دروستیان ئەکرد و تەنها منداڵ لەسەری ئەکرد.

***

سێ تاکە بەیت

یەکەم: ١٩٣٣

«زۆر شاعیرم دی، لەم دیوە و دیوە!
نوکتەی (مەولەوی)م، لەکەس نەدیوە!»

دووەم: ١٩٣٣

«چوار پێچکەی لەناو تەنەکەی ئاوا
وەک سۆفی سەری، لەژێر کلاوا»

سێیەم: ١٩٣٣

«وا بەلرفە لرف، زستانمان بۆ هات
بەفر و بەستەڵەک کەوتە ناو وڵات»

لافی جوانی[1]

١٩٤٦

شەوێ مانگە شەوی چواردە، ناوەڕاستی بەهار
کەناری شار، هەموو لایەکی چیمەنە و گوڵزار
لەژێر تریفەی مانگدا، بەشەونمی ئەڵماس
دیاری بووکی بەهار، پوولەکەی بەرۆکی کراس
لە دەوری چەم بەقەتار، کرمەکی گوڵە زەردە
بوە بەخشڵ و گوڵاڵەیش بەئاڵی وەک (پەردە)
بەناو گوڵاڵەی سوورا بڕۆ ڕوەو (گۆیژە)
سەرت ئەخاتە سەمای شیعری بەرز، بەبێ پەیژە
لەپێشەوە لەسەر ئەستێری ئاوەکەی سەر ڕێ
بەپاکژی دەم و چاوت بشۆ، وەرە سەر ڕێ
بە کوردی ئێمە کە دەریاچە ناوی (ئەستێر)ـە
بەشەو چە جەوانە، لەناویا، جریوەی ئەستێرە
لەوێوە، چاو بخشێنە، لە نەخشی یەزدانی
دەبینی، شا ئەسەرە، تەختگای سلێمانی
وڵاتەکەت ئەمەیە، حەیفە نەیپەرستی بەدڵ
ئەوی کەخۆشی نەوێ، ڕووڕەشە و تەریق و خجڵ
بەئاوەڕۆیی (شەرەف) ڕادەخەن لە شوێنی فەرش
وەک ئەهریمەن، لە سلێمانیا، دز و ڕووڕەش

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

بۆ کوێخا خەلیلی بنگردی موان

١٩٥٠

کوێخا خەلیلی، بنگردی موان
(دپلۆم)ەی هەیە، زیاتر لە هەموان
ئەڵێ، هێنایان، لە بنگردیان نام!
گوایە، بەخێرێ، من لەوێ، کوێخام!

بنگردم هەرچەن (موو)انیشی بوو
بەڵام ئێشکچی، شەوانیشی بوو
جەردە، لەمانە، نەسڵەمیەوە
کۆنە ڕێویشی، دا بەدەمیەوە
لەپشت دەرگاوە، ئەبڵەق، ئەڕوانم
وەک مانگای مالوان، وا لەسەر گوانم

***

شەوێ لە ئوتەی هەگبەلی[1]

١٩٢٢

شەوێ مانگە شەوی چواردە، دەمەدەمی نیسان
بەهاری تازە، کە زستانی خستە ناو نسیان[2]
لە هەر دڵێکەوە، جۆشێ بەبانگی دەنگخۆشی
لە لالەزارەوە، شەونم، شەرابی مەیی نۆشی
خەریکی جونبوش و زاخاوی ژەنگی زستان بوون
کچ و کوڕ و ژن و مێرد، پێکەوە لە سەیران بوون
منیش لە خوارەوە، چووبوومە، گوێ لەبی دەریا
بەدەردی خۆمەوە گیرۆدە، بێ کەس و تەنیا
لەپاڵ درەختی سنەوبەر، کە ناوی (چام)ە لەوێ
ئەوەی نەخۆش بێ، هەوای داری چامی پێ ئەکەوێ
لە ئەستەموڵ لە (ئوتەی هەگبەلی) بەبێ دەنگیی
خزامە بن دەسی جوانان بەلاپلەرسەنگی
لە پێشمەوە، ژن و مێردێکی عەرعەر و لاولاو
کە تیشکی کۆڵمی ئەوان، مانگی خستبووە ناو ئاو
بە یەک دڵی، تەکیان دابوە یەک بەسەوداوە
بەخۆشەویستیەکی پاک و روون و ساواوە
بەمیهرەبانی (پەری شۆخی شەو) لەژوور سەریان[3]
بە تیشکی خۆی جلی زەربەفتی کردبووە بەریان
بە سۆزەوە، (کوڕە پرسی) لە هاوسەری گیانی
کە ڕۆژ هەڵێ و، ون ئەبێ کامی خۆشە؟ ئەیزانی!

کچە وتی: کە بەڕووی تۆوە، ڕۆژ هەڵێ خۆشە
بەمەستی چاوتەوە، دڵ نەشئەدارە، سەرخۆشە!
بەڵام کە کاتێ، لەپێش چاو نەبیت و دوور بی لە لام
بینایی لێڵە، لە زەردەڵ پەڕایە، ڕۆژی هیوام
بەخۆشەویستییەوە، کوڕ، دەستی کردە گەردنی یار
سڕی لە ئاوێنەی ڕووی، بەلێوی، ژەنگی غوبار
وتی کەتۆ ئەمە بی! کێ گەواهی عەشقم بێ؟(٤)
هەتا بژیم نەیەڵم، عەشقی تۆم لەلا کەم بێ

....

(١) پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ساڵی١٩٢٢ی زاینی دا لە تورکیا نووسیوە کە ئەوکاتە قایمقامی دورگەی (هەگبەلی ئوتە) یاخود (ئوتە بازاڕی) بووە. وە ئەم دوورگەیە بریتییە لە هاوینەهەوارێکی خۆش. وە ساڵی ١٩٣٩ سێ بەیتی دوایی شیعرەکەی بۆ زیادکردووە بۆ پیرۆزبایی کردن لە دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ.
(٢) لای م. ھ نووسراوە(نەی سان) واتە قامیشەڵان. ئێمە (نسیان)مان بەڕاست زانی.
(٣) پەری شۆخی شەو: واتا مانگ.
(٤) ئەمە دوا دێڕی ئەو شیعرەیە و پیرەمێرد بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە، لە کۆتایی شیعرەکەوە سێ بەیتی پیرۆزبایی بۆ گەلاوێژ نووسیوە! کە ئەمەیە:

کچە وتی، ئەوە ئەستێرەیەکی تازە هەڵات
بە کوردی ناوی (گەلاوێژ)ە، شەوقی دایە وڵات
وەرە بەشوعلەی ئەو سوێند بخۆین کەیەک دڵ بین
لە خزمەتی وەتەنا، هەوڵ بدەین، هەتاکو دەژین
لە (ژین)ەوە ئەمە شاباشی ڕێی گەلاوێژە
لە کۆمەڵێ ئودەبا، نوکتەبێژ و گوڵڕێژە

***

سەراپای کچە جاف

١٩٤٠

کچۆڵەی بەناز، کچۆڵەی بەناز
جنسی لەتیفی شۆخ و سەرفراز
شیرینی، دڵسۆز، لەیلی شەکەر ڕاز
خەندەی بۆ زامی، جگەر مەرهەم ساز
قوبەی سەر سینەت وەک هەرمێ وەڕاز
شەوقی تەویڵی، بەیانی بەهار
ئەگریجەی بۆ دڵ، وەک ڕشتەی زەننار(١)

بڕۆی بەڕووی ڕوو، لەڕووی توران لار
وێنەی پڕگاری، سنعی کردگار
برژانگ لە قەوسی ڕوودا تیرانداز
چاو دیدەی ئاهووی(٢)خەواڵووی خامۆش
برووسکەی تیژی شەڕ جۆی شەڕفرۆش
بەنەشئەی بادەی (نازی خۆی) سەرخۆش
مەیخانەی عەشقی، هێنایە خرۆش
حوسن و عەشق لەگەڵ یەک کەوتوونە ڕاز
گوارە کەوتۆتە، ژێر ئەگریجەی خاو
سەر ئاوێز وێنەی، لە خوێندا گیراو
لامل و گوارە، تەڵای تازە ساو
هەردوو ژێرماڵەی، فەرقی زەڕکڵاو
گیان و دڵ بۆیان هاتۆتە پەرواز
سەرگۆنا سێوی، لاسوورەی سەردەشت
پاوانەی داوی، گەنمەکەی بەهەشت
تامەزرۆ زۆرە، هیچ کەس لێی نەچەشت
کەمەربەستەی دەست، وەیسی ماهی دەشت
ئاڵ لەسەر سپی، نەقشیی کارساز
دەم قوتووی لەعلە، بەدوو لێوی ئاڵ(٣)
بووکی ڕۆح سووکی، وەک مناڵی کاڵ
دان ڕشتەیی لال، یاڕشتەی ئاماڵ
شەکری ناوچایی، بووە بەمیسال
خال هندوی بەکچی، بووە بەسەرباز
سینەی زیوی قاڵ، لە بۆتەی یەزدان
جووتێ شەمامەی، سەر تەرزی جەنان
هێشتا نەیدیوە، داستانی دەستان(٤)
پەنهانە لەژێر، کراسی کەتان
لەدرزی بەرۆک، وەک مانگ بەرق ئەنداز

....

(١) زەننار: جۆرە پشتێنێک بووە کە سەلیبییەکان لە کاتی شەڕدا ئەیانبەست و خۆیان پێ شەتەک ئەدا بۆ گورج

بوونەوە. م. ھ

(٢) ئاهوو: ئاسک، مامز.

(٣) ئەم پێنج نیوە دێڕە لە نوسخەی م. ھ دا نە نووسراوە.

(٤) دەستان: لە قەبی ڕۆستەمی مازندەران (ڕۆستەمی زاڵ) بووە کە پاڵەوانێکی بەناوبانگە لە شانامەی فردەوسیدا.

تێبینی: ئەم شیعرەی ئێمە نووسیمانەوە و لە ژمارە(٦٠٦)ی ساڵی ١٩٤٠ی ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە. وە جیاوازی زۆرە لەگەڵ هەمان شیعردا کە لە لاپەڕە(١٥٥)ی دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو کراوەتەوە. من نازانم مامۆستا م. ھ لە کام سەرچاوەوە وەری گرتووە. ئەوا بۆ بەراورد ئەویش دەنووسینەوە.

سەراپای کچە جاف

کچۆڵەی بەناز، کچۆڵەی بەناز
جنسی لەتیفی، شۆخی سەرفراز
بازی عیشوەباز، دۆستی شەکەر ڕاز
پێکەنینەکەت، بۆ زام مەرهەم ساز
بولبولی سەرچڵ، سەرچڵی غەماز(*)
شاهێنی شاهی سەر قوللەی پێباز
ڕەنگی ڕوخسارت، بەیانی بەهار
ئەگریجەت بەندی، دڵە وەک زەننار
بڕۆت لە ڕووی ڕوو، تۆرکردوی لووت لار
کەوانە پەرگار، دەستی کردگار
برژانگ لە کەوان، ئەبرۆ تیر ئەنداز
چاو دیدەی ئاهووی، خەواڵووی خامۆش
برووسکەی تیلی، شەڕ جۆی شەڕفرۆش
بە نەشئەی بادەی، نازی خۆت سەرخۆش
مەیخانەی عەشقی، خستۆتە خرۆش
حوسن و عەشق لەگەڵ، یەک کەوتوونە ڕاز
گوارە کەوتۆتە، ژێر ئەگریجەی خاو
هەڵاوەسراوە، لە خوێندا گیراو
لامل و گوارە، هەردوو تەڵای تاو
هەردوو ژێرماڵەی، فەرقی زەرکڵاو
گیان و دڵ بۆیان، کەوتۆتە پەرواز
سەر گۆنای سێوی، لا سوورەی سەردەشت
پاوانەت داوی، گەنمەکەی بەهەشت
تامەزرۆ زۆرە، هیچ کەس لێی نەچەشت
کەمەربەستەی دەست، وەیسی ماهی دەشت
ئاڵ لەسەر سپی، سونعی کارساز
سینە زیوی قاڵ، لەبۆتەی یەزدان

جووتێک شەمامەی، بێستانی جنان
هێشتا نەیدیوە دەستانی دەستان
پەنهانە لەژێر، کراسی کەتان
لەدرزی بەرۆک، وەک مانگ بەرق ئەنداز

(*) ئەم نیوە دێرە لێرەدا زیادە چونکە هەموو پارچەکان پێنج نیوە دێڕە.

***

هەی کانی شەکراو(١)

١٩٤٠

هەی کانی شەکراو، هەی کانی شەکراو
کانیەکەت کانی، عەنبەر و گوڵاو
ئاوی زیندەگیت، ڕژاوەتە ناو
جێی حەسانەوەی، تیپی سەربەدراو(٢)
چەشمە سارێکی، سەر ڕێی نازداران
گوڵاڵەی دەورت، دەمی بەهاران
نەشئە دەخاتە(٣)، دڵی ڕێبواران
جێی سات(٤) و سەودای بۆ هەرزەکاران
گەرد و غوباری، ڕووی کچان ئەشۆی
تیف تیفەی زوڵفی، تیپی سەمەن بۆی
مایەی هەرزانی و ڕۆنی مەشکەدۆی
شوێن مەلەی قرگە و وێڵەدەری تۆی(٥)
کە مەشکەی لە کۆڵ، داگرت شۆڕە ژن
شڵپەی ئاو دێنێ، بەخرنگەی بازن
دڵ کون کون ئەکا، وەک سووژن ئاژن
چاو ڕوونیمان بێ، بەکوێری دوشمن
ئەم خاکە پاکە، کە دووربێ لە چاو
سەد چاوگەی تیایە، وەک چاوگی سەراو(٦)

قەدری نازانین، نایەینە بەرچاو
هاوارمە بۆ پیاو، بەجەرگی سووتاو(٧)

---

(١) کانی شەکراو: کانییەکە دەکەوێتە دەستەچەپی پردەکەی هۆمەوە کوێرەوە کە ئەکەونە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

(٢) سەر بەدراو: نیازی لەو کچ و ژنە لادێییانەیە کە پارەی زیو ئەکەن بەکڵاوەکانیانا وەکو تاکە و جووتەی عەجەم کە ئەمە لە کۆنەوە جۆرە خشڵێکی ناو کوردەوارییە.

(٣) لای م. هـ بەهەڵە نووسراوە «نەشئە دەماغتە» بڕوانە ل١٥٢.

(٤) لای م. هـ نووسراوە «جێی سازو و سەودای بۆ هەرزەکاران» کە دیارە وشەی «ساز» هەڵەیە و «سات» ڕاستە.

(٥) لای م. هـ نووسراوە «جێی وسڵی قڕگە و وێڵەدەری تۆی»

(٦-٧) ئەم پارچەیە لە شیعرەکە یەک بەیت بوو. واتە بەیتی یەکەم بوو لای م. هـ. بەڵام ئێمە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە٦١٢ی ساڵی ١٩٤٠دا بەیتێکی ترمان بینی و ناتەواوی شیعرەکەمان تەواوکرد.

***

کوردی پەتی(١)

١٩٣٣

ئەمساڵیش، دیسان وا گەیمە بەهار
سەوزەی مێرغوزار، سۆزەی میرغوزار
دوگمەی سەرسینەی، بەیان ترازا
بەیان بەگوڵی، سپی و سوور ڕازا
هەوری بەهاری، کوردی بەهەڵا
گوڵاڵە خەیمەی، ئاڵی خۆی هەڵا
بەرخ و کارژۆڵەی، بەهار بەقەتار
هەڵپەڕکێیانە، بە بەستە و قەتار
کە بای داراوس(٢)، ئەشنێتەوە
پیاو خۆی تێ ئەگا و ئەبووژێتەوە
ئەو بایەی خاکی، زیندوو کردەوە
پیری لە بیری، پیران بردەوە
بە دەماغ خۆیدا، لەدەماغی من
ئاخ بێ دەماغە(٣)، گوڵەباغی من
بە دەست پیریەوە، کۆکە کۆکمە
خوازبێنی بەفر و هەڵە کۆکمە

توخوا سا کوڕگەل، ئێوە و خوای خۆتان
سەیرکەن لە باتیم، تا دەلوێ بۆتان
کە (ژین) و بەهار، هەردوو بایەک بێ
جوانی و نەوجوانی، هەردوو بایەک بێ
ژین ئەو ژینەیە، بەیانیی بەهار
لە گۆشەی ئاوێ و یارێکی دڵدار
دوو دڵ یەک بۆ یەک. ئاواتەخواز بێ
نەک نەنگەویستی، نیاز و ناز بێ
دڵیان وەک ئاوی، بەیانیان ڕوون بێ
بەنەشئەی سەودای ڕووی یار گوڵگون بێ
تیشکی ڕۆژ بدا لەو ئاوە جوانە
شەوق بداتە سەر، کولّم و بڕوانە
بە زەردەخەنە، سەر گۆنای چاڵ بێ
بە بۆی هەناسە، هەڵگڕێ و ئاڵ بێ
دڵ سەراسیمەی، شێوەی نازی بێ
گوێی حەلقە لە گوێی، شیرین ڕازی بێ
گیان بادەی غەمزەی، چاوی بنۆشێ
دەست بێ پرس سێوی، سینەی بووشێ(٤)
ئەو سینە سافە، شەوق بداتە ئاو
ئاو بێتە لەرزە، شەرم هەڵسێ لەناو
سەرمەستی سەودا و سەر لەسەر ڕان بێ
ئەگریجە لەسەر ڕوو پەرێشان بێ
ئەو شلکەی ڕانە و زولفە سەد تەرزە
دڵ وەک (بی) ناو ئاو، بێنێتە لەرزە
دەم، دەمبەستەی تام، دوو لێوی ئاڵ بێ(٥)
زبانی بەستە، زبانت لاڵ بێ
ئنجا بەتکای، نیگا و بەنیاز
ڕازی دڵ بێتە سەرگرشمە و ناز
بەڵام عەشقی پاک، نەدەی بەئاوا
دڵێکی پاکی، منداڵی ساوا

چونکە عەشقی پاک، تاسەر ئەمێنێ
(وجود)یش نەبێ، ڕۆحت ئەژێنێ

....

(١) ئەم شیعرەی لای ئێمە هەندێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوی لای م. هـ. دا. ئێمە لەبەر ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە ٣٥٦ی ٩ی مارتی ١٩٣٣. نووسیمانەوە کە پیرەمێرد خۆی بڵاوی کردۆتەوە..

(٢) بای داراوس: شنە بایەکە زۆر سارد نییە و لە سەرەتای مانگی سێدا هەڵدەکات. دار گۆپکەی پێ دەکات.

(٣) بێ دەماغ: لێرەدا بەواتای بێ زەوق هاتووە.

(٤) لای م. هـ نووسراوە «بپۆشێ» بەڵام بەلای ئێمەوە «بووشێ» ڕاستترە.

(٥) لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا، لاپەڕە ١٨١ بەم جۆرە نووسراوە:

دەم بەستەی تامی دوو لێوی ئاڵ بێ
دەماغ سەرخۆشی دوو لیمۆی کاڵ بێ
بەڵام عەشقی پاک، تاسەر ئەمێنێ
وجودیش نەبێ، ڕۆحت ئەژێنێ
ئەوی ناتوانێ، کە خۆی ڕابگرێ
خۆڵەمێش ئەبا، لەجێی ئاگرێ

***

پیرەمێرد لەناو گوڵانا(*)

١٩٤٩

هەڵسە، وا گوڵان کەوتنە پێکەنین
با ساتێ لەناو گوڵانا بژین
یەکەم: (نەورۆز)ە، دەرچووە لە خاک
لە عەشقی یاران شێت و یەخەچاک
سێ گەڵای جوانی، لەملاو لەولاوە،
هەرسێ تەڵاقی، دڵتەنگی داوە
(ئابی) و (ئاوداری) و (نیلوفەڕ)ی زەرد
حاشیەی دەوری وەک خاڵی بێگەرد
(گوڵە قەیسەری) بەرزە و ڕەنگاوڕەنگ
(لالە) و (شقائق) ئاڵ و شۆخ و شەنگ
(شەوبۆی) عەتر ئامێز، خۆش بۆی خۆش نەفەس
بۆ بەرگەردنی (مینایی) ئەنفەس

(گوڵە سوسەنان) نازک و نازدار
شفایە بۆ دەرد، (شەقشەقە) و (بیمار)
(فامیلیا)ی سپی، لە پای بەفراوان
لەنجەولارێتی، وەک کۆرپەی باوان
(چنوور) لە دەوری، حەلقەی بەستووە
ئەگەر پێی پیا نێی، پێتی گەستووە(١)
(گوڵە بەڕۆژە) عاشقی تەواوە
ئەسووڕێتەوە، ڕوو لە هەتاوە
(نیلوفەڕ) ئەویش، پەروەردی ئاوە
کە لە ئاوبڕا، بێ ئاو خنکاوە
(وەنەوشە)ی سەرشین، لەشوێن هەواران
گەردن کەچی غەم، دووری نازداران
(بەڕەزا) بەچین طوڕەی تاتاوە(٢)
با ئەیشەکێنێ، بەملاو بەولاوە
بەشکنجی زوڵف، خۆش قوماشەوە
تاتا پەخشانە، بەڕووی تاشەوە
(پەردە عروسی) لە پەردەی سوورا
ناز و نووزیە، بەسەر (چنوور)ا
گوڵی (بەیبوون) و گوڵی (مفرەح)
بۆنیان خۆشترە لە مسکی و قەدەح
گوڵی (سنەوبەر) گوڵی (یاسەمەن)
لەگەڵ (نەسرین) و گوڵی (نەستەرەن)
گوڵی (نیسان) و گوڵی (زەردەگوڵ)
پێکەوە ئەڕوێن، لەگەڵ (قرنفل)
گوڵی (خاشخاش) و گوڵی (کۆهکەن)
گوڵی (پایتونیا) ڕەونەقی چەمەن
گوڵی شاپەسەن، لالە عەباسی
(چەشمە خرۆش)، و (زوڵفی هەیاسی)
گوڵی (ئەسپەکی) و گوڵی (دووپشکە)
گوڵی (قەتارە) و گوڵی (گوێ مشکە)
گوڵی (ساقی سپی) و گوڵی (خەنایی)

(گوڵچینی) و (جەوهەر) (گوڵەخەتایی)
(خەتمی) و (گوڵ تەبەق) دوو شێوە و دوو ڕەنگ
باڵا وەک بەیداغ، درەفشی ڕووی جەنگ[3]
(لاو لاو) عاشقی، نەوبەرنەمامان
تێوە دەئاڵێ، سەر تا بەدامان
ئەمانە ئەڕوێن، لە خاکەکەمان
کەچی قەومەکەم، لە پایەی کەمان
بەهارمان خەزان، پێ هەڵخزانە
بۆ نەونەمامان، گەڵاڕێزانە
ساخوایە ئێمەش، تەنها تۆمان هەی
پەروەردگاری، کەرەمت بۆ کەی

....

(*) ئەو ناوانەی لەنێوان کەوانەکاندان هەمووی ناوی گوڵە.
(١) لای م. هـ نووسراوە «پەنجەی پێی پیاناى بەدی گەستوە» کە تێنەگەیشتم ماناکەی چییە ؟!.
(٢) ئەمە دەقی بەیتێکی شیعری مەولەوییە و پیرەمێرد ئاماژەی بۆ نەکردووە. بڕوانە دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ل٤٧٤.

«بە ڕەزا بەو چین توغرای تاتاوە
شەماڵ مشانۆش، بانێ وەی لاوە»

(٣) لای م. هـ «درەخشی» نووسراوە. بەڵام «درەفشی» ڕاستە.

***

دڵەم نەویوە[1]

١٩٤١

دڵەم نەویوە، دڵەم نەویوە
ڕەگی زیندەگیم، ئەم دیوە و دیوە
جەرگم، دڕکێکی، تێ هەڵچەقیوە
هیچ کەس، دەردی وا، سەختی نەدیوە
دوایی نەفەسمە، ساخودا هاوار
بینایی دیدەم، کوێری پیا لکا
تاقەت وەک فرمێسک، بەچاوما تکا
خوێن لە برینم، وەک سەیل سەر ئەکا
شووشەی ئومێدم، قلێپ بوەوە و شکا

زیندەگی دنیام، لێ بوە بەبار
گوڵم ناشتبوو، لە ساقی جوانا
پاراستم لەناو، سەرمای زستانا
ئەهاتنە سەیری، لەبەر هەیوانا
خۆم هەڵدەکێشا، لەناو یارانا
ئاخ چاوی پیسی، لێ کەوتبووە کار
لە پڕ بای خەزان، گەڵای هەڵوەران
وەیشوومە ساقی، ئەو گوڵەی شکان
ڕەشەبا لانەی، بولبولی ڕووخان
ئاگر خەرمانی، هیوامی سووتان
ناڵەم گەییشتە، لای پەروەردگار
پەنام بەتۆیە، شای دڵدڵ سوار
دەستێ بدەرە، قەبزەی زولفەقار
غیرەتی مەردیم، بۆ بخەرەکار
بدەن لە کەللەی بەدی نابەکار
(.............................)[2]

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.
(٢) بەداخەوە لە ڕۆژنامەکەدا ئەو نیوە دێڕە کەوتبوو.

***

دانیشتبووین لەگەڵ یار

١٩٣٢

دانیشتبووین لەگەڵ یار
من سەرمەست و ئەو هۆشیار
بە تیلەی چاوی بیمار
دڵمی فڕاند بەیەکجار
شوێنی دڵ کەوتم ناچار
زۆری لێ پاڕامەوە[1]
ئاوڕێکی لێ دامەوە
کەوتم و هەڵنەستامەوە

تێکیەوە پێچامەوە
ئیختیاری بێ ئیختیار
ئنجا هاتە سەرینم
چاوی کەوت بەلەرزینم
گیان گەیبوە بەربینم
یەخەی لادا بیبینم
ڕوناک بوو دەر و دیوار
مانگ بەکەتان ڕازابوو
دوو دوگمەی ترازا بوو
دوونار لە نوور سازابوو
بالآ دەستی (بیضا) بوو
(نووری طور) لای تیرەوتار
هاتە گفتوگۆی یاری
بە شیرینیی گوفتاری
حەلّوای گەزۆ ئەباری
ئێجگار لێوی خالّداری
ئالّتر لە پەڕەی گولّنار
ئاخ نازانن، دلّ چۆنە
لە برووسکەی سەر گۆنە
ئاگر بەربووە کای کۆنە
کەوتمە مەلە وەک سۆنە
خۆم خستە بەرپێی دلّدار
بە دوو زولّفی وەک زنجیر(٢)
پێم بەسترابوو، وەک نێچیر
پێکەنی وتی ئەی پیر
وا تۆیشم هێنایە گیر
وەک جوانێکی بەختیار
پێم وت: پیری ئازاد بووم
قەلەندەری دلّشاد بووم

بەند نەبووم، بەندگوشاد بووم
قارەمانی، دێوزاد بووم
وا بۆ تۆ هاتمە ژێر بار
فەرمووی ئەو ڕۆژەی یەزدان
ئێمەی هێنایە مەیدان
ئەوسا بووین بەبناوان
بۆ سەرپەرشتی مێردان
ئێمە پیاو ئەخەینە کار
نەوەی پەرین، لە پێشین
ڕەگی دلّ ڕائەکێشین
بۆ لێ قەوماوان خوێشین
باری غەمتان ئەکێشین
هەم غەمخوارین، هەم دلّدار
گەر ئێمە نەبووینایە
پیاو چۆن ئەهاتە کایە
کەچی لای ئێوە وایە
جیهان هەر ئێوەی تیایە
خود پەسەند و دلّ ئازار
ئێمە حەز لە شەڕ ناکەین
بە هیوای خوێندن و چاکەین
نەتەوەی باش پەیداکەین
وێرانەمان، ئاواکەین
بە خوێندن ئەبین ڕزگار
ئەو مژدەیە لەو دەمە
لام هەناسەی مریەمە
چوومە ڕیزیان ئەو دەمە
خوا یاربێ ئەو سەردەمە
وەتەن دەکەین بەگولّزار

....

(١) پیرەمێرد ئەوەندە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا تواوەتەوە کە وێنەی دووەمی ئەو شیعرە فۆلکلۆریەی

بەکارهێناوە کە دەڵێت:

چەندی لێ پاڕامەوە
ئاوری لێ نەدامەوە
ئەو ئاوڕەی لێی دامەوە
کەوتم هەڵنەستامەوە

(٢) پیرەمێرد لەکاتی خۆیدا ئەم بەشەی شیعرەکەی بەشێوەی لاتینی لە ڕۆژنامەی ژیانی ژمارە٤٤٧ی ساڵی١٩٣٥دا بڵاو کردەوە و ویستی نووسینی کوردی بەلاتینی پەرە پێ بدات. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ پشتگیرییەکی نەبوو وازی لێ هێنا.

***

بەستەی کوردی

١٩٣٢

وا بەیانە، گزنگی خۆر دەرکەوت
نمی شەونم، بەتیشکی ڕۆژ سەرکەوت
خونچە گوڵ، خۆ نواندنی بەرکەوت(١)
بولبولیش شۆڕی خستە ناو گوڵزار
لالە، تارایە بۆ پەری شاخان
فێنکی گیانە، بادی ئێلاخان(٢)
دەمی ئێوارە، سێبەری باخان
خۆشە بۆ یار و بادە و دڵدار(٣)
ئەم تەرانەی گوڵ و ملە گیانە
بێ تۆ لای من ژیانی زیندانە
جەژن و شادیم هەمیشە گریانە
من و بولبول بەجووتە زار و هەژار
فێری فرمێسکن، گوڵاڵەی دەورم
وا لەداخی تۆ، بێ وەفا ئەمرم
چاوەڕێم کەوا، بێیتە سەر قەبرم
بەهەوات زیندوو ببمەوە دووجار
لەبەهەشتا بەیادی تۆ شادم
بە تەماشای فریشتە ئازادم
جەننەت ئەفرۆشم ئادەمیزادم(٤)
بەنیگاهێکی دیدەیی بیمار

چونکە کوردم، بەناو و داو گوردم(٥)
مردبووم، کە بۆ بەهەشتیان بردم
وتم، ئەو عەهدەیە کەوا کردم
خاکی خۆم ئەوێ، بەهەشت بەچکار

....

(١) لای م. ه نووسرابوو «بەکەوت» کە هەڵەیە.

(٢) هەروەها لە بڕی «ئێلاخان» نووسرابوو «لەیلا خان»، کە وا بزانم هەڵەیە.

(٣) نووسرابوو «خۆش بۆ یار و بادەیی سەر شار» کە نەمزانی مانای چییە؟!

تێبینی پیرەمێرد ئەم شیعرەی دووجار بڵاو کردۆتەوە بەم جۆرە:

١- ژیان ژمارە٣١٩ ساڵی ١٩٣٢

٢-ژین ژمارە ٧١٦ ساڵی ١٩٤٣

(٤) مەبەستی ئەوەیە کە ئادەم بۆ گەنمەکە بەهەشتی لەدەست خۆی دا.

(٥) لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا لاپەڕە ١٦٣ ئەم پارچەیەی شیعرەکە بڵاو نەکراوەتەوە کە چوار نیوەدێڕە و وا ئێمە بڵاومان کردەوە.

***

خەڵکی هاواری

١٩٤٢

خەڵکی هاواری، چاوی بەدیانە
کەچی خەنیمی، من چاوی جوانە
شاعیر تەشبیهی، مانگ ئەکەن بە ڕووت
(سەرو)یش دائەنێن، لەگەڵ باڵات جووت
مانگ لە ڕاستی ڕووت، وجوودی نییە
(سەرو)یش، بێ بەرە، نموودی چییە(١)
بە لێوت ئەڵێن، یاقیقی ئاڵە
یاقیق بێ گیان و بێ حاڵ و خاڵە
یاقیق بەردێکە، هەر بۆ نەخش ئەشێ(٢)
لێوت گیاندارە و، ڕۆحیش ئەبەخشێ
دەم، دەمی عیسات، بووە بەهاودەم
ئەم گیان ئەدا و من، گیانی بۆ ئەدەم(٣)

ڕووی تۆ نەخشێکە (جەلال) دایناوە[٤]
سەیری سونعی ئەو، بێ نوقتە ماوە

---

(١) لای م. ھ نووسرابوو «سەرویش بێ بەرە بەکەڵکی چییە».
(٢) ئەم بەیتە بەداخەوە لای م. ھ نەنووسرابوو بڕوانە لاپەڕەی ١٦٤ی پیرەمێردی نەمری محەمەد ڕەسوڵ ھاوار.
(٣) بەڕاستی ئەم بەیتەی پیرەمێرد زۆر شاعیرانە و وێنەیەکی ڕازاوەیە لەو جۆرە شیعرانەن کە پیرەمێرد خۆی ناوی نابوون «سەھلی ممتنع» واتە: ئاسانی گران.
(٤) لای م. ھ نووسرا بوو:
ڕووی تۆ نەخشێکە (جلال)ی ناوە
کە دیارە ئەمە ھەڵەیە و ھەم لە ڕووی ئاینیشەوە ناپەسەندە چونکە چۆن دەبێ بوترێ ڕووی تۆ نەخشێکە (خودای ناوە یا ناوی خوایە) دیارە ھەردەبێ نوسخەی ڕۆژنامەکە ڕاست بێت کە ئێمە بەکارمان ھێناوە و نووسراوە «ڕووی تۆ نەخشێکە جلال دایناوە» ئەگەریش جەلال نوقتەکەی لێ لابەرین دەبێتە (حەلاڵ).

***

تەفرە

١٩٣٢

بتزانیایە گۆڕە، سەرەنجامی ژینی تۆ
ئەڕزێ لەژێر گڵا، قەد و باڵای سیمینی تۆ
نامێنێ خاڵ و میل و دەم و پێکەنینی تۆ
دڵت نەدەشکاندم
بتزانیایە، جامەیەکی جاو لەبەر ئەکەی
تەڵقینی کوێرەکانە، لە جێی دەنگی ئایی و نەی
لەو جێگە تەنگ و تارە، بەتەنھایی ھەڵدەکەی
لە خۆت نەدەتەراندم
بتزانیایە، جوانی گوزەرگاھی پیرییە
مەرگیش کوتو پڕێکە دەوا ناپەزێرییە
دوایی ئەوی بەجوان ئەبڕێ دەستگیرییە
جوانیت پێ دەنواندم
بتزانیایە، دەست لەملانی کاتی بەیانیان
چەند خۆشە تا لە گۆڕ ئەخزی مەستی تێک خزان
چارەی بەبەزمی وایە غەمی گەردشی زەمان
دڵت نەدەشکاندم

ناڵە[١]

١٩٤٩

ناڵە جێی تەنگ بوو لە دڵما، وتی جێی تەنگ نەنگە
چوو، گەڕا، ھاتەوە، زانی ھەموو دنیا، تەنگە
تووڕە بوو بوو لەفغان، ئەو بتی شۆخ و شەنگە
وتم ھی تۆیە، ئەگەر تۆ نەبی دڵ بێ دەنگە
دۆستێکی ڕەحمەتیم وتی. دۆستیم لە کورد نەدی
خۆی چونکو ڕاست بوو، ڕاستی قسەی ھاتە دی
بە ڕۆژ ئەڵێم، کە بەشەو، نوێژ ئەکەم و ئەیش خوێنم
لەداخی (والە) و (دام) ئەو ڕووە لە کوێ بێنم
ئەمەندە خۆشە قومار، تا ھەناسە ھەڵدێنم
درەنگی پێ دەچێ، ھەڵدەگرێ خۆم بخنکێنم
ماچێکم ئەویست، لە لێوی بووکی دنیا[٢]
وتیان ئەمە یانسیبە نادرێ تەنیا
ڕام کرد کەبیتاقە وەرگرم، ئەو کێشرا
دنیا بۆ دەنی دەرچوو، بلوێری ژەنیا
ھاتمەوە و[٣] زۆر ناسیاو ھات بوو بەدۆست
دۆستی چی؟! ڕوانیم کە چاویان وا لە پۆست
ھەر شەوێ بستێ لە پۆستیان کەندم و برد
ھیچ نەبێ خۆ مامەوە، بێ دۆست و پۆست

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە. ئێمە لە (ژین)ی ژمارە ٩٨٣ی ساڵی ١٩٤٩وە وەرمان گرت.
(٢) نازانم چۆن پیرەمێرد حسابی کێشە شیعرییەکەی لێ تێک چووە و شیعرەکە تێکەڵە لە کێشەکانی ١٤، ١٣، ١٢، ١٠، ١١.
(٣) مەبەستی لە گەڕانەوەیەتی لە تورکیا لەساڵی (١٩٢٥)دا

***

موعەمما

١٩٤٩

شین و میم لەگەڵ، هەڵی بواردم
شێخ حەفصە[١] گەنمیساڵی بۆ ناردم
ئەمە گەنمەکەی حەوا و ئادەمە
دەرسێکە بۆ ئەم بەنی ئادەمە
حەوا گەنمی خوارد دەرچوو لە جەننەت
ئەم بەخشی، کەوتە جەننەت بێ مننەت
خواردن و بەخشین، بەریان لە کوێیە
بەخشندە و ماڵدار ناویشیان جوێیە

....

(١) شێخ حەفسە: حەپسە خانی نەقیب: کە بەو شێوەیە یارمەتی پیرەمێردی داوە وە ئەم شیعرە لای م. ه بلاو نەکراوەتەوە.

***

دڵ بەندی[١]

١٩٤٩

دڵ لە بەندی جگەرا، تاسەیی ڕووت ئەنوێنێ
هاتە ناو چاومەوە، تا ڕاست و ڕەوان بتبینێ
سەبر ئەوا هاتۆتە سەر ڕێی، ئەیەوێ بەندی کا
ئاخ تیلایی چاوم ئەیەوێ پەتی بپسێنێ
من کە ئاوارە نیگەهێکی دەبینم بۆ خۆم
ئاگرێکە ئەیەوێ کسپە لە جەرگ هەڵسێنێ
چوومە (پیراڵک) و تۆبەم لە هەوای جوانان کرد
جوان بەرەو پیرێ کە هات، تۆبە بەپیر ئەشکێنێ
شاعیری کۆن کە ئەڵێ، سەر و قەدی مەهـ ڕوخسار
بەو دوو تەشبیهە نەزاندوویی خۆیی ئەنوێنی
سەرووی بێ سەر، مەهی بێ لەش چ وجودێکی هەیە
خۆی لە ئاستی سەر و قەدی ئەوا هەڵشرنگێنێ

مـاری زوڵف، زەرکی موژە، قەوسی برۆ، چاڵی چەنە
ئەمە گوایە سیفەتی یارییە، گوایە ئەمترسێنێ
زوڵف بڕاوە خەتی لێو باوی نەما، تاشراوە
کۆنە لۆتی، لە گەڕایە، دۆم مەلەک ئەدوێنێ

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بلاو نەکراوەتەوە.

***

زەمهەریر[١]

١٩٥٠

بەفری سپی، کە ڕۆژی ڕەشی، بێ تفاقیە
هێند خوێنی ساردە، ڕووسپییەکی، سوقاقیە
ڕووی وەک خەڵووز بێ، دار و خەڵووزمان گران ئەکا
عالەم وەکو هەتیو، لە دەستی زاقەزاقیە
وا ڕێوی پێستە تووکنەکەی هەڵگێڕایەوە
کردی بەکەوڵ و کەڵکی نەبوو، واقەواقیە
گوارەی چلەی چلوورەیە، بۆ خاتوو زەمهەریر
گوێسوانە بەستی، بەسیەتی نۆرەی تەلاقیە
لەولاوە پارەدار شەوی پێ ڕۆژ ئەکاتەوە
مێزی قومار و دەنگی قەتار دەوری ساقیە
ڕۆژێک ئەبێ ئەمانە (طي السجل) هەمووی
هەڵپێچرێ و بڵێن ئەمە (يوم التلاقى)یە
ئای بۆ ئەوەی کەئەمرۆ بەشی خۆی لەپێشەوە[٢]
نارد و، ئیتر ئەمینە کە گەنجێکی باقیە

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بلاو نەکراوەتەوە.
(٢) واتا ئەوی کە لەم دنیا داوای خوای خۆی بەجێ هێناوە لەو دنیا دڵنیایە.

***

بەیادی (ملک الشعرا) ڕەمزی[١]

١٩٥٠

دڵی دڵ ڕاگرە، چونکو لەگەڵ تۆ، کۆنە یارێکە
دەمێ هاودەم بە، بەڵکو پێت نەڵێن ئازردەکارێکە
لە واپۆڕا[٢] کەسەیری ئاوی دەریام کرد، بەدڵ پێم گوت
هەزاران ئافەرین، وەک ئاوی چاوم، چەشمەسارێکە
بەئەگریجەی ڕەشی ڕووی بەرگی ماتەم پۆشی ئەفسوونە
وەفا کاری دەکا، بۆ کوشتوانی، تەعزێدارێکە
کە زوهرە دێتە بورجی نازو تاجی، زەڕ[٣]، لەسەر دەگرێ
خەڵووزە دڵ دەسووتێنێ، چە نوورێک و چە نارێکە
حەیاتی تاڵ، دەردی شەکەرم[٤]، شیرینە لا، چونکو
بەیادی گفتوگۆی شەکر لەب و، شیرین شکارێکە
وەرە، هاوشانی من بە، با قەدت، باچەوت نەکا گیانە
قەدی من وشکە دارێکە، بەڵام پارێزگارێکە
کە، با، بێ مایەی ژین، با کەبابێک بێ خۆراکی من
کەبابێکم، کە ئاگریشم، بەڕووتم، شوعلەبارێکە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بلاو نەکراوەتەوە، هەروەها پیرەمێرد لەم شیعرەدا ویستوویەتی لاسایی شیعرێکی (شێخ أبو الوفا)ی کوردی بکاتەوە، کە لەسەر هەمان شێوە وتوویەتی وە پیرەمێرد لە کاتی خۆیدا ئەو شیعرەی (شێخ أبو الوفای) بلاو کردۆتەوە، بەڵام نەینووسیوە کە ئەوە شیعرێکی فارسی (شێخ أبو الوفا)یە.

شیعرەکە وەها دەست پێ دەکات:

گۆڕینەکەی پیرەمێرد:

«بەڕوویا زولفی پەخشان کردووە، لەیل و نەهارێکە
لە شەودا ڕۆژی پەنهان کردووە، شێوەی عوزارێکە»

دیوانی پ.م ل٣٠٢

دەقە فارسییەکەی شێخ ابو الوفا:

«کند افگنده بر رخ زلف را، لیل و نهار است این
فروزان کرده در شب آفتابی را عذار است این»

یادی مەردان ب٢ ل٣٣٠

تەواوی ئەم دوو شیعرە لە بەشی گۆڕینەکانی پیرەمێرددا دەنووسین.

(٢) واپۆڕ: پاپۆڕ، کەشتی.

(٣) زەڕ: تەلا، زێڕ، ئاڵتوون.

(٤) مەبەستی لە نەخۆشی شەکرەیە کە تووشی هاتبوو.

***

خواپێداو

١٩٣٧

لەبەغدا کۆشکێ، لەکەناری شەت[١]
باغی پڕ بولبول، شەتی پڕ لە بەت
چیمەن زارێکە، گوڵ و پەرژینە
هەرچی هات جۆشی بەهەڵپەرینە
لێی ڕاکشابووم، بەخەیاڵەوە
بەشکو پەری بۆم بێتە ماڵەوە
ناگا چوار پەری، چوار دەوریان لێ دام
سفید پۆشێکیان، بەناز هاتە لام
بەتیلاییەکی، چاوی بیماری
دڵم ئەنگێورا، دەردم بوو کاری
من بەشەرارەی ئێشی زامەوە
لەبەر پێی ئەوا، ئەتلامەوە
لەپڕ قەهقەهەی، فریشتەی سەوزپۆش
گەییە سەروەختم هێنامیەوە هۆش
وتی: بەم پیرییە، چیت لە جوانانە
ئەکەویە داوی خاڵ و لەرزانە
وتم هەر پیرە، جوان تێک ئەبەستێ
نەمام بەداری، پیر، ڕائەوەستێ
وتی نامەوێ، تۆ نەمامگیر بی
بۆ ئەوە چاکی، نیشانەی تیر بی
تیرێکی هاویشت، لە برژانگەوە
وەک تیری شەهاب لە ڕووی مانگەوە
هات دای لە جەرگم، وامزانی مردم
جلە تازەکەی خوێناوی کردم
ئەو ڕۆیی ئنجا پەمەیی پۆش هات
ئەویش تیرێکی کردم بەخەڵات

وتی خۆت بگرە کافر بەگیری
پیری و بۆ ئێمە، کوڵەکەی تیری
وتم، تیرێکت لە جەرگی پیردا
سادەی تیرێکی تر بەشوێن تیر دا
بەم سێ تیرەوە دڵم نە ئەسرەوت
خوا دای زەرد پۆشێ، لەولاوە دەرکەوت
بەو باڵای ئاڵای سەروی نازەوە
بەو چاوە بازەی عیشوە بازەوە
تریقەی قاقای، زیندووی کردمەوە
ئێشی خەدەنگی لەبیر بردمەوە
بەمیهرەبانی هات بەلامەوە
دڵخۆشی دەوای زامی دامەوە
بانگی کرد هەر سێ پەری کوشندە
هاتنە سەرینم بەعیشوە و خەندە
وتیان، هەرچەند خوێن کەوتە بەینەوە
ئەمجارە هاتووین، ئاشتت کەینەوە
دەست لەملان و گەردن ئازایی
کردمانە کەیف و بەزمی چا و شایی
چایی لەسایەی، گەردنیا دیار بوو
حۆری بەهەشتیان، لا خزمەتکار بوو
سیانیان دەربارەی من لوتفکار بوو
بەڵام یەکێکیان، لەپێناو بێزار بوو
خوا تۆڵەی ئەویش لە بەد بستێنێ
دوژمنی جنسی لەتیف نەمێنێ
بەدەست لەملانیان بوومەوە بەکوڕ
سەرچۆپیم کێشا بەعەشق و بەگوڕ
بەدەماغەوە، ئەمگوت شا کێیە؟
بۆ کەس نەلواوە، ئەم هەڵپەڕکێیە

(١) نازانم پیرەمێرد بۆچی لێرەدا خۆی تووشی ئەو جووتە قافیەگران و ئێسک قورسە کردووە.

شێخ لەتیف کلێشەی (ژین)ی ناردووە

١٩٣٩

«شێخێکی لەتیف(١) بەلوتفکاری
کلێشەی ژینی، ناردووە بەدیاری
(ژین) بەفەخرەوە، نایە سەر وەک تاج
بەو خەتە جوانە، ئەگاتە ڕەواج

(١) مەبەست شێخ لەتیفی دانسازە.

***

بەیادی کۆن

١٩٣٩

خۆزگە یار ئەبوو بەخاوەن قەرز لێم
بۆ هەر کوێ ئەچووم ئەهاتە سەر ڕێم
یار لەناو ڕەزا، سەیری ترێی کرد
بۆڵێکم لێ خوارد مەست بووم دەستوبرد
بەیادی چاوی بادامی لەیلام
خوێنی بەدەنم بوو بەڕۆن بادام
فرمێسکم بۆ ڕووی لە بەرد تکا بوو
بەرد بوو بەشووشە گوڵاوی تیا بوو
مانگیش لەیەکتر کەوتوونە گزی
ڕەمەزان جەژنی لە شەوال دزی(١)
عەشرەی محەرەم کە جەژنی نووحە
بۆ شیعە بووە بەشین و نووحە(٢)
سوێند ئەخۆم هێشتا من تۆم نەدیوە
لەگەڵ تۆ شێت بووم هۆشم پەڕیوە

(١) ڕۆژەکانی جەژنی ڕەمەزان ئەکەوێتە مانگی (شەوال)ەوە کەچی جەژنەکەش بەجەژنی ڕەمەزان بەناوبانگە.
پیرەمێرد ئەم وردەکاریەی لە هەڵبەستێکی مەولەوییەوە وەرگرتووە، کە ئەڵێ:
ڕەمەزان طلوع صبح شادیشەن
شوال شام شووم نامرادیشەن

دەردینە شـــــوال ئای زام ســــەخـــتـــــە مـن
تاڵە شــــووم شــــوال ئای بەدبەخــتـــــەن مـن
غـــــورە غــــورەی ئەو، ســــەفـــاش پەی غــــەیری
ئازیز قـــیـــــبلەی مـن، وەفـــاش پەی غـــــەیری

واتە: مانگی ڕەمەزان بەدەرکەوتنی بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان شادیەتی چونکە ڕۆژەکانی جەژن لە خۆی نییە و کەچی بەناوی ئەویشەوە بەناوبانگە، ئای لە دەردەداریی مانگی (شەوال) و من. ئای لە بەدبەختی هەردووکمان. سەری مانگ هی شەواڵە و کەچی خۆشی و ئاهەنگەکەی بۆ ڕەمەزانە. ئازیزیش کە قیبلەی منە و ئەیپەرستم کەچی وەفای بۆ بێگانەیە. وەکو پیرەمێرد ئەڵێ مانگەکانیش کەوتوونە گزی کردن لە یەکتری و لەیەک ئەخۆن.

(٢) نووحە: نیازی لەو شین و شەپۆڕەیە کە شیعەکان بۆ حسەینی کوڕی عەلی ئەبی تالیب ئەکەن بەهۆی کوژرانییەوە لە کەربەلا. م. ه.

پیرەمێرد لەو هەڵبەستەیدا لەسەر پێڕەوی شاعیرەکانی کۆن خەریکی وردەکاری بووە و بۆ وشەی پڕ لێکدانەوە گەڕاوە و بەکاری هێناوە بەتایبەتی لە دزینی جەژنی ڕەمەزان لەلایەن مانگی ڕەمەزانەوە. لە دوا دێڕی هەڵبەستەکەدا بەئاشکرا دان بەوەدا ئەنێ کە ئەم هەست و سۆزەی کە لە سەرەتای هەڵبەستەکەیا گوایا بەرامبەر جوانێک دەری بڕیوە لە دوا دێڕی ئەو هەڵبەستەدا وەکو تەمی بەهار بەتیشکی ڕۆژ ڕەواوەتەوە، لە خەیاڵ بەولاوە هیچی لە کەللەدا نەماوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دووبارە ئەکاتەوە کەلەمەوبەر لێی دواین دەربارەی نەبوونی ژنێکی تایبەتی لە ژیانی پیرەمێردا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وەکو تەمورەی عەشقی دڵدارێکی هەرزەکار مرۆڤ ئەخاتە جۆش و خرۆش و لەگەڵ ئاوازی دێڕەکانیا پیاو بەخەیاڵ ئەفڕێ.م. ه

***

کۆترە باریکە

١٩٣٩

کـــۆترە باریکەی خـــاڵ و مـــیـل ڕەنگین
لانــەت لـە پــۆپــەی دارتــوبــای بــەریــن
(حق و هوت) نەغـمـەی جبـریلی ئەمین
بە گـــونای ئادەم کـــەوتە ســـەر زەمین
من و تۆ ڕشـتـــەی بەینەت لەمل بووین
نەشیدەخوانی خونچەی یەک گوڵ بووین
سەرمەستی نەشئەی بادەی یەک مل بووین
زادەی سروشـتی، یەک ئاو و گڵ بووین
کاتێ یەک باڵ و یەک مـاڵ بووین لەدەشت
چینەمان ئەکرد، لە دەشت وەک بەهەشت
لە ناکـاو دانەی بەدبەختـیـمـان چەشت

لانەمان ڕووخا بەبای شوومی وەشت(١)
هەردوو گـرفـتـار، داوی یەک سـەیاد
من لە داخـــاو تۆ، لە شـاخـــا ناشــاد
دەست بەستەی بێداد چەرخی کەچ بنیاد
نەمــــــردین ئەم جـــەژنەی ئازاد
ئەمـــــبـــــینی هەودای داوی نەهاتی
هۆنـراوەی پەنجـــــەی چەند هـاوولاتی
دڵســــۆز بووم ســــۆزم، ئەدی لەباتی
هەڵـۆ پەڕی خـــــۆی بوو بەخـــــەڵاتی
ئێـــســـتـــا کـــە دەوری دەوران وەرگـــەڕا
مـــانگای گـــەڵـبـــاخی مـــردوو دۆ بڕا
ژورناڵ، فۆڕمە، تەپڵ، هەرسێکیان دڕا
نـازانم پـیــــــــاوی بـەد چی پێ بـڕا

(١) لای م. ه نووسراوە: «لانەمان ڕووخا بەبای شۆڕی دەشت» کە مەبەست نادا بەدەستەوە.

***

بۆ «شێخ سەلام»ی شاعیر

١٩٣٩

«سـەلام، تۆ، شـیـعـرت، لەمن باشـتـرە
تا لە دوورتر بی، ناڵەت خـۆشـتـــرە!»

***

وا گوڵ بەسەرچوو

١٩٤٠

وا گـوڵ بەسـەرچوو، بولبـول شـەیدا بوو
گــــــرێـک لە نـاڵـەی دڵـی پەیدا بـوو
گــــڕەی بەردایە، ســــەوزەی بەهاران
شـــێـــوا وەک زوڵفی چەمـــــەرەداران
منیش کـــەمێ شـــۆر بولبـــول لەســـەردا
ســــەری خـــۆم ئەنێم بەدەشت و دەردا

گەرمای هاوینم، بۆیە لا خۆشە
بەتینی سۆزی دڵ بەپەرۆشە
ئەو گڕ و تاوە، دڵ دەجۆشێنێ
بەیادی یاران تێر ئەم گرێنێ
چەند خۆشە یادی هیجرانی یاران
فرمێسک بەچاوما بێنێ وەک باران
ڕشێنەی فرمێسک دڵ ئاوڕشێن کا
شینی عەشق هۆشم بێ سەر و شوێن کا

***

کەوتە کلێشەم

١٩٤٠

کەوتە کلێشەم، کەوتە کلێشەم
شەوێک سەودای لەیل کەوتە کلێشەم
پەروانە ئاسا ، تەوافی ڕووی شەم
تێکی هەڵشێلا هۆش و ئەندێشەم
ژاری پەژارەی بێ سامانمە
بەزۆری شۆری سەودای پڕ سەودا
ڕوو بکەمە کۆی یار لە نیوەشەودا
سەرگۆنای ماچکەم لە شیرین خەودا
هەرچیم بێتە ڕێ لە ڕێگەی ئەودا
خواست و ئارەزووی دڵ و گیانمە
بەرگی شەوگەڕیی نیلیم کردەبەر
(پەڕەبلۆم)م[1] لێ بەستە کەمەر
جامانە و چەفتەی سورمەم نایەسەر
وەک شێری شەرزە لەلان هاتمە دەر
ئەمشەو لە مەرگ و ژین قەیرانمە
تیپی زیندەوەر یەکسەر کش و مات
کەڵەشێری عەرش قوقووی نەدەهات
شەوی دەیجوور بوو مانگ هەڵنەدەهات

هەنگاوم نایە ڕێی هات و نەهات
بە قەڵەم بازی عەشقی جانانە
ڕێگام لێ بوو بوو بەهەردەی دوجەیل
تا خۆم گەیاندە ئاستانەکەی لەیل
دڵ لە ئەندێشەی ترس و هەوا کەیل
گەیمە خوابگای جانانەی پڕ مەیل
سامی وەک پایەی عەرشی ڕەحمانە
بێ خشپە و بێ هەست گەیمە سەرینی
بە نەشئەی شێتی هیچم نەبینی
دەمم گەیانە خاڵی جەبینی
ڕاپەڕی وتی: تۆ کام بێ دینی
چۆن گەیشتیتە ئەم جێیە و مەکانە[2]
سەری هەڵبڕی چاوی بەمن کەوت
یەخەی دادڕی بەیانی دەرکەوت
سفیدەی بەیان سەر ڕەشی شەو کەوت[3]
هێندەی جنێو دا، تووڕەیی سرەوت
جنێوی بۆ من بوو بە بەهانە
وتم: جنێوت خەڵاتە بۆ من
کەمەندی سەودای تۆم کەوتە گەردن
وام ڕائەکێشێ بێ باک لە مردن
زیندەگانی خۆم لێ بوو بەدوشمن
ئەگینە چیمە لەم هەوڵدانە
وتی من چی بکەم ئەمە حاڵمە
بەدەست من نییە خەڵک عەودالمە
هەمووی ئاشووبی چاوی کاڵمە
خەتای تۆ نییە فیتنەی خاڵمە
ئەگینا من چیم لەم ئەزێتدانە؟!

---

(١) پەڕەبلۆم: واتا دەمانچەی پەڕەبێل. یاخود جاران ئەیانوت: پەڕە بلۆ، جۆرە دەمانچەیەک بووە.
(٢) لای م. ه ئەم نیوە دێڕە بەهەڵە نووسراوە

«چۆن گەیشتیتە ئەم جێ و مەکانە» دیارە کێشەکەی لەنگە
(٣) ئەم نیوە دێڕەی لە بێسارانییەوە وەرگرتووە کە دەڵێت:

«حەکاکان دەور گرد بەیانەوە
کێ دیەن مەغریب وە بەیانەوە!»

***

کای کۆن

١٩٤١

لەبیرتە شەوێک هاتیە لام
بۆ دڵنەوایی و تەسەلام
بە زوڵف و خاڵت سوێندت دام
کە تا دەمرم تۆ بی لە لام
ئنجا لێوت لەسەر لێو نام
ئێستاش لەسەر ئەو پەیمانەم
هەتا ئەمرم ئەو دێوانەم
گیرۆدەی ئەو زوڵفە جوانەم
سیا بەختی ئەو خاڵانەم
تێم گەیشتووی چەند بەوەفام
ژین ئەوەیە عەشقی تیا بێ
دڵ ئەوەیە بەسەودا بێ
سەر پڕ لە شۆری لەیلا بێ
نەک کوولەکەی پڕ لە با بێ
ئۆف شێتی چەند خۆشە لەلام
عەشقی پاک نوورێکی خوایە
ئیلهامی شیعری سەمایە
تەجەلای ڕۆحی تیادایە
وەسڵی بەهەشتی لە دوایە
وەتەنە بەهەشتی دنیام

***

پەروا

١٩٤٢

ئێستا خەو بۆیە نایەتە ناو چاو
جێی ئەو نەماوە پڕ بووە لە ئاو
بۆیە نایەڵێ کە خەو ببینم
با بەخەویش بێ نەک ئەو ببینم
دوو چاوم هەیە یەکێ چاوی سەر
کە بۆ ڕێگای دوور پەنای دێتەبەر
بەڵام چاوی دڵ بۆ دوورە مەنزل
هیچ مانعێکی بۆ نابێ حاسڵ
ئەگەر ئەو پەروای چاوی سەر ئەکا
چاوی دڵ هێندە تیژە سەر ئەکا
من لە خوام ئەوێ ئەو خۆی نەنوێنێ(١)
وەسڵ گڕی عەشق دائەمرکێنێ
لەزەتێکی وام لە عەشق دیوە
مولکی ئازادیم بەوە کڕیوە
بە عەشق ئازادیم بۆ هاتۆتە دی
وەسڵ، نامخاتە ژێر باری مادی
من بەعەشق و ئەو، بەحوسن ئەخوڕێ
هەر جوانە لە شوێن عاشق ئەگەڕێ
ئەگەر مەجنون و فەرهاد نەبوایە
لەیلا و شیرین چۆن، ئەهاتنە کایە
بەڵێ تا عاشق ڕۆژی وەک شەو بێ
ئەبێ بەیانی ڕوخساری ئەو بێ

---

(١) لای م. هـ بەهەڵە نووسراوە: «من لە خوام ئەوێ ئەو خۆی بنوێنێ» ، کە ئەمە پێچەوانەی مەبەستەکەی شاعیرە، چونکە ئەو دەڵێت، با خۆی نەنوێنێ و نەیبینم و پێی نەگەم چونکە گەیشتن پێی گڕی عەشق ناهێڵێ.

***

چوارین

١٩٣٩

«بۆ خۆمە، کەس نەییاتە سەرخۆی»

«پیرەمێردێ، کە پەڕییە، کۆڵی (نۆما)یەکی تۆڕ
کەوت و بۆ (ماین) کەوتە، خەفەت و شین و شەپۆڕ
پێم وت، ئیتر بەسە، بۆ ناسرەوی، دنیات زۆر دی
وتی: بۆ پیر و جوان، هەوڵی جیهان، تا دەمی گۆڕ»

***

هاپیر کەوت[١]

١٩٤٣

ناڵەم نایەڵێ، کەس بنوێ بەشەو
نەک بنوێ یارم ببینێ بەخەو
من پیرم بۆیە، ئەوێ کە دەرکەوت
بکەومە بەرپێی بڵێن ها پیر کەوت
لەناتەوانیش وایە مەبەستم
کە لەلای کەوتم، نەتوانم هەستم
بۆیە ئەو لە پڕ شەو دێتە خەوم
بە (گەشکە) بمرم، لە کۆڵی کەوم
کەچی نازانێ کە عەشقی منە
ئەوی کردووە بەم شۆڕە ژنە
ئەگەر من نەگریم لەو بەردەرگانە
کێ دەزانێ ئەو ئەوەندە جوانە
هەموو کە ئەڵێ لەیلی جوان نەبوو
بە شۆڕی مەجنون وا ناوی دەرچوو
ئێستا شۆڕی عەشق بوو بەئەفسانە
بە یەک گەیشتن بەدەست خۆیانە
لەو ساوە مۆدەی شەرم نەماوە
مارەی کچ لەگەڵ پرچی بڕاوە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

مرواری[١]

١٩٣٩

چاوم کە ڕیزەی دانی تۆی بینی
فرمێسکم ڕشتەی مرواری هۆنی
تا بگریم بەدڵ ڕووناک ئەبمەوە
بە ئاوی چاوم خۆم پاک ئەبمەوە
چاوم لەدووریت ئەگریا بەکوڵ
گریان بەزەیی چاوی کەوتە دڵ
کە ئاگر دڕکی تەڕ ناسووتێنێ
ڕەحم بەحاڵی تەڕی ئەنوێنێ
ئەڵبەتە خودا ڕەحمی زیاترە
بۆ ئەو کەسانەی داوێنیان تەڕە

---

(١) ئەم شیعرە لە جیهانی شیعرەکانی مەولەوییەوە زۆر نزیکە. جا نازانم شیعرەکەی وەرگرتووە یاخود بیرەکەی داڕشتۆتەوە!! لای م. ه بڵاو نەکراوەتەوە.

***

لاسایی گوڵەوە چنی[١]

١٩٣٩-١٩٤٣

ئەو تیرەی ڕۆستەم، چەسپاندیە کەوان
دای لە ڕۆبیتەن، بێزراندی لە گیان
منیش ئەو تیرە و کەوان و شەستە
ئەو زۆری بازوو، ئەو هێزی دەستە
بە تەوژم هات، درا لە جەرگم
خوێن قەڵبەزەی بەست گۆڵگون بوو بەرگم
بەو برینەوە، پێچم خوارد بێ دەنگ
ڕۆژی ڕووناکم. بوو بەشەوەزەنگ

من مات و بێ دەنگ هەتاکو توانیم
فەلەک ئەگریا بۆ نەوجوانیم
لە دەردی عەشقا، کە خاوەند سەبری
تۆ نەگریت مەعشووق، بەدڵ بۆت ئەگری
وەک شەهیدی عەشق، کەوتم لەسەر پشت
لەگەڵ ئەو خوێنە، جواناوم ئەڕشت
شادم کە کوشتەی دەستی دڵدارم
ئەو تیرە بووە بەیادگارم
ئەڵێن بێ زەخمی تیری مەه پەیکەر
نەنگە ڕوو بکەیتە، مەیدانی مەحشەر
من بەبرین و تیر و خەدەنگی
بێ دەنگ ڕووم کردە مەحشەر بێ نەنگی
بە سۆزی عەشقم لێم بوورد کردگار
ئەمە سەر مەشقە بۆ عاشقی زار

....

(١) پیرەمێرد ئەم شیعرەی دووجار بڵاوکردۆتەوە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٣. هەروەها ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

کاریکاتێر بەشیعر

١٩٣٤

(زێوەر) کە ئێستا، پەڕەسێلکەیە
تازە (گۆران)مان، لەسەر هێلکەیە
گۆیژە کون دەکەن، دائرەی ئیشغال
(همة الرجال، تقلع الجبال)
بۆ قەشقۆڵی چوو، (مستەفا سائب)
ئەڵێی فەقێیە و ئەچێ بۆ ڕاتب

***

وامزانی

١٩٤٣

وامزانی کە من دڵم دا بەتۆ
دڵی تۆش بۆ من ئەبێ بەمەکۆ
چی بکەم دڵەی شێت تووشی تۆی کردم
بەسەودای بێ سوود لە ناوی بردم
تۆش تێگەیشتی دڵ وا دوشمنە
ئیتر لەلای تۆ، بوو بە گای بنە
ئەگینا ئەگەر دوشمن نەبوایە
نەت ئەهێشت بێتە ئەو بەر دەرگایە
بەڵام گیانەکەم مادەی تۆ بۆشە
لە تێکەڵیدا هەر ڕاستی خۆشە
دڵی ئەڵماسی بێ گەردم ئەوێ
شتێ ساختە بێ زوو دەرئەکەوێ
توخوا حەیف نییە وەک ئەڵماس جوان بی
بە ژەنگی خوێنی عاشق پەنهان بی
دڵ بفرێنی، بەدخووی کەی، وەک خۆت
ئەم جەور و زۆرە خێری چییە بۆت
چی دەبێ ڕۆژێک ئەگەر هی من بی
دەست نەوەشێنی و ساتێک هێمن بی

***

ئێشی دیدەی تۆ

١٩٤٣

دیدە، دیدەی تۆ، دیدە، دیدەی تۆ
با گەیاندیە گوێم، ئێشی دیدەی تۆ
دیدەی شابازی خۆش پەروازی تۆ
دیدە نموونەی عیشوە و نازی تۆ
قولاپی جەرگی ئەوەی ئەتبینێ
ئیتر خودگیریت لە لا نامێنێ

ئای جەزبەی چاوت چەند بەتەئسیرە
بە نیگایەکی دڵ چەند ئەسیرە
حەیفە ئەو چاوە لەبەر چاو نەبێ
دڵی عاشقان پێی بەداو نەبێ(١)
شێتی چاوت بووم چوومە میری سوور(٢)
دوعام بۆ کردی لە نزیک و دوور
چاوی چڵکنە لێت کەوتۆتە کار
بە (إن یکادوا)(٣) بۆت کەوتمە هاوار
کاشکی دوکتوری چاو بوومایە من
ڕەگی چاو یەشەم ئەکێشا لەبن
دەرمانی لای خۆم ئەدۆزیەوە
بێم چاوت ماچ کەم چاک ئەبیەوە

....

(١) ئەم شیعرە هەتاکو ئێرە لە شیعرێکی هەورامی وەرگێڕراو دەچێت. ئێمە دەقەکەمان نەدۆزیەوە. بەڵام لەوە بەدواوە دیارە شیعری پیرەمێردە.

(٢) میری سوور: مەزارێکە لە ناوچەی شاربازێڕ نزیکی گوندی (ئەحمەد ئاوا) ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی ببوونایە جاران ئەیانبردنە سەر ئەو مەزارە گوایا بەوە چاک ئەبێتەوە. م. ه

(٣) وإن یکادوا: سەرەتای ئایەتێکی قورئانە کە ئەڵێ «وإن یکادوا الذین کفروا». گوایە ئەم ئایەتە بۆ چاوەزار باشە لەبەر ئەوە نووشتە نووسەکان بۆ چاوەزار ئەو ئایەتە لە نووشتەکانیانا ئەنووسن.

***

گیانە بەسیەتی

١٩٤٤

گیانە بەسیەتی، گیانە بەسیەتی(١)
توخوا بەسیەتی دەرد و مەینەتی
هەر هێندە ئەبێ تووشی و نەگبەتی
قنیاتم تەنها ژاراوی پەتی
لە نەحسی چارە و بەختی گومڕاهم
عالەم بێزارە لەناڵە و ئاهم
ئەجەل قولاپی گیرکرد لە جەرگم
نیشانم ئەدا نیشانەی مەرگم

ئەوا هەناسەم کەوتە ژمارە
هێندەم نەماوە وا ئەمرم دیارە
توخوا وەسیەتم ئەمەیە لەلات
بەیادی عەشقی بەندەی جانفیدات
کاتی کۆچم کرد بۆ هەوارگەی نۆ
ئاوام کردەوە مەنزڵگای گڵکۆ
ئەوسا دیار نابم لەبەر دەرگاکەت
چۆڵ ئەبێ لە من سایە و پەناکەت
بزانە هەی لەیل قەیست مردووە
حەسرەتی رووی تۆی بۆ خاک بردووە
من لەوێ تەنها پەژارەی تۆمە
چە باکی چۆڵی و ساردی گڵکۆمە
تۆش سا بێ باک بە لەتانەی ئەغیار
وەرە سەر قەبرم بۆم بگری جارجار
بڕوانە قەبرێک لە قەبران تاکە
بەردی وەک خەڵووز خاکی نمناکە
ئەوە شەرارەی قرچەی تاسەمە
تەپەدووکەڵی شوێن هەناسەمە
فیدات بم گیانە، من داغ بردەی تۆم
توخوا دانیشە کەمێک لە گڵکۆم
تۆزێک بۆم بگری گوێم لە دەنگتە
لەگەڵ فریشتەی منا جەنگتە
دڵۆپی فرمێسک لە چاوت تکا
بەو فرمێسکەی تۆ خوا عەفوم ئەکا
تۆش وەفاداری لەگەڵ جوانی
بۆت ئەبێ بەناو فەخری جیهانی

....

(١) ئەم شیعرە تەواو تام و بۆی چەند شیعرێکی وەلی دێوانەی پێوەیە تەنها لە سێ بەیتی دوایی شیعرەکەدا قەڵەمی پیرەمێرد دیارە.

شینی زین بۆ مەم(١)

١٩٣٤

هەی ڕۆ ئەمڕۆ ڕووی، شین و ڕۆڕۆمە
کە مەم ڕۆیی ڕووی، پەژارەی خۆمە
ئەم زولْفە لوولەم، بۆ مەم شانە کرد
دەک فەلەک کوێر بێ، بۆنێکی نەکرد
ئەم خالْ و میلە، من بۆ مەمم ڕشت
پەیمانم وایە، بۆی بەرمە بەهەشت
لێوم دانابوو، بۆ گفتوگۆی مەم
عەهدە تا مردن، واتەی پێ نەکەم
توخوا مەم، منت لە کوێ پەیدا کرد؟
گوناهم چی بوو، منت شەیدا کرد؟
هەر کەس هاوسەرێ، بۆ ژیان ئەگرێ
منت بۆیە ویست، لەبەرت مرێ
هەی خەجالْەت بی چەرخی پڕ ستەم
هیچ شەرمت نەکرد لە نەوجوانی مەم
مەم لەژێر خاکا، بەمیوانت بم
بە برامەوە بەقوربانت بم
ناچارم بێ تۆ، ژیانم نابێ
وا بڕیمەوە، هەر ئەبێ وابێ
لەناو دوخمەدا، دوو جێگا ئەبێ
زاوا و بووکێنی، لە خاکا ئەبێ
ئای مەم، دەستی مەم، نەگەیشتە تۆ
وا نووکی خەنجەر، بوو بەسزای تۆ
خەنجەر بۆ دلْە، گەر ڕاستت ئەوێ
ئاخ مەمی تیایە، نەک بەری کەوێ
ئەی سینە بگرە، خەنجەر بۆ تۆیە
هەرچی زۆر جوان بێ، هەر ڕەنجەڕۆیە
بە بەرگی خوێنی، شایی ڕەنگەوە
بەسۆز و نالْەی، خۆش ئاهەنگەوە

با دەست لەمل کەین، مەم یەکجارییە
نە ڕای بێگانە، نە بەدکارییە
ئاخ بۆ دەنگخۆشێ، لە ژوور سەرینمان
بە بەیتی کوردی، بدا تەلْقینمان
بلْێ ئاخ دلْی، دلْخواز مەشکێنن
بە زۆرەملی، کچان مەمرێنن!

---

(١) ئەم شیعرەی پیرەمێرد لە کۆتایی چیرۆکی مەم و زینەکەی خۆیدا نووسیوە لە دانانی خۆیەتی و پەیوەندی بەوەی (ئەحمەدی خانی)ەوە نییە.

***

دوو تاکە بەیت

١٩٣٤

١

بە پیرەمێردی، هاوار، دێننە من
ئەمکەن بەدایک، ئەبمە پیرەژن

٢

جاران بەتوانج، ئەیان دایە ڕوو
چرا، ڕووناکی، بۆ ژێر خۆی نەبوو

***

تۆ وام تێمەگە

١٩٤٣

تۆ وام تێمەگە، هەر چیاگەردم
من خاوەن سوپای ئەندێشە و دەردم
هەرچی لەدەشت و چیا و سەر ئاوە
لەباتی شێتی، خوا بەمنی داوە(١)
سفیدەی بەیان، زەردەی خۆرەتاو
تریفەی مانگ و لەنجەو لاری ئاو
سڵ و ئاوڕ و گەردن بەرزی ئاسک
قاسپە قاسپی کەو لەسەر ئاسۆ و باسک

گوڵ و گوڵاڵە و نێرگسی بەهار
شۆخی بەڕەزا و چنوور لە نزار
ئەمانە یەک یەک، بەتۆ ئەبەخشم
تۆش لە شێوەی خۆت، بمدەرێ بەشم(۲)
بۆ سفیدەی سوبح، سای بەرۆکەکەت
بۆ زەردەی خۆریش، زەردەخەنەکەت
مانگ بۆ ڕوخسارت، ئاو بۆ جەبینت
ڕەمی ئاهوویش بۆ، لەنجەی شیرینت
قاسپە قاسپەی کەو، بۆ قاقای جوانت
نەغمەی بولبول بۆ، وردە ڕازانت
گوڵە بۆ نازکیت، گوڵاڵەش لێوت
چنوور بۆ زوڵفی لوولی پەشێوت
ئەمانەم لەگەڵ، بگۆڕەرەوە
بەراوردیان کە و گەرەو بەرەوە

....

(۱) لای م. ھ نووسراوە «بە بەھای شێتی خوا بەمنی داوە»
(۲) لای م. ھ نووسراوە «تۆش لە نازداری خۆت بدە بەشم»

***

تاکە بەیت

١٩٣٤

١- چاپی هەڵەی دیوانی شێخ ڕەزا:
دیوانی شێخ ڕەزا، بەڕەزای خزمی ئەو نییە
تیری قەزای ڕەزایە، گوناهی ئەوان چییە!!.

***

«چاپچییەکەی مەکتەب، ئەمەی نووسیوە
خوا ئەم زیرەکییەی، بێرە بەخشیوە»

***

بەهاری ڕوو زەرد

١٩٤٧

بەهاری ڕوو زەرد، بەهاری ڕوو زەرد
منیشی خستە کەژ و کێو و هەرد
ڕەنگ زەرد و سەر شین، دەروون پڕ لەدەرد
بۆ عالەم شادی، بۆ من ئاهی سەرد
جەرگم لەت لەتە وەک هێڵی ناو وەرد
ئاخ بۆ دڵسۆزێک، بۆم بێ بەهاودەرد
ڕەنگ هەڵبژێرێ لە شێوەی بەهار
لەو ڕەنگە خۆش بێ لای دڵەی غەمبار
لە گوڵە زەرد ڕەنگ، لە گوڵ نەورۆز داخ
لە شەونم فرمێسک، لە تەمی چەم ئاخ
لە وەنەوشە شین، لەنێرگز خومار
لە گوڵاڵە خوێن، دیدەی شەوبێدار
لە خونچە پەیکان، لە سۆسەن خارێ
دڵ بریندار کا، لە دووری یارێ
من لە دووری ئێل، جەرگم خوێنین بێ
چەند خۆشە برین لەسەر برین بێ
ئەگەڕێم بەشوێن، دەردەدارێکا
کەس و کار کوژراو، دڵ زامارێکا
وەک تاق تاقکەرە تا دەمی بەیان
ناڵە ناڵمە لەسەر (کەلی خان)
لافاوی فرمێسک، لە دووری یاران
سەرەو خوار ئەڕوا وەک لێزمەی باران

***

کاریکاتێر بەشیعر

١٩٣٤

١- بۆ گۆران کە لەژێر ناوی (مێشۆ)دا خۆی شاردۆتەوە
مشەی مێشۆمان، لا گیزەی مێشە
لەناو (ژیان)دا، خواردن لە پێشە

ئەگەر زیافەتی ڕەئیستان ئەدی
ئەکەوتنە تەقە، وەک نەدی و بدی

١٩٤٠.

«سوپای غەمزەت، بەڕاکردن، فتوحاتی بەهەم هێنا
بە هەڵگێڕانەوەی چاوت، سوپای دڵ تێک شکا و فەوتا»

***

ستەمکاری

هەور ئەگری بەکوڵ، گوڵ پێ ئەکەنێ
باوک و فرزەندی، بێ ڕەحم ئەنوێنێ
نێرگز بەبۆنەی چاوی مەستەوە
ئەژاکێ لە دەست دەستاودەستەوە
گوڵاڵە ئاڵای ئاڵ و واڵای خۆی
بووە بە لەکەی داخی دەروون بۆی
بەڕەزا ئەڕوێ لە پەنا هەردا
بای مەینەت سەری ئەدا بەبەردا
وەنەوشە شێوەی شینی[1]، شینیی خۆی[2]
بووە بەباری گەردن کەچی بۆی
پیشۆک لە خاکا بەخاکساری
پەرێشان پرچە، لەبەر هەژاری
خۆی لەژێر خاکا ئەشارێتەوە
ژنە لادێیی ئەیدۆزێتەوە
هەڵەکۆک کە باو لە بەفر ئەسێنێ
بێڵەکان سەر و بنی دەردێنێ
شنگی شۆخ و شەنگ، بەسنگێکی دار
سنگی ئەشکێنن، ئەیخەنە بازاڕ
لاولاو کە بەشەو، ئەگەشێتەوە
ڕۆژ ڕووی خۆی لە ڕۆژ ئەپێچێتەوە
مێخەک گەردنی هەڵئەقرتێنن
سنگ و بەرۆکی پێ ئەڕازێنن

گوڵ بەو جوانییە ئەیخەنە مەنجەڵ[3]
جوانا و ئەڕێژێ بەهەڵم و دووکەڵ
بەبۆنەی بۆنە وا ئەیخنکێنن
ئامانی نادەن هەڵیەبچوڕکێنن
چیمەن کە سەوزەی نەوخیزی ناوە
بە لەقەی فتبول پێ پەست کراوە
ئەرخەوان پەنای بردە بەر مردوو
لەوێشا ئەیکەن بەداری مردوو
ئەمە ناو ئەنێن سەیرانی بەهار
منیش ئەڵێم داد، لەدەست ستەمکار

....

(١،٢) شینی یەکەم واتا شیوەن. شینی دووەم واتا ڕەنگی شین.

(٣) پیرەمێرد ئەو بەیتەی لە(سەعدی)یەوە وەرگرتووە لە شوێنێکی تری ئەم دیوانەدا لە بەشی گۆڕینەکانی پیرەمێرددا دەینووسین.

***

یاران کوێخایی

یاران کوێخایی، یاران کوێخایی
کارێکی پێم کرد، دەردی کوێخایی
لەگەڵ مامەوە کەوتمە تەنهایی
زەبوونی کردم، دەردی ڕیسوایی
کوێخایی لێم بوو بەتەختی شایی
لە دەستیان سەندم هەر بەخۆڕایی
داخم ئەو داخە کە بەشیربایی
گەیینە کوێخایی و لەخۆبوون بایی
لە دڵما نەما ئاهەنگ و شایی
لە چاومان ون بوو نووری بینایی
زیکری مەولەوی و ڕەقسی سەمایی
بۆ من بووبوونە سڕی سەمایی
وەک گێژەڵووکەی خێڵی دوایی
عومری کوێخایی خستە کۆتایی

خووی جیهان وایە بەبێ وەفایی
لای کەس نەماوە بۆی ئاشنایی
ئەگەر بۆم ڕێکەوت بەخواستی خوایی
بوومە کوێخا بەدڵنەوایی
سەد دەورەم بدەن ڕووتەی ئاوایی
بەکلکەلەقێی کەس نابم بایی

***

کاریکاتێر بەشیعر

١٩٣٤

چوار کەس ئابوونەی (ژیان)یان نەویست
ناو لێبردنیان بوو بوو بەپێویست
جارێ ئەم جارە، با هەر داچڵەکێن
بۆ جارێکی تر، گاڵتەی دێ لە شوێن

***

شۆڕەبی

ئەرێ شۆڕەبی سەر حەوزەکەمان
تۆ سێبەرێ بووی، هاوینان بۆمان
بەهار بەلەنجەو لاری خەرامان
شنەت ئەبوو بە باوەشێنی گیان
بە بەرگی سەوزی تاوسی کالاّت
حەوزەکە بوو بووە، ئاوێنەی بالاّت
ئێستە بۆ ڕووت و بێ، بەرگ و باری
سەر شۆڕ و ڕەنگ زەرد کز و غەمباری
وتی، وێنەی تۆم، بەبێ زیاد و کەم
لە ماڵی تۆ دام وا لە تۆ ئەکەم
جوانی بەهارم، من کە شۆڕەبیم
لەترسی پایز وا کەوتوومە بیم

هیچ نەبێ بەهار من سەوز ئەبمەوە
ئێوە پیریتان، تاریکە شەوە

***

سۆزی پیرەمێرد

١٩٤٥

یاران فەرهادم، یاران فەرهادم
بەوێنەی فەرهاد هەر ڕەنج بەبادم
هەم مەجنوونیشم لە هۆش ئازادم
کوردێکی پەتیم بۆیە ناشادم
دوو عاشقی کۆن هەردوو ناودارن
هەردووکیان کوشتەی عەشقی دلّدارن
هەردووکیان ناویان کەوتۆتە جیهان[1]
بوونە پێشەوای تیپی عاشقان
هەرچی شاعیرە بۆ ئەفسانەی عەشق
پیشەی ئەوانیان کردووە بەسەرمەشق
تاهر بەگ ئەڵێ: یاران فەرهادم
جێنشینی خاس قەومی فەرهادم
وەلی دێوانەش ئەڵێ: مەجنوونم
دێوانە واریس قەومی مەجنوونم
ئیتر مەجنوونە یاخود فەرهادە
تەرانەی عاشق داد و بێدادە
یەکێکیان مەجنوون قەیسی عامری
ئەوی تر فەرهاد لە دنیا بەری
فەرهاد کوردێکی دەوری بێستوون
لە عاشقیدا شێت تر لە مەجنوون
مەجنوون هیچ نەبێ لەیل دڵخوازی بوو
لە منداڵیشدا لەیل هامرازی بوو
فەرهاد بەتەفرەی شیرینی بەدناو
هەر لەخۆیەوە پێی خۆی خستە داو

نەدیو نەناسیو ڕەدوو[2] کەوتبوو
وەک کچە مەنگوڕ[3] هەڵیان گرتبوو
بەسیاسەتی ڕەقابەت هێنای
فەرهادی کردە دۆستی جانفیدای
خەسرەو لەشکری ئەسفەهانی بوو
شیرینیش ڕێکەوت فەرهادی بۆ بوو
فەرهاد نەیزانی کە بۆ ڕەقابەت
پێی ئەکەوێتە داوی سیاسەت
بەعەشقی شیرین تەشوێی ئەوەشان
بەزۆری بازوو کێوی ئەرووخان
شیرین و خەسرەو بوونەوە بەیار
فەرهاد قوڵنگی خۆی لێ کەوتە کار
خۆ من عاشق نیم عەشقیش نەماوە
لەناو دڵخوازا بێ شەرمی باوە
بەڵام من لەسەر عاشقانی پێشووم
تەشوێی سیاسەت بوە بەتێشووم
ئەمەوێ کێوی بێستوون کونکەم
بەزمانی شیرین خوێنی خۆم ونکەم
ئاخ چی بکەم لەگەڵ، سەرنویشتی خوا
کورد بەقاڵەی دەم زوو تەفرە ئەخوا

(١) ئەم بەیتە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا لە چاپ نەدرابوو.

(٣،٢) ڕەدووکەوتن: هەڵگرتن. لەناو عەشیرەتی مەنگوڕدا کچ هەڵگرتن یاخود ڕەدووکەوتن باوەو لە پاش هەڵگرتن کەس و کاری هەردوو لا ڕێک دەکەون و هەموو شتێک ئەبڕێتەوە. زۆرجار ڕەدووکەوتن لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر ئەبێ لەناو یەکتریدا بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گێچەڵێک ڕووبدا. مەنگوڕ لەناوچەی ڕانیە و پشدەردایە و بەو دیوی ئێرانیشدا هەیە.

***

شیعرێکی کاریکاتێری بەناوی (فائق تۆفیق)ەوە[1]

١٩٢٨

خۆت لادە لەڕێ بۆ ئەسپی تازی
با نەختێک بۆتان بکەم ڕمبازی

بژی کەرەگول چەند نەشئە بەخشی
بەهەیئەت کەر و بەهەیمەت ڕەخشی
قوربانە سادەی بێرە چوار ناڵە
هەرچی جۆیەکت خواردبێ حەڵاڵە
ڕووی خۆت سپی کە لەناو ئەم خەڵقە
دەخیلە نەمخەی لەم جێیە ڕەقە
گوێت قوت کەرەوە کلک ڕاوەشێنە
هەرچێکت تیایە لێرە بینوێنە

(١) ئەم شیعرە، پیرەمێرد لە موناسەبەی سەیرانێکدا نووسیویە کە ساڵی ١٩٢٨ لە سلێمانی کراوە. وە لە پێشکەوتنی سواریدا (فائق هوشیاری) کچەزای کە ئەوکاتە منداڵ بووە بەسوارییەوە لەبەر خوێندویەتیەوە.

***

ئا دز کەدەیی[1]

١٩٤٥

لە ترسی هەر کەسێ خۆت شاردەوە، لووت و بزووت تووش دێی
کەچی من خۆم لەیارم دزیەوە، «نعم المرام» بوو بۆی
لەبەر دەرگاکەیا، سەگ دامەنی کێشام، وتم ئۆخەی
ئەوە ئەو ڕایسپارد، بمبا، کەچی چووم کردیە حەل، حەل، دەی
حەکیمی چاو ئەڵێن وا هاتووە، من ناچمە لای بۆ چاو
نەوەک ڕووی پیاوی دوو ڕووی پێ ببینم، خۆشترە لێڵاو
گرانی وای بەسەر هێناین قیامەت کەوتە دنیاوە
گوڵ و گیا سەر دەرێنن، وا ئەزانن، حەشرە هەستاوە
هەموو شەموان کە (جوو) وێڵی عەسای موسان بەپەیجووری
سەرایی ڕیشی فیرعەونە، بەهار ڕەنگی لە من گۆڕی
ئەگەر بێت و فەلەک ڕۆژێ، لەگەڵما سەرگرانی کا
وەکو ڕۆژ، شەو لە خاکیا دەردەچم، کوێر بێ لە تاریکا

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە

***

دڵ بەپەرۆشە

١٩٣٩

دڵ بەپەرۆشە،...
خەبەرێکم بیست، دڵ بەپەرۆشە
ئەوەندەی مەرگی خۆم لام ناخۆشە
زبانم لەنگە، کەللەم بێ هۆشە
بیستم ئەگریجەی لوولت بڕاوە
هێلانەی دڵان یەکسەر شێواوە
هەیڕۆ ئەو پەندە کێ بەتۆی داوە
کێ دەستی چووە ئەو زوڵفە خاوە
هەر لە ئەوەڵی دنیا تا ئەمڕۆ
شابەیتی شیعرە، شەعری سەمەن بۆ
ئێستا شیعر و عەشق کەوتوونە ڕۆڕۆ
بۆ ئەو ئەگریجە و زوڵفە جوانەی تۆ
دەک یاخوا ئەوەی پرچی بڕیوی
دەستی قەڵەم کەن بەقەمەی لیوی
دەردێکی گاتێ، لەکەس نەدیوی
مندالەکانی بکەونە هەتیوی
جاران ئەیانوت وا وا لێ کراوە
لەسەر لێقەومان پرچی بڕاوە
ئێستا لەباتی ئەو بەند و باوە
بەبێ شوورەیی پرچ بڕین باوە
ئەم شیعرەم ئەخوێند چەند ساڵ لەمەوبەر
شانە تای زوڵفت دەرکێشێ ئەگەر
قامیش ئەکوتمە پەنجەی شانەگەر
بووی بەکاری قوت هەی خاکم بەسەر

***

هەرا

١٩٣٤

بووە بەهەرا لە گردی سەیوان
زیندوو شەڕ دەکەن، لەسەر مردووان
مردووم بیستووە، بەشی زیندووخۆر
زیندووم نەدیوە، خۆی بخاتە گۆڕ
هیچ کەس نازانێ، لە کوێ دەینێژن
پێنجەی پەنهانی خوای پێ دەبێژن

***

بانگی بەیان

١٩٤٦

پیر و ئیفتادە و ڕەنجوور و غەمبار
بێ هیوای ژین و ژیان ناڵەکار
لە دەست بێداری شای تەقیانووسی
تەئریخی مەرگی خۆمم ئەنووسی
وەک دەروێشەکەی گۆلی زرێبار
کەو و پۆستی خۆم کێشابووە کەنار
مەرزی کوردستان تار و شەوەزەنگ
شاری خامۆشان بێ دەنگ بێ ئاهەنگ
تەختی تەخت بووبوو بابا ئەردەڵان
کەلاوەی کاول، پەیکوڵ بەردەڵان
ئنجا لە قاپی شای پەروەردگار
ئاه و هەناسەی پیران کەوتە کار
ناگا ئاسۆ شەرق بەشەبەقی نوور
وەک خوێنی جوانان بوو بەتارای سوور
سەدای سەڵا و بانگ ئاوازەی شادی
ئەو شەوەی کردە ڕۆژی ئازادی

***

نەتەوە

١٩٣٩

من ماسییەکم لە نەتەوەی نوون
یونس پێغەمبەر بەو بوو بە ذا النون
داپیرەم چەندێک لەناو سینەدا
پارێزگاری کرد وەنەوزی نەدا
بە(لا الە الاّ أنت)ەوە
قەهری ئیزەدی لێ دوورکەوتەوە
کە هاتە دەرێ و بوو بەپێغەمبەر
ئیتر لە ئێمەی نەپرسی خەبەر
لەوساوە لێمان بوون بەتەڕیدە
ئەمانخۆن ئەڵێن (لحماً طریە)
لەناو تاوەدا ئەبین بەکەباب
بۆ کەیف ئەمانکەن بەمەزەی شەراب
ناڵێن ئەمانەش ڕۆح لەبەرێکن
نێر و مێ لەگەڵ یەک هاوسەرێکن
بۆچی نازانن کە ڕۆح شیرینە
لە گیانەڵادا ئەوان ببینە
ئەو پەلەپەلە، ئەو واوەیلایە
هەموومان ڕۆحە لەبەرمانایە
ئینسان ئەوەیە کە ئازادی خۆی
بۆ کەسێکی تر نموونە بێ بۆی
کە بەبرینێک جەرگی خۆی بێشێ
بەخۆڕایی تیغ لە کەس نەکێشێ
جاران هەر بەتۆڕ ئەکەوتینە داو
ئێستا بۆمبامان بۆ ئەخەنە ئاو
کە بۆمبا زرمە لە ئاو هەڵسێنێ
سەر ئاو ئەکەوین هۆشمان نامێنێ
ئنجا ئەو کەیفە و ئەو ڕاکە و وەرە
عزرائیل لەوان بەڕەحمترە

گۆڕیان بێ، ئێستا وا شەڕ قەوماوە
بۆمبا بۆ خۆیان دروست کراوە
ئێمە بێ کێردین بەستەزبانین
نەخوێندەوارین لە فەن نازانین
ئەو فەنەی ئەوان کەڕێی پێ دەبەن(١)
هەر بۆ ئەوەیە کە قڕ لەیەکخەن
یاخوا هەروا بن ئەی بەناو ئینسان
نەتان پەرژێتە سەر ئێمەمانان

....

(١) ئەو بەیتە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا نەنووسرابوو.

***

وشکە سۆفیەکان

١٩٤٣

وشکە سۆفیەکان بەهەشتیان ئەوێ
بۆ ئەوەی حۆری و کۆشکیان بەرکەوێ
یادی تۆم لەهەر شوێنێ دەستکەوێ
بەهەشت دۆزەخی لێ پڕ نامەوێ
ئاڵتونم هەیە کە هەر بیژمێرم؟
ناچارم ئەبێ بەتۆ ڕابوێرم
نائومێدییە و بێ موبالاتی
حەڵاڵ خۆریە و کەم دەسەڵاتی
ماڵدار ماڵی برد من ڕەزای خوایی
ماڵ لە کورتیە و ڕەزا لەزیایی
هەی قەلەندەری چەند «سبوکباری»
لەڕیش و سمێڵ بەریت یەکجاری
جاران ئەمانوت، قەلەندەرییە
لەڕیش و سمێڵ بۆیە بەرییە
خۆ ئێستا ڕیش و سمێڵ مەترووکە
هەرچی ئەبینی وەک تازە بووکە

عومری ئەو ڕیشە زبرە نەمێنێ
کە لەڕوومەت کەوت دای ئەچڵەکێنێ
من ئەڵێم، ئەوەی کە خاوەن ڕیشە
ئاین و ئۆینی کردووە بەپیشە
خوایە من ئەگەر خواهیشتی خۆم بێ
بۆچی بمەوێ کە ملم کۆم بێ
باری گوناهم ئەگەر لە ملە
بناوانەکەی باوکم وا شلە
ئەو نەیئەزانی شەیتان نایەوێ
کوێخایی عەرش و قورشی بەرکەوێ؟
ئێمە ئەیزانین کە ئەو شەیتانە
بۆ لەڕێ بردن لە پەیجۆرمانە
تەفرەمان بدا بەدەنکە گەنم
وا چاکە بمانخەیتە جەهەنەم

***

سیابازێ بووم

١٩٤١

سیابازێ بووم، سیابازێ بووم
لە ئەوجی گەردوون تیژ پەروازێ بووم
لەدەستی میران ئارام سازێ بووم
دایم پەروەردەی قەدر و نازێ بووم
بەزەردەخەنەی پیرێژن مەغروور
کاتێ دەچووینە ڕاووشکاران
لە گوڕەی باڵم کەوی کۆساران
ئەلەرزین وێنەی بیی جۆباران
خۆیان ئەخستە پەنای نزاران
کونە مشکێکیان لێ ئەبوو بەژوور
بەدەنگی دلێر کەتێم ئەخوڕین
لایان نەدەما هێزی هەڵفڕین

ئەمخستنە ژێر خۆم نووزەم ئەبڕین
بەچنگاڵی قین هەڵم ئەدڕین
دڕندەیەک بووم لەڕێی مروەت دوور(١)
ڕۆژێ هەڵمەتم ئەبردە سەر کەو
لە پڕ شمقارێ هات بەتەکو دەو
پەلاماری دام لێم کەوتە هەوهەو
ڕۆژی ڕووناکی لێ کردم بەشەو
خستمیە خوارێ بەلنگەو تلوور
(قەرەتۆغانی)(٢) ئەمەت لەبیر بێ
ئەم پەندەت لەلا وەک پەندی پیر بێ
خوێنڕێژی ناکا ئەو کەسەی ژێر بێ
زۆر لەکەس مەکە هەرچەند ئەسیر بێ
جەزای کردەی بەد ناکەوێتە دوور

---

(١) لای م. ھ نووسراوە دڕندەیە بووم لەپیاوەتی دوور.
(٢) پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەناوی (قەرەتۆغانی)یەوە بڵاو کردۆتەوە، واتا بازی ڕەش.

***

قافیەی کوردی(١)

١٩٤٨

کێ دەڵێ کوردی قافیەی خۆی نییە
کە ئەمەیان دی، ئەوە خۆی نییە
ئامان چەند خۆشە تافی جوانی
خۆکە خوا بیدا جوانی و نەوجوانی
بەهەرزەکاریم، کە باوکم ساغ بوو
هەرزەگەردیمان لەلا یاساغ بوو
ڕەز و خانوومان بوو لە گورگەدەر
گورگانە شەوێم ئەکرد بێ کەدەر
هاوینان کۆچمان ئەکرد بۆ ئەوێ
ڕامان ئەسپارد ولاغمان ئەوێ

ورد و درشتیان ئەهاتنە شوێنمان
لەو دیارەوە (دیار) ئەبوو شوێنمان
ئەکەوتینە ڕێ بەڕیزە و قەتار
بەناڵەی شمشاڵ بەبەستە و قەتار
لەسەری گۆیژە هەڵپەڕکێ و سەما
سەیریان ئەکردین فریشتەی سەما
لەو بەندەنەدا چۆپی و دەستبەندی
لەو (دەربەندە)دا بەناو دەربەندی
لەو بەرزییەدا ئاوازەی شایی[2]
بەرزتر لە تەپڵ و ئاوازەی شایی[3]
لەبەر ئاوایی تفەنگ ئەتەقی
ئاوایی دڵی بەکار ئەتەقی
ساڵێ ئیجارەی کردبوو دەسدارێ
دەست دار دەست بەدار خەڵک دەست بەردارێ
هاتبوون زەوی خەڵکیان ئەخەسان
نەوەک ڕەز خێویان[4]وەک خێو[5] ئەخەسان
بێوەژنێ بوو، ناوی پەروەر بوو
چوار هەتیوی بوو هەتیوپەروەر بوو
کاری هاتبووە سەر کرێکاری
دەستی بەسترابوو بەگرێی کاری
مێردی ئەو ژنە ڕەزی ناشتبوو
تا هاتبووە بەر خۆیان ناشتبوو
ڕەزێکی وێران لە خوار ئاوایی
ڕەنگی گەڵای زەرد وەک خۆرئاوایی
ڕەزخەسێنێکی لای خۆی دانابوو
چوار بار دەیەکی لەسەر دانابوو
پەروەریان هێنا بەپەل ڕاکێشان
نیو هۆقە ترێی نەبوو بەکێشان
زۆردار گاڵی دا زۆری تێ هەڵڵا
بەناچار کردیە گریان و هەڵڵا

ڕای کرد خۆی خستە قسنی (خەرگەڕەش)[6]
زۆردار دەستبەجێ کەوتە ڕۆژی ڕەش
تیری پەنهانی جەرگی بڕیبوو
بۆ ئەوە دنیا لەپڕ بەری بوو
خوا وای لێ کردوون، وا ئەو نەوەیە
هێند کزوماتن نەدەنگ، نە، وەیە
جەوری ستەمکار ئاهی لەدوایە
زۆر دەوری دوایی کاری لەدوایە

....

(١)مامۆستا م. ه سەبارەت بەم شیعرە نووسیویە: لەکاتی خۆیا مامۆستا تۆفیق وەهبی نامەیەکی ناردووە بۆ پیرەمێرد لەبارەی قافیەی شیعرەوە بەتایبەتی شیعری کوردی پیرەمێردیش بەم شیعرە وەڵامی داوەتەوە. ل٢٣٣
(٣،٢)شایی یەکەم واتا زەماوەند، شایی دووەم واتا پادشایی.
(٥،٤) خێوی یەکەم واتا خاوەنی ڕەزەکە. دووەمیشیان واتا جنۆکە و لەو بابەتە شتە ئەفسانااوویانە.
(٦) خەرگەڕەش: لە (خەرقە) (بەرگ)ی ڕەشەوە هاتووە. واتا ئەو پیاوچاکەی بووە بە(شەخس) لای (گورگەدەر)ی شاربازێڕ ئەو جۆرە بەرگەی لەبەردا بووە. م. ه

***

پێکەنین

١٩٣٤

«کەوتووینە دەوری، بگرە و بەردەوە
یونسمان کەوتە، دەریای دەردەوە
گۆران کە شیعری کەوتە ناو ژیان
تۆڵەی تاڵی بوو، بە(سەیوسێ نان)
عەزیزیش ڕۆیی بۆ قەرەچەتان
بۆ (بێکەس) دەڵێین: یاالله و ڕامان!!»

***

بای خەزان[1]

١٩٤٣

بای خەزان، خونچەی خزاند و دڕکی پیر هەر مایەوە
گێژە هەرچی، خۆی ئەخاتە، گێژی ئەم دنیایەوە

دادی ئاینمان لەدەست مەی نۆشی و ڕەش پۆشییە
هەش بەسەر ئەو جەژنە، وا سەرخۆشی، یا سەرخۆشییە
قژڕنین بۆ ماتەمی جاران کە ئێستا، قژ نەما
پیرێژن، ما، مووی بڕووتێنێتەوە و بیدا بە با
زوڵف کە ڕووی داپۆشیایە بانگ و هاواریان ئەکرد
خەڵکە مانگ گیرا، لە تەپڵ و دومەڵەک دەن دەستوبرد
ئێستە زوڵف بڕڕا، سفوری مانگە، ڕووپۆشی نەما
داخە، هێلانەی دڵان شێواوە، بێ، بێنە، سەبا
بێت و، شەو، تۆ بێیتە لام، ڕۆژی چرام پێویست نییە
تۆ وەرە و بمناسە، پیشەی من چرا وەکوژێنییە!
هەرکەسە هاواری چاوی پیس ئەکا و من چاوی جوان
بەندی جەرگی وا بڕیوم نیمە یادی نیشتمان!
ئەم گڕوگاڵانە شێوەی شیعری کۆنە ئێستەکە،
هەوڵی سەربەرزی گەلت بێ، زوڵف و ڕوو گوێ لێ مەکە!

....

(١) پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٤٢ لە ڕۆژنامەکەیدا و جاری دووەم ساڵی ١٩٤٣ لە گۆڤاری گەلاوێژدا شیعرەکە لە هەردوو جارەکەدا ئەوەندە جیاوازی هەیە کە ناچار بووین هەردووکیان بنووسینەوە. ئەمەی ئێستا نووسیمانەوە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٤٣دا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها لە کتێبی (نرخ شناسی – عەلائەددین سەجادی)یشدا بڵاو کراوەتەوە. لە نیوەی دێڕی یەکەمی بەیتی سێیەمدا دوای (قژڕنین) لە گەلاوێژدا واتای (پرچ بڕین) نووسراوە کە شاعیر خۆی لە کەوانەدا دایناوە و تەفسیری (پرچ بڕینە) و ئێمە نەمان نووسیەوە هەتا کێشی شیعرەکە تێک نەدات. هەروەها واتای (بۆن) کە تەفسیری (بێنە)یە لە نیوە دێڕی دووەمی بەیتی پێنجەمدا، ئەمیشمان لەبەر هەمان هۆ نەنووسیەوە. ئنجا لە ژمارە(١١)ی گەلاوێژدا (میرزا مارف)ی شاعیر و نووسەر ڕەخنە لە کێشی شیعرەکە دەگرێت سەبارەت بەو دوو واتا زیادەیەی کە (تەفسیری)یە و ئێمە ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد. وە لە ژمارە(١٢)ی گەلاوێژدا پیرەمێرد وەڵامی ڕەخنەکەی میرزا مارف دەداتەوە و تەواوی ڕەخنە و وەڵامەکەمان لەبەشی پیرەمێرد و ڕەخنەی ئەم دیوانەدا نووسیوە و بیروڕای خۆمان لەبارەیەوە دەربڕیوە.

تازە گوڵ – بای خەزان(*)

١٩٤٢

تازە گوڵ ڕۆیی و، لەباغا دڕکی پیر هەر مایەوە
گێژە هەرچی خۆی ئەخاتە گێژی ئەم دنیایەوە
دادی ئاینمان لەدەست مەی نۆشی و ڕەش پۆشییە
هەژ بەسەر ئەو جەژنە، یا سەرخۆشی(**)، یا سەرخۆشییە(***)

عادەتی جەژنی موسوڵمانانە، یەکتر ماچ ئەکەن
جەژنی ئێستا ماتەمە، ئەو ماچ و مووچە لا ئەبەن
بێت و شەو تۆ بێیتە لام، ڕۆژە، چرام لازم نییە
بێجگە لەو تەشبیهە من پیشەم چرا وەکوژێنییە!
زوڵف کە ڕووی داپۆشیایە، داد و هاواریان ئەکرد
خەڵکە مانگ گیرا، لە تەپڵ و دمەڵەک دەن، دەستوبرد
ئێستە زوڵف بڕڕا، شەهاب گیراوە، مانگ گرتن نەما
حەیفە، هێلانەی دڵان شێواوە، بێ، بێنە، سەبا
هێند بەئازادی درۆ، ئەم عالەمەی پێ هەڵپەڕی
کەوتنە ژێر قەیدی بڕین، هەر قەیدی مووی زوڵفیان بڕی
پیری بێ پیرە و لەسەرمانا دەماغم وا سڕە
ئێستە هاڵاوێ لە پێلاو و پڵاوی خۆشترە

(*) ئەمە شێوەی دووەمی شیعرەکەی پیرەمێردە کە یەکەمجار ساڵی ١٩٤٢ بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام ئەگەر تەماشای نوسخەکەی گەلاوێژ بکەین کە ئێمە لەلاپەڕەی پێشوودا نووسیمانەوە لەوە دەچێ شاعیر شیعرەکە خۆی پوختەی کردبێ.
(**، ***) یەکەم واتا دڵدانەوە دووەم واتا مەستی.

***

به عاشق كوژى(١)

١٩٤٨

بە عاشق کوژی ناوی بەدناوە
ترسی لای خوایشی ناوە بەلاوە
خەم و بەزەیی هەرگیز نەماوە
خوڕەی فرمێسکم لای هاڕەی ئاوە
کسپەی هەناوم کزەی کەبابە
ناڵەی حەزینم، نەغمەی ڕوبابە
وا خەیاڵ ئەکا لە گوێی جۆگایە
مەزەی کەباب و ڕوبابی لایە
چاو لەچاو یەکا مەستی ئەنوێنێ
بە ئەفسوونی چاو عالەم ئەنوێنێ

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

عەشقی عەسری[1]

١٩٣٦

دوێ شەو، بەری بەیان بوو، بەیادت نەنووستبووم
بای ڕووی بەیان شنایەوە، فێنکایی دا لە ڕووم
بەو بۆنە خۆشەوە، کە لەلای تۆ، گەیاندیە من
بێخی غەم و پەژارەی هەموو هەڵکەنا لە بن
توخوا ئیتر بەبادی مەدە، ڕەنجی ئەم بولبولە
تا گوڵ بەباوە پێ نەکەنێ، ئەو لەسەر چڵە
کاتێ کە گوڵ بەشۆخی نیقابی حجابی دڕا
قانوونی عەشق ئەڵێ کە هیوای دڵ بەری بڕا
ئادابی عەسری ئێستە لە ڕووپۆشیا نەما
وەک زیکری مەولەوی[2] هەموو کەوتوونە سەما
ناچارە کچ، بەعادەتی مەنگوڕ ڕەدوو کەوێ
وەک ئەورۆپا بمێننەوە بۆ (چەشک)ە چەند شەوێ
ناڵێم ڕەدووم کەوە، وەرە، ئەمما کە هاتمە لات
هێند ناز مەکە، کە خەڵقی بڵێن، عاشقی هەڵات

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

(٢) مەبەستی زیکرو حاڵ لێ هاتنی دەروێشەکانی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمییە (مەولەوی) نەک (مەولەوی لای خۆمان).

کەوتمە ناو شێتان[1]

١٩٤١

کەوتمە ناو شێتان، کەوتمە ناو شێتان
سەر ئازاد وێنەی شێتان و وێتان
خود پەسەند نییە، بێزارم لێتان
هیچ هیوایەکم نەماوە پێتان
بەشێتی لەدەس ئێوە بووم ڕزگار
چەند خۆشە شێتی ئەستۆ بەرەڵڵا
دوور لە ناکەس و لە شەڕ و هەڵڵا

بەزبان دۆست و دوشمن لە دڵلا
بۆ یەکتر خستن لە گەردوو خوللا
نزیک بێ، نزیک بەڕەنج و ئازار
چەند خۆشە سەحرای شێتی شوێنت بێ
بەرد سەرینت بێ و لۆنگت نوێنت بێ
نەشەڕە شەق و شەڕە جوێنت بێ
نەترس و کینەت لە هاوخوێنت بێ
نەنەزان هامڕاز، نەبێگانە یار
دەمی بەیانیان گزنگی هەتاو[2]
بووە بەکڵاو بەخەیاتەی خاو
کێوان پێی بێنە فەرقی زەرکڵاو
دەربەندان پڕ بن لە شامە و شەتاو
سایەی گوڵاڵان بکەن بەهەوار
هەر شوێنێ خۆش بێ، بەڕۆژ لەوێ بێ
خۆشی نەزانێ بەشەو[3] لە کوێ بێ
زەمزەمەی زیکری عەرشی لەگوێ بێ
لە ڕەحمان نزیک لەشەیتان جوێ بێ
بۆ ڕێگای ئەولا سەڵت و سوبوکبار

(١) لای م. ه نووسراوە ساڵی(١٩٤٠). بەڵام پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەناوی (تازە دێوانە)وە لە ژمارە ٦١٤ی ساڵی ١٩٤١ی (ژین)دا بڵاوکردۆتەوە.

(٢) ئەم پێنج نیوە دێڕە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاو نەکراوەتەوە.

(٣) لای م. ه لاپەڕەی (٢٣٨)ی دیوانی پیرەمێرد لەبری وشەی (شەو) نووسراوە (ڕۆژ) کە دیارە هەڵەیە، چونکە لەنیوە دێڕی پێشوودا ڕۆژ نووسراوە.

***

بەهار هات

١٩٤١

بەهار هات و دەردێ ئەبینم لە گوڵدا
ئەویش وەها دیارە گریێ وا لە دڵدا
ئەزانێ کەوا پێنج و دوو ڕۆژە دەوری
کە باوی نەما نامێنێ، کەس، لەدەوری

که ڕازاندیەوە سەرلەنوێ دەستی یەزدان
هەموو خەڵک بەئاواتەوەن بۆ، بەیانیان
بەناڵە و نزان، بولبول داخ لەدڵ بۆی
وەک مشت و ماڵ ژەنگی دڵ نایەڵێ بۆی
بەرۆکی جوانان و دەست و سەرە جێی
بەڵێ کە خوا دای کێ دەڵێ کوڕی کێی
کەزادەی چقڵ ڕەنگ و بۆی جوانی وا بێ
ئەبی ڕەنجی شەوگاری بولبول بە با بێ
لە دوای ئا ئەم خۆشەویستییە کوتوپڕ
کە هەڵیان بچڕکان و کەوتە سەر ئاگر
لەگەڵ هەڵمی مەنجەڵ جواناو ئەڕێژێ
بەدەم قوڵپی گریانەوە وا دەبێژێ
کە بێ بایەخە، خۆشەویستی درۆزن
کە تێر بوو دەبینی فڕێی دا سەر و بن
ئەلای دولبەری دڵبەرە بایەخت بێ[1]
مەپندار[2] کەوا بۆرەپیاو دایەخی[3] بێ

---

(١) لای م. ه نووسراوە:

ئەلای دولبەری دلبەرە بایەخی بێ
مەپندار کە بۆرەپیاو دایەخی بێ

کە دیارە ئەمە هەڵەیە ڕاستیەکەیان لەسەرەوە نووسیوە.
(٢) مەپندار: وشەیەکی فارسییە و بەواتای (بە هیوا مەبە)
(٣) دایەخی بێ: بەکەڵکی بێ

***

بۆ پێکەنین

١٩٤٠

داخم ناچێ، شەڕ لەوپەڕی جیهانە، لێرە پاقلە گرانە
ئافەرین بۆ قەسابەکان، کە تەنها، گۆشتی ئەوان هەرزانە؟!

***

کەو

١٩٤٣

هاوینان کە کەو بەتینی هەتاو
گەرما ئەچێژن دەم وشک و بێ ئاو
دێن لەسەر کانی دەندووکیان تەڕکەن
ڕاوکەر لە پڕدا قڕیان تێ ئەخەن
گوایە خاوەندی ئایین و کێشن
بۆ پارە و گۆشتێ گیانی ئەکێشن
کە خۆشیان گیانیان کەوتە تەنگانە
ئەو پاڕانەوە و داد و فوغانە
خۆ هێجگار ماسی کە بە بۆمبایەک
بێ گیان ئەکەوێ پڕ بەدنیایەک
جاران کە ڕاوی ماسی بەتۆڕ بوو
بۆ ساڵێکی تر وردەیان زۆر بوو
ئێستە بەجارێ ورد و درشتیان
بە بۆمبای زاڵم ئەکوژرێ گشتیان
من بۆچ بەزەیم بەمانەدا بێت
ئێستا بنیادەم ئەمەی بەسەر دێت
هەمووی هیتلەرێک بوو بەسەبەبکار
سا یاخوا هیتلەر زوو بدەی لەدار

---

(١)ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

ئەفسووس[1]

١٩٤٣

ئەفسووس ئەو عومرەی کەوا ڕۆیوە
بۆم نایەتەوە لەدەست دەرچووە
تایێ لە زوڵفت بکەم بەکەمەند
پێی بگێڕمەوە و پێ بخەمە بەند

چی بکەم هەی هاوار پرچت بڕاوە
داخم بوو بەدوو جەرگم سووتاوە
بەڵام هێلانەی دڵ کە شێوابێ
لێ گەڕێ عومریش تەفر و توونا بێ

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

کاروان(١)

١٩٣٣

شێوەی ژیانی کوردی

جاران دە ڕۆژ بەهەچە هەچە و بارە بەرییەوە
بەگەرما و سەبوون و لێزمەی باران و تەڕییەوە
ترسی تەڕیدە، پێشکەشی سوار، شەو فڕێنی دز
دەستیاوی باری کەوتوو لە جێگای خلیسک و خز
ئەرکی گزیر و خانەگیر و مۆریانی نوێن
بۆڵەی کەیبانوو، کفری قەتارچی، پلار و جوێن
چەنگ سووتەکەی بەئاو و کەڕووی نۆردوەنانی کۆن
جووتە و لەقەی ناو تەویلە و هاڵاوی تەرس و بۆن(٢)
ئاگری تەپاڵە لۆکسی گزگل، گەڤینی سەگ
دەستەویەخەی قەتارچی لەسەر کا و شەڕە کوتەک
سیخورمەی قەتارچی بۆ هەڵسان و پەلەی
لۆقە و تریسکەی ئێستر و بازدانی جۆگەلەی
لاسەنگی بار بدەرە بەر پارسەنگی خوارییەکەی
خۆ کەوتی پێت لەخرگە چوو لەو دەشتە چی ئەکەی
ئێجگار کە ئافرەتت لەتەکا بوو بەترسەوە
هەر سوارێک دەرکەوێ ئەڵێی ئای جەردەیە ئەوە!
باج و پیتاکی زەنگەنە، گیروگرفتی جاف
هەرچیش کەهاتە ڕێ هەمەوەند بردی ساف لەساف

بەم کوێرەوەری و کولەمەرگییەوە بەچڵکەوە
سێ بەنگە وەرگەڕاو، بەسەر و ڕیشی کوڵکەوە
ئنجا دەچوویتە شارەوە، ناو ماڵی (عاصمە)
بێت و بنووسرێ، نابێتە خوێی چێشت، ئەمە کەمە
ئێستا سواری ئوتومبێل بە، بەسێ سەعات(٣)
ئەتباتە سەر شەمەندەفەر دەستوبرد کە هات
سواربە بنوو، بەیانی لە خەو هەستە زوو بەزوو
بەغدایە هات بەپیرتەوە دەیبینی ڕوو بەڕوو
جاران ئەیانوت، ئەوە (وەلی)یە، طەیی ئەرز ئەکا
ڕاستە لە لام کە فەن دووبارە ئەمە عەرز ئەکا
ئنجا کە هات بڕووسکە خرایە تەلێکەوە
هێنرایە خانووەوە لە چرای هەر پەلێکەوە
زۆرتر لە مانگەشەو دەر و ژوور ڕوون کرایەوە(٤)
تاریکی لاچوو، تێگەیینی ئێمە، مایەوە
جارێ ئەبێ بزانین، ئەمانە لە کوێوە هات
چی، چاکترە لەمانە بۆ بەرزی وڵات
لەلای من بەخوێندەوارییە، ئاھ خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەنیی نەبێ دەردی کارییە(٥)
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم
بیبینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم(٦)

....

(١) پیرەمێرد یەکەمجار ئەم شیعرەی لە ژمارە(٣٥٣)ی شوباتی ١٩٣٣ی (ژین)دا بڵاو کردۆتەوەو نووسیویە، شێوەی ژیانی کوردی.

(٢) لای م. ھ وشەی (ناو) نەنووسراوە، کە دیارە کێشەکەی لەنگ کردووە.

(٣) نیازی لەوەیە کە جاران بەئوتومبیل بەسێ سەعات لە سلێمانییەوە ئەگەیشتیتە کەرکوک و لەوێشەوە بەشەمەندەفەر ئەهاتی بۆ بەغدا ئێستە لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوک سەعاتێکە.

(٤)لای م. ھ نووسراوە ڕووناک کرایەوە کە کێشەکەی لەنگ کردووە.

(٥) لە پێش دوا بەیتی شیعرەکەدا لە نوسخەی ڕۆژنامەکەی ساڵی ١٩٣٣دا ئەم بەیتە نووسراوە.

«شایستەی سوپاسە بەسایەی عیراقەوە
بۆمان لوا کڵاو ئەسپێرین بەتاقەوە»

لای م. ھ ئەم بەیتە نەنووسراوە!!.

(٦) لای م. ھ نووسراوە: ئاخ خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم – کە دیارە ئەو نیوە بەیتە لەنگە.

***

ژیانی کورد(١)

١٩٣٢

بیستوومە کەوا ئافرەتێ لەسەر پێپیلکەی بان
گایەکی گرتە باوەش و سەرکەوت بەبێ وچان
دیارە کە ژن ئەوەندە هێزی نابێ چۆن ئەبێ
هێندەی کە گایەک هەڵگرێ، کەی هەڵمەتی ئەبێ
ئەو گایە، گوێلکێک بوو، لەپێشدا کە هەڵیەگرت
خۆی ڕۆژ بەڕۆژ بەبردن و هێنانی فێر ئەکرد
هەتا گوێلک زل بوایە، ژنە هێزی زۆر ئەبوو
ڕاهاتنە، بەکوردی، بەبونای (سپورت) ئەبوو
پێشینیانی ئێمە، بەهاران کە ئەچوونە دەشت
گەورە و بچووک بەجارێ لەوێ کۆمەڵێ ئەبەست
لایە بەکەوشەک و شەڕە تۆپ لایە وردەکان
ئاشە تەنگورە، بوخچە بەگەردانی، پشت لێدان
هێجگار کلاوفڕێنێ، کوڕی گورجی پێ دەوێ
نابێ بگیرێ، باشەش و حەوتیشی شوێن کەوێ
هەرچی کەوا لەسەر قەلەمردارێ(٢)نان ئەخوا
نابێ بێلێ تۆپەکە بەرزبێتەوە بۆ حەوا
ئەیگرنەوە خراپە، ئەوان دێنە کایەوە
چوار نانە ئەو کەسەی کە بەوەستایی مایەوە
تەنها بەبابی بابی بوو(٣) کەرسوار سوار ئەبوو
ئێستا کەرسوارییە، سوار ڕۆیی باوی بەسەر چوو
ئەو بازە و هەڵبەزین و ڕاکردنی خوار و ژوور
ناو جەرگی پاک ئەکردەوە وەک ئاوێنەی بلوور
هەر کەوشی سوور بوو، قۆندەرە چۆن کورد لەپێی ئەکا
ئەو سنگە ڕووت و ساغە لە کوێ ماوە ئێستەکە
ئەو پیاوەی بەم هیوایە کە بەم ڕەنگە هەڵدەکەوت

ناوی لە ناو قەڵەمڕەوی تورکانا سەردەکەوت
ئێستەش ئەوانەیە کە لە عێراقا دەناسرێ
دیارە ئیتر قەت بەپاشەڕۆک سەوی پڕ ناکرێ
ئیدمانی ئێستە هاتۆتە سەر بەزم و خواردنەوە
هەرچی کە زۆری خواردەوە باش پاڵەوان ئەوە
پێکێکی زیادی کرد بەسەرا ئەوسا جێبەجێ
هۆش و دەمار و پارەی بەجارێ لە کیس ئەچێ
ئەو جێگە یارییە خۆشە کە چیمەن بوو سەر بەسەر
ئێستە لە شووشە شۆسەیە گەر پیا دەکەی گوزەر
دایکی وەتەن ئەڵێ، کە ئەسیری زەمانە بم
بەکردەوەی بەد، بەئومێدی چی ئەمانە بم

---

(١) چوار بەیتی سەرەتای ئەم شیعرە لەوە دەچێ کە پەیوەندی بەتەواوی شیعرەکە نەبێت. بۆ بەڵگەش دەڵێین کە جاری دووەم پیرەمێرد خۆی ئەم شیعرەی لەژمارە (٦٨٤)ی (ژین)ی ساڵی ١٩٤٢دا بڵاو کردۆتەوە ئەو چوار بەیتەی لەتەکدا نییە و لەوێوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت:

پێشینیانی ئێمە بەهاران کە ئەچوونە دەشت.

(٣،٢) «قەلەمردارێ و بابی بابی» دوو یاری کۆنی کوردەواری بوون.

***

بۆ قافیە

١٩٣٥

مەجلیسی نواب تەئجیل کراوە
زیافەتی قەرزی شاعیر نەدراوە
شاعیر بۆ قافیە، گەردوخولییە
دیارە قەرزاریش، ڕەگی گولییە!

***

ژیانی کورد(١)

١٩٤٢

پێشینانی ئێمە بەهاران کە ئەچوونە دەشت
ورد و درشت بەجارێ لەوێ کۆمەڵی ئەبەست

لایە کەوشەک و شەڕە تۆپ لایە دەستەکان
ئاشەتەنوورە، بوخچە بەگەردانی حەیزەران
هێجگار کڵاوفڕێنێ، کوڕی گورجی پێ دەوێ
نابێ بگیرێ با گەلی ئەولاشی شوێن کەوێ
ئەوسا بەبابی بابی بوو کەرسواری بەرئەکەوت
ئێستا کە کەرسوارییە سواربووی نەما سرەوت
ئەو باز و هەڵبەزین و ڕاکردنی خوار و ژوور
ناوجەرگی پاک ئەکردەوە وەک ئاوێنەی بلوور
زۆرخانە پاڵەوانی گەلێ پێگەیاندبوو
گەلێ ئازمایی پشتی لەڕی تێک شکاندبوو
هەر پاڵەوانێ کسوەتی چەرمی ئەکردە بەر
سەنگی ئەگرت هەتا سەد و پەنجای ئەبردەسەر
دوایی شنۆ بوو سنگ و پەراسووی ئەکرد بەبەرد
هەرچی شنۆی ئەکرد لە جیهاندا ئەبوو بەمەرد
ئنجا بەمیلی شەش مەنی سەرشانی نەرم ئەکرد
دوو پاڵەوان بەئەشغلم و ناو و داو و باو
چنگیان ئەدایە یەک وەک دوو شێری توندکراو
ئیدمانی ئێستە هاتۆتە سەر بەزمی خواردنەوە
هەرچی کە زۆری خواردەوە باش پاڵەوان ئەوە
بۆ نەشئە و ئیشتیهایە ئەوندەی کە کەر نەبی
لێرە حەرامە خۆت نەخەیە شیو و تەڕ نەبی
ئەو جێگە یارییە خۆشە کەچیمەن بوو سەر بەسەر
ئێستە لە شووشە شۆسەیە گەر پیا دەکەی گوزەر

(١) وەک سەرنج دەدەین ئەو شیعرە گەلێ جیاوازە لە شیعرەکەی کە ساڵی ١٩٣٢ بڵاوی کردبووەوە.

***

١٩٣٧

«من سەربەست ئەژیم، ڕەند و قەلەندەر
سەودای مەبعوسیم، بۆچ، بکەوێتە سەر»

***

بۆ کەنتوی بارامی تیاترۆچی

١٩٣٩

ڕاوەستن پێتان بڵێم، ئەم دنیایە چلۆنە
ئێستا کچان تێر ناخۆن بەدراوی پیاوی کۆنە
ئای ئامان ئامان سووتام، خۆشە وەک نوقڵی بادام
ڕەگی ڕۆحیان دەرکێشام، لیرەکانیان دەرهێنام
جادەی تازە (طي) ئەکەن، ئیسکارپین لە پێ ئەکەن
کردوویانە بەمۆدە، بەقەست خۆیان شەل ئەکەن(١)
میراتی زۆرم بۆ ما، کچان لێمیان دەرهێنا
لەڕێی سەودای کچانا، دەرپێم لەپێدا نەما
هەموویش پێم پێ ئەکەنن، پارێز نادەن ئەفڕن(٢)
بە چڕنووک ڕووم ئەڕنن، گیرفان و ڕیش ئەبڕن
ئای ئامان ئامان سووتام، شیرین وەک نوقڵی بادام
ڕەگی ڕۆحیان دەرکێشام، لیرەکانیان دەرهێنام

(١) لای م. هـ نووسراوە «بەقسە خۆیان شل ئەکەن» کە دیارە هەڵەیە.
(٢) ئەو چوارنیوە دێڕەی دوایی شیعرەکە لای م. هـ لە لاپەڕە٢٥٩ی دیوانەکەیدا تێک چوو بوو وە ئێمە لەبەر نوسخەی (ژین)ی ژمارە ٥٨٢ی ساڵی ١٩٣٩ ڕاستمان کردەوە.

***

پۆکەر و جۆکەر

١٩٤٣

پۆکەر کە بۆ کەر لە هەموو شوێنێ
خەرج و باجی خۆی بەزۆر ئەسێنێ
وامزانی ئەمە تازە لەناوە
نەمزانی سەد ساڵ لەمەوپێش باوە
(سالم) لەمەوپێش باسی کردووە
ئەو بەگەنجەفە ناوی بردووە
سێ ئاس و دووشای داناوە بەفوول
کچیش (بی بی)یە کوڕ لۆتی بێ پوول

ئەوسایە جۆکەر دانەهاتبوو
وا دیارە پیاوی ئەوسا یەک ڕوو بوو
ئێستەکە جۆکەر لە ژوور هەموانە
دیارە دوو ڕوویی مۆدەی زەمانە
جۆکەر ناوی خۆی بەخۆیەوەیە
هەرچی بتەوێ بۆ تۆ ئەوەیە
ئەگەر وێر گولی[1] بکەوێتە ناو
ئالیک و چوار پێ یەک ئەخا تەواو
ئای پۆکەر چەندت ڕەست لەسەر بێژرا
ئای مۆنتکارلۆ[2] چەندت تیا کوژرا
هی وایشمان هەیە بەوشکە مەلە[3]
(پوت)یان دوو فلسە ئەویش هەر حەلە

....

(١)واتا ئەگەر وێرگول بکەوێتە بەینی(جۆکەر)ەوە ئەوا ئەبێ بە جۆ، کەر کەیەکەمیان ئالیکە و دووهەمیان چوارپێیە- م. ه

(٢) شاری مۆنتکارلۆ لە فەرەنسە بەناوبانگە بەیاری قوماری هەمەڕەنگ.

(٣) ئەم بەیتە لە ڕۆژنامەکەدا هەبوو، بەڵام لای م. ه نەنووسرابوو ئەوا لە شوێنی خۆیدا نووسیمانەوە.

١٩٤٧

«وا بە بسم اللە، جنۆکە ئەڕوا
ئەی، چی لێ ئەکەی، کەبەندبێ و نەڕوا؟»

***

دەردی کۆمەڵایەتی

تیاترۆی ئێرە و گشت ئینتزامی
ئێستا هاتۆتە سەر گەمەی ڕامی[1]
بڵاوبۆتەوە لەناو خاس و عام
جۆکەریان کردە ویردی سوبح و شام
گەر بێ خەبەری فەرموو بیبینە
شەوێک بچۆرە چاخانەی (مینە)[2]
ئەوسا ئەبینی لە هەموو لایەک
هەرچەند کەسێکە و چوونە پەنایەک

دەوری کاغەزیان داوە و دانیشتوون
بۆ وەسڵی جۆکەر شێت و شەیدا بوون
خەریکی یارین هۆشیان نەماوە
ملیان کووڕ بووە و پشتیان چەماوە
هەر زرم و هووڕوو هەرا هەرایە
سەیرێکی خۆشە وەک سینەمایە
بڵێ: «لَهُ الحمد» ئەم گەلی کوردە
بۆ شتی بێ فەڕ بەدەستوبردە
نیفاق و فیتنە و جاسووسی و قومار
تیایا شارەزان وەکو دانی مار
ئنجا بێینەوە سەر یاریکەران
هەر دەستەی بەجیا بۆت بکەم بەیان
تاقمێک مەئمور سدارە بەسەر
تێکەڵ بەیەک بوون، وەک چێشتی سواڵکەر
یەکێک مودیرە و یەکێک محاسب
یەکێک معلم یەکێک باش کاتب
ئەمڕۆ لەوێدا وەکو ئامووره
کۆڕیان دێتە جۆش بەچەشنی کوورە
لە هەوەڵی مانگ تا پێنج و شەشی
هەر لەسەر پارە ئەکرێت دووبەشی
بەڵام برادەر کە هەشت و نۆی دێ
گوی سەگ بە حاڵی هەر خۆی بەخۆی بێ
ئنجا قەرز ئەکا پارە لەم و لەو
لەبەر قەرزاری خۆ نانوێ بەشەو
بەم نەوعە لات بوو پارەی نەماوە
یارییەکەی دێتە سەرچایی و قاوە
بە کورتی، دائم پەست و غەمبارە
بێ قەدر و قیمەت سووک و قەرزارە
دەستەیەکی تر ئەویش تجارە
سلکی کاسبی و ئەهلی بازاڕە

به ڕۆژ هەوڵ ئەدەن بەو حاڵە پیسە
بەسەد ئۆین و سوێند و دەسیسە
دەستی خەڵک ئەبڕن شتێک ئەفرۆشن
کە شەویان لێ هات وەها بەجۆشن
لێکی بەرەوە و چاکی بزانە
ئەمە ئەحواڵی موجتەمەعمانە
من ڕێگەی یاری ناگرم بەکوللی
با بکرێت بەڵام بەموعتەدیلی
ئێمە قەومێکین وا لەژێر بارین
حەیفە ئەوەندە خەریکی یارین
جارێ با خۆمان دەرکەین لەوەحشەت
ئەوسا دەسبەنە ئەسبابی عوشرەت

....

(١) ڕامی: جۆرە یارییەکە بەکاغەزی قومار ئەکرێ.

(٢) چاخانەی مینە: نیازی لە چاخانەکەی مینەشەلە کە لە نزیک بەردەرگای سەرای سلێمانییەوە بوو.

***

زێڕ

١٩٤٥

زێڕ و زیو بەرە بەتەکاتەوە
زۆر زوو زویرت ئاشت ئەکاتەوە
زێڕ هێند پەسەندە بانگ کەیتە کەرێ
لەگەڵ وتت زەڕ ئەو بۆت ئەزەڕێ
کە زانیت دۆستت وا بەجێی هێشتی
بنێرە مشتی، بپەڕە پشتی
شەیتان بلوێری دا بوو بەشوانێ
لەگەڵ لێی ئەدا لە دیوەخانێ
هەرچی کە لێبوو، ئەکەوتە سەما
هیچ کەسێ لەسەر باری خۆی نەما
خوداوەندی لەوح لەوحێکی وای بوو
هەرچی بیدیایە تەسلیم ئەبوو زوو

ئێستا زڕەی زێڕ دەنگی بلوێرە
لەوحی بانقە نەوت هەرچی دی کوێرە
ئەمە سیحرێکە لەناو نابرێ
بەعەسای مووسایش چاری ناکرێ
هەرچەند کە پارە خوا خۆی داینەاوە
بۆ ئەو هیچ کەس خوای لەبیرنەماوە
قانوون قانوونە و تەلی پێچراوە
عەدل (هـ)ێکی لە دوو خراوە
وردە نازانێ چاری چۆن ئەکا
ماسی لە پێشدا سەلکی بۆن ئەکا
(ظیف)ی پارەدار (فیض)ی لەگەڵە
بەخشندە لەگەڵ هەموان تێکەڵە
واتەی عەزیزی دوڕ و گەوهەرە
بەڵام (کیم اوقلەر و کێم دیکلەر)ە[1]

....

(١) واتایەکی تورکییە واتا: کێ ئەیبیستێت و کێ بەقسەی ئەکا.

وەمزانی

١٩٤٢

زستانان دووپشک ئەچنە کونەوە[1]
من خزاومە کون ئەمدۆزنەوە
وەمزانی سەرما دووپشک سڕ ئەکا
کەچی سەرما ئەو گەرمتر ئەکا
هەر هەنگ نامووسی خۆی ڕادەگرێ
بە پیاویەوە دا لە داخا ئەمرێ
بەرخ و کار دەنگی بلوێریان ئەوێ
سەد بلوێر لێدەی گا بۆی نانەوێ
جاران موختاران گزیریان هەبوو
بە گزیر ناوی چاکان دەردەچوو
یاخوا گزیرمان خوا لێ نەستێنێ
ئەگەر ئەو نەبێ پیاو چاک نانوێنێ

چەند خۆش بوو جاران بەمیر و گزیر
کە ئەموستیلە ئەیکردی بەمیر
یاخو باز ئەنیشت بەسەرسەرتەوە
ئەکەوتیە شاهی بەیاوەرتەوە
ئێستا ناوێری لە کون دەرکەوی
بەبابی بابی مەگەر سەرکەوی
بابی بابیشمان لە بەهارایە
بەهاریش هێشتا شەڕ لە کارایە
هانام بەتۆیە خوای پەروەردگار
لێمان نەشێوێ سەیرانی بەهار

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بلاو نەکراوەتەوە.

***

لەخۆ بایی بوو

١٩٣٥

«جارێکی تریش، بۆمان نووسیبووی
تۆ بەخوێندن و نووسین، بایی بووی
نازانی، کارمان، بەئیلتماسە
ئەوی بێ پاسە، بەرگی پەلاسە
ئێستا کێ ئەڵێ، هونەرت بەچەن
ڕێوی قەباڵەی، پێ بوو، پێستیان کەن
دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە
با جارێکی تر، نەتبەن بەسوخرە»

***

زستانی سەخت

١٩٤٢

زستانی ئەمساڵ هێجگار سەخت و سارد و سۆڵە
پیرەژن و پیرەمێردی کرد بەگڵۆڵە

کەوتینە سووتاندنی گوێسوانە و کەمۆڵە
سەراپای جیهان ئەبریقێتەوە سەهۆڵە
چاڵە بەفرەکان هەر لە خۆوە پڕ بوونەوە
چلوورە بەسەر گوێسوانەدا شۆڕبوونەوە
ئێمە زۆرتر لەبورجی پیرەژن ئەترساین
ئەویش هات و تێپەڕی کرد ڕۆی و خەلەساین
خۆشی خۆشیمان بوو ئەمانوت کە بەهارە
ئیتر دەمی بۆس و کەناری جۆیبارە
کەچی فەلەک لەناکاو لێمان بەقینا چوو
ئاوات و خۆشی بەهارمان ئاڵۆزکا و تێکچوو
چلکە هەورێ لەو پەڕی شەرقەوە پەیدا بوو
برووسکەی دا یەئجووج و مەئجووج بەیەکدا چوو
(سەنغافورە)ی سووتان هەموو (جاوە)ی هەڵقرچان
بەڵام زۆری پێ نەچوو، زرمەیان لێ هەڵسان
هەوریان پارچە پارچە کرد و ترسیان لەناوبرد
هەموو یەئجووج و مەئجووجیان تەفروتوونا کرد
ئێمەش لە شوێن خۆمان وەکو بەرزەکی بانان
ڕزگارمان بوو وەک نەبامان دیبێ نەباران

***

باڵۆرە(١)

١٩٤٢

ڕەجمی شەیتانی حەجی موسوڵمان
قەومی یەهود و کوشتنی هامان
حەدیسە ئەڵێن دوو ئەبێ بە سێ
هیتلەر سێیەمە چۆن ئەخەلەسێ
هیتلەر نەک تەنها یەهود بەتەنێ
دەست هەرچی کەوێ پێستی ئەکەنێ
خۆزگە شەیتان و هامان و هیتلەر
چاومان لێ ئەبوو کە ئەکەونە شەڕ

بانگمان کردایە بەهەلەل هەلەل
قورقوڕاگەی یەک هەڵێنن سەگ گەل
شەیتان زۆرکەسی لەڕێ وەرگێڕا
هیچیان وەک هیتلەر شەڕی نەگێڕا
یەکێ لەو پەڕی دنیا بەدکارە
لەم پەڕی دنیا بەجنێو بارە
هەندێ گوناهی ئەبێ بەزرێ
پەیکانی تیری دوعا نایبڕێ
عاقڵ لەکاری خوادا نەزانە
(لایسئل عما یفعل) قورئانە
بەمێشوولەیەک نەمروود ئەکوژێ
خوێنی دنیایەک بەهیتلەر ئەڕژێ
هەندێکیش بۆیە بەرز ئەبنەوە
کە کەوتنە خوارێ دەم نەکەنەوە
نانی دەلیلی حەجاج ئەبڕێ
پێشڕەوی حوشتر بەکەر ئەبڕێ

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاونەبۆتەوە.

***

بەهاری(١)

١٩٤١

وا بەهار هات لەلاوە
تاوس چەتری هەڵداوە
نێرگس ڕووناکی چاوە
ڕێحانە زوڵفی خاوە
شاخ مێزەری بەفری بەست
خوتبەی سەربەرزی هەڵبەست
ڕیزی بەدەستەگوڵ بەست
بولبول بانگی هەڵداوە
سەیرانکەر کەوتنە جەولان

بەبەرگی ڕەنگی گوڵان
زەرد و سوور ئاڵ و واڵان
دەستە گوڵی بەستراوە
گۆرانی سەیرانکەران
دەنگی بولبول لە داران
خرنگەی پۆیلە داران
بە ئاهەنگ تێکەڵاوە
هەورە ترشیقە و باران
کوتوپڕ هەڵبورونگان
هەم پێکەنین هەم گریان
هەر بۆ بەهار لواوە
بەهەشتی جاویدانی
گەر نەتدیوە و نایزانی
بەهەشتی سلێمانی
بنوارە لە پێش چاوە
ئەو ئەرخەوانە جوانە
کە بەگردی سەیوانە
سەیری کە ئەو کچانە
وەک قومری دەوریان داوە
گردی یارە دیارە
جێ تەجەلی دڵدارە
خۆڵی ئەو نوور و ئاوە
کلی کە نووری چاوە
ئەو کارێزی شەریفە
کە مەڵبەندی زەریفە
ئاوی ڕوون و لەتیفە
چۆپی کێژان پێی داوە
بۆ ئەم خاکە وەک دڵسۆز
ئاگرم تێ بەربوو بەسۆز

نـاوم نـا ئـاگـــــــری نـەورۆز
لـەدڵـمـــــــا داپـۆشـــــــراوە

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

تێبینی: پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ژمارە (٦٢٢)ی ڕۆژنامەکەیدا لە مارتی ساڵی ١٩٤١دا بەناوی (عزەت محی‌الدین)ەوە بڵاو کردۆتەوە. یەکەمین کەس کە بۆی ساخ کردووینەوە کە ئەم شیعرە شیعری پیرەمێردە و هیچ کەسێکیش یاخود شاعیرێک هەرگیز بەناوی (عزەت محی‌الدین)ەوە بوونی نەبووە، مامۆستا (نەجمەددین مەلا)یە. ئەویش لە ژمارەی دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکەی (ژین)دا واتا لە ژمارە٦٢٣دا نەجمەددین مەلا بۆ خوێنەرانی ئاشکرا دەکات کە عزەت محی‌الدین (پیرەمێردە) و کەسی تر نییە. هەر لەهەمان ژمارەدا و دوابەدوای نووسینەکەی نەجمەددین مەلا کە بەئیمزای (بێ کار)ەوە نووسیویە، پیرەمێرد وەڵامی دەداتەوە و ئاشکرای دەکات کە ئەو (بێ کار)ە (نەجمەددین مەلا)یە ئەمەش دەقی هەردوو نووسینەکەیە:

بێ کاری

ژین ژمارە ٦٢٣ ساڵی ١٩٤١

ئـاخ، لـەدەس بێ کـــــاری، تـووشی دەردێـکی کـــــــردووم
کـە بەهەمـوو بیـرمـەوە تێبـینی لە ژیانم ئەکـەم، تێی ناگـەم!!

نازانم خەوە، یا مەستیە؟! نازانم بیرە یا ڕاستە؟! نازانم هەر لەبەر خۆمەوە ئەبزڕکێنم، وەنەوز ئەدەم، چاکیشە شێت نابم؟!، (ماومە، هێشتا پاقلە، مەلا خۆر نەبووە). ها، ها، ها. خۆ ئەگەر بێت و گوێتان لە دەم و دوانم بێ، هەر شێت ئەبن؟! ئەوە بۆ نایەن گوێ لەم چەند وتەیەم بگرن، ئەڵێم، ئەی باوکی (ژین) و (ژیان)، زیندووکەرەوەی زمانی کوردستان، پیرەمێرد گیان، سوپاستان نایەنمە پایان، وە هیوای مانتان ئەخوازم لەیەزدان. لە ڕۆژنامـەی ٦٢٢دا هۆنراوەیەکی بەهاریی زۆر جوان و نایابم دی، کە لەوانەیە هەر لەتۆ بوەشێتەوە، کەچی بەناوی یەکێکی تر نووسرابوو؟!. بەڵێ ڕاستە، بەهەڵە نەچووم، کە چوومە بنج و بناوانی ئەم ئیشەوە زانیم، خۆتی!، لەمە زۆر دڵگران بووم، چونکە ئاساری تۆمان لەوانەی یەکێکی تر بۆ جیا ناکرێتەوە (بێسارانی، وەلی دێوانە و، دەباشانی) و کێ و کێ!!. خۆت ئاگاداری لە سلێمانی، لە کونجێکی تەنیایی دا، سەرنووسەرێکی نرخداری ژیری کورد کە بە(نەجمەددین) ناوبانگدارە و لەلای من بە(نجم الأدب) ئەزانرێ، ژیانی خۆی کردۆتە تەرخان (وقف)ی ئەدەبی کورد، بەتایبەتی کۆمەڵە هۆنراوەیێ ڕێک بخەی بەناوی یەکێکی واوە بینووسی، ئەی (نجم الأدب) بەناوی کێوە بینووسێ؟!. خۆ (م. هۆشەنگ)[١]یش ئەیەوێ کە مێژووی ئەدەبی هەموو

کوردستان بنووسێتەوە، ئایا ئەگەر هۆنراوەیەکی جوانی وای دی ئەو چی بکا؟!
ئەو ئیشە ئەبێتە هۆی پەل و پۆ وشک کردنی ئەدەبی کوردی ساوای تازە سەرپێ کەوتوو. وەکو ئەو نەورۆزنامەیەی کە لە دوو سێ ژینی لەمەوپێشدا دیمان کە بەبێ ناو نووسرابوو، ئایا بەکێی دابنێین؟! کێ وەکو من خوا گرتوویەتی وەک؟[٢] پێ سووتاو سەر ئەکەم بەهەموو کونێکا و لە پاش هەزار چەرمەسەری زانیم کە موهەندیسی ئیشغالی سلێمانی (حکمت ئەفەندی) وتوویە؟!.
بەڵام ئاخ لە دەست چەند کەسێک کە ئەو (واجبات و شروط)انە پێویستە لە هونەرابێ لەوانا نییە؟! و لە خۆیانەوە دەستیان داوەتە هۆنراو وتن، ئەگەر ڕۆژگار یاریدەمان بدا دەست ئەکەینە (تحلیل) کردنی شەخسیی ئەو جۆرە کەسانە و ئەیانهێنینە بەرچاوی خوێندەواران وا ئەزانم ئەم نووسینەی کە نووسیم بەدەمم زیادە، بەڵام وتەکە هاتە سەر هەق، کردنی، چاکە و دیارە تۆش ئەگەر بزانی لێم ناگری، هەرچەند کە ناشمزانی، هەر لێم ناگری، چونکە لەناو کوردایەتیدا باوە ئەڵێن (شێخ و مشایخ) دوور و نزیکیان بۆ نییە، هەروەها ناسیاو و نەناسیاویان بۆ نییە؟!. تۆش (شێخ و مشایخی).
بەخوا، زۆرم وتە ماوە، بەڵام بۆ جارێکی تر، ئیتر هیوام لێبووردنە، هیوام نووسینی ئەم نووسراوەیە، هیوام بەجێهێنانی نووسراوەکانمە، هیوام...»

بەئیمزای (بێکار)

وەڵامی پیرەمێرد: کۆنەپیاوەکان، کاتی تیروکەوان وتوویانە: تیر ئەهاون و کەوان ئەشارنەوە؟ تۆیش تیر ئەهاوی، کەوان ئەشاریتەوە؟! ناوی خۆت گۆڕیوە!!، خەڵک شیعر ئەدزن من خۆم دزیوە[٣]، تۆ ئەو کوڕەی کە بەشوێن (زەرگەتەیی)دا چووبوویتە کۆنە کەلاوەکەی زەرگەتە!!، تۆ (نەجمەددین مەلا)ی لەمەڕ من و وێڵی ئەدەب و ئەدەبیاتی کوردی!، منیش زیندوویان ئەکەمەوە، لە چاپیان ئەدەم، لەسایەی خوا و خاکەکەوە، ئەم خاکە ڕووناکە ئەمەندەی شاعیر تیا بووە، هێندەی (کلمات ربی)، ئەگەر دەریاش ببێ بەمەرەکەب بەنووسینی ناگا!.

ئیمزا (پیرەمێرد)

....

(١) م. هۆشەنگ: واتا (محەمەد مستەفا حەمەبۆر)ی نووسەر و ئەدیب.
(٢) لەواتای کوردیدا دەگوترێ «وەک سەگی پێ سووتاو» گەڕۆکە.
(٣) واتا شیعرەکە هی خۆمە و کاتێ بەناوی یەکێکی ترەوە بڵاوم کردۆتەوە واتا لەخۆمم دزیوە.

***

١٩٣٤

«نەوتی کـەرکـوکـمـان بەبۆڕی ئاسن
وا گـەیشـتـە حـەیفـا خـودا بناسن!

ئاخ بۆ ئەم خاکە[١]

١٩٤١

ئاخ بۆ ئەم خاکە، داخ بۆ ئەم خاکە
هیچ کەس نازانێ، ئەمەندە چاکە
تا هەڵیکۆڵی ئاوی لێ دەردێ
تا ئاوی دیدەی گوڵە، هەر هەردێ
بەهەشتی پەنهان، سلێمانییە
ئەو دوو جۆگە و ئەم، هەزار کانییە
بڕوانن هەرچی هەستا شاعیرە
لە زەوقا هەمووی وەک یەک ماهیرە
درێغا کوشتەی هەر، نائاشتییە
سەرپەرشتییەکەی سەرپەرشتییە
سەیر کە ئەمجارە بەشیعری ئاودار
(ژین) وەک نیشتمان بووە بەگوڵزار

....

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م. ه دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

دەردی گران

دەردی گرانە، تووشی نەوەی نەخوێندەوار ئەبێ[١]
مێردەزمەیەکە، سواری کوڕانی بەکار ئەبێ
بەرزی خەیاڵە کە هەڵیئەبڕێت بۆ کەمەندی بەند
زهنی تەڕ و جوانە کە بەشیعر ئیختیار ئەبێ
سواری (سمندەر)سم لەهەوا دایە لەمەعنیا
نازانێ کە کەوتە خوارەوە، غەمخوارە خوار ئەبێ
ئاهەنگی وەزن و قافیەیە بەشەو لە کەللەیا
تاری درۆیە بە(أحسن أكذب) ئەشعار ئەبێ
دەعیەی دەماغی، نایەڵێ کاسبیەک بکا بۆ خۆی
بەشەو خۆی پیادەیە کەچی خەوی لێ سوار ئەبێ
دێتە ئەمەی کە بنووسێ، لە پڕ شیعری دێ بەتاو
نەینووسێ، بیری نامێنێ، ڕەنجی بەخەسار ئەبێ

تاریکە ژوور، چرای نییە، بۆی دێتە دەر بۆ حەوشە
گەر مانگیش نەمابێت، ئەستێرەی شەوقی دیار ئەبێ
بەو ڕەنگە، وا گریمان قەسیدەکە، تەواو کرا
کەس نابێ کە بۆی بخوێنێتەوە، بێ قەرار ئەبێ
جارێکیان لە ئەستەموڵ، لە شەوا، تازە شاعیرێک
شیعرێک ئەڵێت، لەخۆشی ئەو شیعرە گەشکەدار ئەبێ
چی بکات؟ ئەچێتە بەردەرگا و بەگچیەک[٢] تێئەپەڕێ
بانگی ئەکات بۆ خوێندنەوەی، ئەوسا شیعری سوار ئەبێ
بەم ڕەنگە فێری شاعیری بوون و سەهلە دوای ئەمە
سەد قۆرتی وا هەیە، کە گوزەران ژاری مار ئەبێ
چاوی ڕوا، بەشکو، نانێ لە (دوونان)[٣] دەستکەوێ
گەر ڕۆحی بوایە، مەدحی درۆ، شەرمەزار ئەبێ
کەوتووینە دەورەیەکەوە، کە بەهەزار بەزم و نەزم
باوەڕ مەکە، کەرەمکەر، کە بەدەست ئیختیار ئەبێ
هەجوویش ئەکەی، پەلێکە ئەیهاویە ناو جۆگەلە
داوێنی هەجووەکەشت بەپڕیشک لەکەدار ئەبێ
من ئەم قسانەم بۆ ئەدەبی میللەتەکەم ئەکەم
کە ئاوێنەیەکە، زۆر کەسی وای تیا دیار ئەبێ
شیعرم هەیە کە بانگە لەناو کوولەکەی تەڕا[٤]
بووکم هەیە وەکو مانگە بەڵام جێی حەسار ئەبێ[٥]
زۆری نەماوە، کوڕگەلی کورد، بێنە ناو کایەوە
ئەوسایە شەخسی، شەخسی[٦]، خۆی بەخۆی سەنگەسار ئەبێ
ئەنجا ڕەواجی شیعر و ئەدەب، وەختی دێتە برەو
ئەو سنعەتە نەفیسە، هەر هەمیشە بەهار ئەبێ
نەزمی جەلیلە، کە موعجزەی «خاتم النبي»یە
شیعریش بەشێکە لە حیکمەت، وەک دین پایەدار ئەبێ
هاتم بەقافیە و بەقسەی قۆڕ و لەنگ و درێژ
نووسیم، نەوەک بڵێن کە تەڵاکەی کەم عەیار ئەبێ

خۆزگە ئەوانەی کە بەفەساڵ و بەفیشاڵ ئەدوون
لەو تیرەیە دەبوون، کە تیروکەوانیان دیار ئەبێ

---

(١) من لەلای خۆمەوە، سەرەتای ئەم شیعرە، یاخود هەتا چوار پێنج بەیتی یەکەمی، بەشیعری پیرەمێرد نازانم و لەوە دەچێ لەفارسی یاخود تورکییەوە وەری گرتبێ.
(٢) بەگچی: ئێشکچی شەو. حەسحەس.
(٣) دوونان: پیرەمێرد لێرەدا جناسی بەکارهێناوە، نیازی لە دوو نانە و نیازیشی لە مرۆڤی بەد و پیسە (کۆمەڵی دوون). پیرەمێرد نیازی لەو شاعیرانەیە کە مەدحی هەندێ مرۆڤی بەد و پیس ئەکەن، هەر تەنها بەنیازی ئەوەی کە نانێکیان (یاوەکو ئەو ئەڵێ دوونان)یان لێ دەسکەوێ بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەو کەسە شایانی ئەو پیاهەڵدانەیە یا نا ؟! م. ه.
(٤) لەسەرەتای ڕوودانی ئیسلامدا موسوڵمانە تازەکان لە ترسی قورەیشیەکان لەناو کوولەکەدا بانگیان ئەدا بۆ ئەوەی دەنگی بانگەکە دوور نەڕوات و قورەیشیەکان گوێیان لێ نەبێت. پیرەمێرد ئەڵێ: شیعرەکانی منیش وەک ئەو بانگە وایە، ڕاستە، بەڵام لەتاو بەدکاران ناوێرم بەدەنگی بەرز بیخوێنمەوە. م. ه
(٥) جێی حەسار ئەبێ: واتە (حەسار) کە دیوارە ئەیشارێتەوە. م. ه
(٦) شەخسی: واتە (خود پەسەندی). م. ه

***

وردە زیو

١٩٤٠

ناز نازی نازی، چاوی شابازی
گەردنی قازی، بەگەردنی قازی
دان بەلێوبایی، شەکری ناوچایی
ماچی گیان بایی، گوڵی هەرجایی
کوڵمی گوڵ مینا ، گەردنی مینا
لەسەر زەمینا ، لە یەکەمینا
گڕ لە سینەما ، بوو بەسینەما
جەرگ و دڵ نەما ، باسی سی نەما(١)
سنگی زیوی قاڵ، بەهێ و چاوی کاڵ
من کە نیمە ماڵ، بۆم نابێ بەماڵ
شەو بەخەو هی من، بەخەو هەر هێمن
بێ خێو ماوم من، خەو بوو بەدوژمن

دڵم پیر نابێ، تیفلە و ژیر نابێ
بۆم ئەسیر نابێ بە بەند گیرنابێ
ماڵئاوا خەیاڵ، چاو لێک نێم دەرحاڵ
شیرین خەت و خاڵ، حازرە لە ماڵ

---

(١) لای م. ه نووسراوە «جەرگ و سی نەما ، باسی سی نەما» . کە دیارە هەڵەیە.

***

قافیەش گران بوو

١٩٤٢

سەیرانکەران بەهاران
کە دەچنە بەر بناران
بەچۆپی پۆپلەداران
عومر دەگێڕنە دواوە
تیپی کچان لەو دەشتە
وێنەی حۆری بەهەشتە
پێی پیاو ئەبەن لەخشتە
سەر لە ڕێبوار شێواوە
ئەو ئەرخەوانە جوانە
کە لە گردی سەیوانە
بەڕیزە ئەو کچانە
وەک قومری دەوریان داوە
ئەو کارێزەی لەو سەرە
کەجێ ڕاوگەی دولبەرە
ئەو ئاوەی وەک کەوسەرە
چۆپی کیژان پێی داوە
بۆ ئەم خاکە وەک دڵسۆز(١)
گرم تێ بەربوە بەسۆز
ناوم نا ئاگری نەورۆز
ئەم ئیرسە بۆ من ماوە